


کتێبی کوڵان

خێڵ و تایەفەکانی

# عەشایەری کوردی ئێران

نووسینی: سەید عەلی میر نیا
وەرگێڕانی: شەوکەت شێخ یەزدین

## خێڵ و تایەفەکانی

# عەشایەری کوردی ئێران

نووسینی: سەیدعەلی میر نیا
وەرگێڕانی «لە فارسییەوە»: شەوکەت شێخ یەزدین

هەواڵنامەی کتێب

**ناوی کتێب:** خێڵ و تایەفەکانی عەشایەری کوردی ئێران

**نووسین:** سەید عەلی میر نیبیا

**وەرگێڕان:** شەوکەت شێخ یەزدین

**بڵاوکردنەوە:** حەفتەنامەی گوڵان، هاوینەهەواری پیرمام، ١٩٩٥

**پیت لێدان:** سۆران عوسمان

**دەرهێنانی هونەری:** شکار عەفان نەقشبەندی

# پێشەکی

چەندین ساڵە بۆ ناسینی خێڵ و تایەفەکانی کورد و تورک و تورکمانی ئێران خەریکی لێکۆڵینەوەم. کۆکردنەوەی زانیاریی راست و تەواو کە گشت خێڵ و تایەفەکانی کورد بگرێتەوە، کارێکی وا ئاسان نییە، چونکە ئەمڕۆکە کورد بە سەر سێ دەستەدا دابەش دەکرێت:

(١) خێڵ و تایەفەی کۆچەر و رەوەند
(٢) خێڵ و تایەفەی نیوچە رەوەند
(٣) خێڵ و تایەفەی دامەزراو و نیشتەجێ

زۆربەی کۆچەران بڵاوەیان لێ کردووە و لەگەڵ خەڵکی شار و گوندەکاندا تێکەڵاو بوونە، لە ناویاندا تووانەتەوە و سەبارەت بە کارتێکردنی بارودۆخی کۆمەڵگەوە، شێوازی خێڵ و تایەفایەتییان لە دەست داوە و تەنانەت منداڵەکانیان نازانن سەر بە کام خێڵ و تایەفەن، هەروا زنجیرەیەکی تەواو و جێی متمانە لەبارەی ناو و شوێنی دابەشبوونی جوگرافیاییی ئەو خێڵ و تایەفانە لە بەر دەستدا نییە و زۆرجار جیاکردنەوەی خێڵ و تیرە لە یەکتر ناتوانرێ دیاری بکرێ، یەکێک خێڵ بە تایەفە وئەوی تریان تایەفە بە خێڵ ناو دەبات، پێداچوونەوەیەک بە زانیاری و هەژماری رێکخراوە ئابووری و سەرژمێرییەکاندا ئەم کێشەیەمان بۆ چارەسەر ناکات. سەرەڕای ئەمەیش بوونی هەندێک سەرچاوەی ژێرخانی، لەبارەی خێڵ و تایەفەکانی ئێران، تەنیا وەک سەرچاوەیەکی ڕێگە خۆشکەرە کە دەتوانێت تا رادەیەک لێتوژەوە بەرەو راستی رێنوێنی بکات.نووسەر ئەم زانیارییانەی لەبارەی خێڵ و تایەفەکانی کوردی ئێران کۆی کردوونەتەوە، لە کتێبێکدا بەناوی «خێڵ و تایەفەکانی عەشایەری کوردی ئێران» پێشکێشی لێتوژەوە و دۆستانی کوردناسیی دەکات. هەرچەندە ئەم کتێبە هەموو خواست ناهێنێتە دی و لە کەموکورتی بێبەش نییە، بەڵام وێڕای ئەمەش دڵنیام کەوا کۆمەڵێک زانیاریی وای تیادا تۆمار کراون، تا ئێستە لە هیچ بڵاوکراوەیەکدا وا چڕوپڕ ناکەونە بەرچاوان.

هیوادارم ماندووبوونی چەند ساڵەم لە تەرخانکردنی کاتی خۆم بۆ لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری، جێی ڕەزامەندیی هەموو لایەک بێت و لە لایەن لێکۆڵەوانی خۆشەویست و خوێنەرانی بەڕێزەوە سوودی لێ وەربگیرێت.

**سەید عەلی میر نیـــــا**
**مەشهەد**

# وشەیەک لە وەرگێڕەوە

بێگومان نووسەر کاتێکی زۆری بۆ ئەم بابەتە نوێ و گرینگە تەرخان کردووە ، ئەمەیش جێگەی ڕێزلێنانە، بەڵام هێشتایش کارەکە کەموکوڕیی تێدایە. ئێمەئەم بەرهەمەمان بەبێ دەستکاری، هەروەها بە دەستپاکی و ڕاسپێرییەوە کرد بە کوردی، بێ ئەوەی لە کەموکوڕییەکانی بدوێین یا سەرنجێکیان لەبارەوە بنووسین، ئەمە پتر کاری لێتوێژەوە و پسپۆڕانی تایبەت بەم بوارانەیە، جگە لەوەی کە ئەم کارە خۆتەرخانکردن و بەدوادا گەڕانیشی دەوێ.

بەلای ئێمەوە ئەم بابەتە چەند لایەنێکی زۆر گرینگ دەگرێتە خۆ، بۆمان دەردەکەوێت داگیرکەران لە مێژوودا بە چ شێوەیەک لەگەڵ گەلی کورددا هەڵسوکەوتیان کردووە، لەلایەک هەوڵی تواندنەوەیان داوە و لەلایەکی تریشەوە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی و پاراستنی سنوور بەکاریان هێناون، ئەگەر تۆزێک وردبینەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بۆچی تا ئێستاکەیش بە ملیۆنان کورد لە ناوچە سنوورییەکان و دوور لە خاکی کوردستان ژیان بەسەر دەبەن.

ئەم نووسینە یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی زۆر لە قارەمانە ون و پیاوە ناودار و ئەو کارانەیان کە لە مێژوودا بە ناوی نەتەوانی ترەوە لە قەڵەم دراون بدۆزینەوە، گرینگتر لەمەیش هەندێک زانیاریمان لە بارەی ئەو بەشە بەزۆر کۆچ پێکراوەی گەلی خۆمان بکەوێتەوە بەردەست بۆ ئەوەی بە مێژووی گەلەوەی ببەستینەوە و هەندێک لایەنی شاردراوەی مێژووی خۆمانی پێ بەدەر بخەین.

**شەوکەت شێخ یەزدین**

# وشەیەک لە گوڵانەوە

ئەم کتێبە یەکێک بوو لەو چوار کتێبەی لە هەولێر لە رۆژی ٣١ی کانوون (١) ١٩٩٤دا لەلایەنی یەکێتییەوە بە تالآن بردران. نیاز بوو، لەگەڵ سەرەتای ساڵی نوێدا چاپ ببێ و بکەوێتە بەردەست، بەڵام وەک ئاشکرایە بە هۆی ئەو کودەتا بێ واتایەی کە یەکێتی بەسەر ئەزموونەکەی گەلی کورددا کردی ئیتر ئەم کتێبەش وەک هەموو شتێکی تری باش لە کوردستاندا ئەوەی بەسەر هات کە بەسەری هات.

سەرەتا، بێ هیوا بووین لە دۆزینەوەی هیچ شوێنەوارێکی، پاشان باش بوو لەسەر یەکێک لە دیسکەکانی کۆمپیووتەردا رەشنووسێکی نیوەی یەکەمی لێ دۆزرایەوە و، بە هەزار ناری عەلی جارێکی تر هەر چۆنێک بێ ئەم چاپەی لێ ئامادە کرایەوە. بۆیە لە بەشێک لە کەموکورتییەکانی ئەم کتێبەدا ئێمە «لە حەفتەنامەی گوڵان» بەرپرسیارین، پێشەکیش داوای بووردن لە هەموو لایەک دەکەین.

**چەند تێبینییەکی بچکۆلە:**

«١» ئەمە تەنیا بەشێکی کتێبە ئەسڵییەکەیە، بەشەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری نەکەوتوونەتە ناو ئەم کتێبەوە، بۆیە دەکرێ ئەم بە بەشی یەکەم بژمێدرێت ئەگەر بێتو بەشەکەی تریش بکرێتەوە بە کوردی.

«٢» لەگەڵێک شوێنی ئەم کتێبەدا ساڵە ئێرانییەکە «واتە ساڵی هەتاوی» وەک خۆی ماوەتەوە و نەکراوە بەساڵی زایینی. بۆئەوەی خوێنەری بەڕێز لە تەنگانەدا نەمێنێ، ئێستە ساڵی ١٩٩٥ی زایینی بەرامبەر ١٣٧٤ی هەتاوییە. لەگەڵ ئەو تێبینییەی کە ساڵی هەتاوی لە ٢١ی ئادار «واتە وەک ساڵی کوردی» نوێ دەبێتەوە .

«٣» وێنەکانی ناو ئەم کتێبە کوردییە لە کتێبێکی تری وێنەدار بەناوی «کوردانی ئێران» وەرگیراوە. وێنەکانی کتێبی ناوبراو لەگرتنی نەسروڵڵا کەسرائیانە و کتێبەکەش ساڵی ١٩٩٣ لە تاران بەزمانی فارسی بڵاو بووەتەوە.

**حەفتەنامەی گوڵان، سەلاحەدین، ٩ ئاب ١٩٩٥**

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی یەکەم

# کورد، کوردستان، ئاخاوتن

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی یەکەم

# کورد، کوردستان، ئاخاوتن

کورد گەورەترین و کۆنترین خێڵە هەرە مەزنەکانی ئارياییی سەر زەوینی ئێرانە. سنووری کورد لە چوارچێوەیەکدایە لە باکوورەوە بە ئەرمینیاوە و لە ڕۆژهەڵاتەوە بە ئازەربایجان و عێراقی عەجەم و خوزستانەوە بەستراوە، کە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس کەوتوونەتە ئەم بەشەوە، عێراق دەکەوێتە باشووری و فورات دەکەوێتە رۆژئاوای سنووری کورد، هەروەها کورد لە ناوچەکانی ئاسیای بچووک و ئێران و تورکیا و عێراقیشدا دادەنیشن (١). وشەی کوردستان بۆ یەکەمین جار لە سەردەمی سەلجووقییەکاندا، لەکاتی فەرمانڕەواییی سولتان سنجەر (٥١١ ـ ٥٢٢ کۆچی) لە دەفتەرەکانی دیواندا تۆمارکراوە. یەکەمین کتێب کەباسی ئەم وڵاتە دەکات نوزهەتولقلووبی حەمەدوڵڵای مستۆفییە کە لە ساڵی ٧٤٠ کۆچیدا نووسراوە. ناوبراو کوردستان و هەر شازدە ویلایەتەکەی بەم شێوەی خوارەوە ناودەبات کە سنوورەکەی بە ویلایەتی عێراقی عەرەب و خوزستان و عێراقی عەجەم و ئازەربایجان و دیاربەکرەوە بەستراوەتەوە:

«ئالانی، ئەلیشەر، بەهار، خەفتیان، دەربەندی تاج خاتوون، دەربەندی زەنگی، زەبیل، دینەوەر، سولتان ئابادی چەمچەماڵ، شارەزوور، کرمانشا ( قرمیسین) ، کەرەند و خۆشان، کیگۆر، ماهیدەشت، هەرسین و سەتام».

سەبارەت بەناوی شارەزوور حەمەدوڵڵا مستۆفی دەنووسێ:

«بۆیە ناوی ئەم شارە بە شاری زۆر ناو براوە، چونکە هەر کەس کە زۆری زیاتری هەبووایە حوکمی شارەکەی دەگرتە دەست و هەمیشەیش کورد فەرمانڕەوای ئەم شارە بووە».

ئەلیشتەر ئێستاکە بەشێکە لە پێشکۆی لوڕستان و لەسەدەی چوارەمی کۆچیدا بەدەست میرە کوردەکانی حەسەناوایییەوە بووە (٢). کتێبی عالەم ئارای عەبباسی، سەرۆک خێڵ و تایەفەکانی کورد «ئەلواریش هەر کوردن» کە لە سەردەمی شا عەبباسی یەکەمدا پلەی ویلایەت و خانی و سولتانییان پێ دراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری دەکات:

(١) خانی ئەحمەد خانی ئەردەڵان «خێڵی ئەردەڵان» کوڕی هەڵۆخان، بە گلەربەگی شارەزوور

(٢) سەلمانخان سوباشی دونبلی «خێڵی دونبلی» ، حاکمی چورس و سەلماس

(٣) ئیمامقولی سولتان سیامەنسووری «خێڵی سیامەنسوور» ، حاکمی ئەسفەراینی خۆراسان

(٤) رەزا قولی سولتان سیامەنسوور، حاکمی قەڵای بەست زەمین راور

(٥) عاشوور خان چگنی «خێڵی چگنی» ، فەرمانڕەوای مەرو و شاجان

(٦) بەیرەم عەلی سولتان سۆفی «لە عەشایەری کورد» حاکمی دیلمان و گەیلان

(٧) عەلی موراد خان کوڕی گەنج عەلی زیک (یەکێک لە حەوت بنەماڵەی بەناوبانگی سەردەمی ئەشکانییان و ساسانیان بووە) ، بەگلەربەگی قەندەهار

(٨) مەقسوود سولتان دونبلی «خێڵی دونبلی» فەرمانڕەوای کوشات

(٩) شوجاعەدین سولتان سوورلە ، لە میرانی شێروان

(١٠) نەفەس سولتان گرووس «خێڵی گەرووس» فەرمانڕەوای قەڵای لەکی بەغدا

(١١) گدای سولتان کولانی «خێڵی کولانی» فەرمانڕەوای زنجان

(١٢) قەلەندەر سولتان کلەگێر ، لە میرەکانی ئازەربایجان

(١٣) مستەفا سولتان جستانی ، ناسراو بە ئەبداڵ عەلی ، فەرمانڕەوای جستانی بەغدا

خێڵە مەزنەکانی کورد لە ئێران برێتین لە: عەیاری، شوانکارەی گاوانی، ئەتا بەگی، ئەردەلان، بابان، سۆران، بزریکانی یا (حەسەنئاوایی) (حەسەنلوو) ، چەمووش گەزەگ و ئەیووبییەکانی دیاربەکری عیراق.

شا ئیسماعیلی یەکەم لە لەشکرکێشییەکەی بۆ سەر کوردستان بە نیازی سەرکوتی یاخییەکانی کوردستان و خۆ بە دەستەوەدانیان، سەرۆکایەتیی تایەفەی چەموش گەزەگی بە حاجی رۆستەم بەگ سپارد، ناوبراو یەکێک لە میرەکانی ئەم خێڵە بوو لە دەرباری پاتشادا .

نووسەری شەرەفنامە دەنووسێت: شا تەهماسبی یەکەم بەم شێوەی خوارەوە میرنشینی بە خێڵەکانی: (١) سیامەنسوور (٢) چگنی (٣) زەنگنە ، لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران داوە.

(١) سیامەنسوور، لە: زنجان، سولتانییە ، ئەبهەر، زەڕین کەمەری، ئیجای خۆراسان، ئەسفەراین، بەست.

(٢) چگنی ، لە: خۆراسان، قۆچان، سەرویلایەت، نیشاپوور، مەرۆ و.. هتد.

(٣) زەنگنە، لە: زاوە ، خەوافی خۆراسان [٤]



هەواڵنامەی کتێب

# زمانی کوردی

زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە ڕەسەنەکان و مەزنترین زمانی ئێرانییە، بە بڕوایەکی زۆر پاشماوەی میدیایە یا لە بنچینە زمانەکانی هیندۆ ئێرانییە. زمانی کوردیی ئەم سەردەمەیش لە پاشماوەی ئەو زمانەیە. میر شەرەفخانی بەدلیسی نووسەری شەرەفنامە لە لاپەڕەی ٢٣ی مێژووی کورد و کوردستاندا کە لە ساڵی ١٠٠٥دا نووسیویەتی، زمانی کوردی بەسەر چووار شێوەزاری مەزندا دابەش دەکات:

١.کرمانج ٢. لوڕ ٣. کەڵوڕ ٤. گۆران

١.**کرمانجیی سەروو،** وەک: بۆتانی، بادینانی، بایەزیدی، شەمدینانی، زازایی، قۆچانی.

هەندێک خەڵک لە ماکۆ، ورمێ، خۆی، سەلماس، ئەفشار، قۆچان، بگنوورد، دەرگەز، شێروان، ئەسفەراین، نیشاپوور، کلات، لەگەیلان و خەڵکێک لە، فاراو، رودبار، لە مازەندەران کوردانی نوور و لە دەماوەند کوردانی جاوان بەو ئاخاوتنە گفتوگۆ دەکەن.

گوتەی کرمانج Kirmanj لە دوو وشە پێک هاتووە. سەرەتا پیتی(ج) پێویستە لێی جیا بکرێتەوە، ئینجا کاکڵی وشەکە دەبێتە دوو بەش. یەکەم: کر Kir کە کورتکراوەی کورد Kurd ەو ئەوی تریان(مان) Man کە هەمان مانیانی Manal ە و یەکێک بووە لە تایەفەکانی ماد، کە لە سەدەی نۆیەمی زایینیدا لە زاگرۆس فەرمانڕەواییان کردووە و لە کاتی دامەزراندنی دەوڵەتی میدیادا پێوەندییان بە مادەکانەوە کردووە.

٢. **کرمانجیی خواروو** ـ بریتییە لە :سۆرانی، موکریانی، بابانی، ئەردەڵانی، کوردانی مەهاباد، بۆکان، سەردەشت، میاندوواو، بانە، سەقز، مەریوان، جوانڕۆ، سنە، شاهینذژ و هەوشار گفتوگۆی پێ دەکەن.

٣. **گۆرانی** ـ بریتییە لە: هەورامانی تەخت، ژاوەرۆیی، لهۆنی. کوردانی ژاوەرۆ، هەورامانی تەختی نەوسوود، پاوە لە ئێران و هەندێک لە تایەفە کوردەکانی وەک: زەنگنە، سیامەنسوور و ڕۆژبەیانی بەکاری دەهێنن.

٤. **لەکی** ـ واتە: کەڵوڕی، ئیلامی، کۆهدەشتی، شێروانی، گەڕووسی. کوردانی کرمانشا، مایدەشت، کولیایی، دینەوەر، قەسری شیرین، کەرەند، سەحنە، گەوارە، هەمەدان، تەوریز لە ئێران قسەی پێ دەکەن.

٥. **لوڕی** ـ بریتییە لە: فەیلی، بەختیاری، حەفتگلی، سووسەنگەردی. خەڵکی دیزفوول، شاری کورد، چوارمەحل، پشتکۆ، خوڕەم ئاباد، ئەلشتەر، ئەلیگۆدەرز گفتوگۆی

پێ دەکەن. لورِ یەکێک لە تایەفەکانی کورد بووە و هەموو ئەو تایەفانەی کە لە چیایەکانی ڕۆژئاوای ئێران، لە سنووری ئاسیای بچووکەوە تا خاکی فارس نیشتەجێ بوونە، لە سەرەتای ئیسلامەوە هەموویان بێ جیاوازی بە ناوی کورد ناو براون [٥]. ئەم خێڵ و تایەفانەی کورد لە پارێزگەکانی گیلان، مازەندەران، گەرگان، شاهڕوود، خۆراساران و ناوچەکانی تری ئێراندا ناسراون.



ئافرەتێک لە عەشیرەتی جەلالی
لە کاتی دروستکردنی چیغی رەشماڵاندا «نزیکی ماکۆ»

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی دووەم

# کوردانی گەیلان

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی دووەم

# خێڵ و تایەفەکانی کوردی گەیلان

عەمارلوو: ناوچەی عەمارلوو کە پێشتر پێی دەگوترا (خەرگام) دەکەوێتە دەوروبەری رووباری شاهڕوود و رۆژهەڵاتی شوێنی تێکەڵبوونی ئەم رووبارە لەگەڵ رووباری قزل ئۆزن و شاخەکانی دیلمان و قەزوێن، رووباری محەمەد زەمان خانی و ئەشکور سنووریەتی. ناوی عەمارلوو لە «عەممار یاسر کە یەکێکە لە گەورە یارانی پێغەمبەر، وەرگیراوە» ، نادر شای هەوشار هەندێک لە تایەفەکانی دەشتی نیشاپووری بۆ ئەم ناوچەیە راگواستووە.

### تایەفەکانی عەمارلوو لە سەدەی هەژدەی زایینیدا

ملگۆنف، لە گەشتنامەکەی خۆیدا، بەم شێوەیە ناوی تایەفەکانی خێلی عەمارلووی لە سەدەی هەژدەی زایینیدا ١٨٥٨- ١٨٦٠ لە گوندەکانی عەمارلوو و بابامەنسوور تۆمار کردووە:

(١) تایەفەی وەلیخان (٢) تایەفەی بیشانلوو
(٣) تایەفەی شاقەلاتلوو (٤) مەحموودلوو (٥) چەغلان لوو
(٦) چاخمەلو (٧) تیتکانلوو (٨) میرزاخانلوو (٩) تایەفەی کازم خان، نەورۆزخان، باقلی خان، (١٠) قەپەکەرانلوو (١١) مەنجیلییەکانی بادر (بەهادرلوو) (١٢) شمکانلوو (شمخانلوو).

ئەم تایەفانە لە گوندەکانی عەمارلوو و بابامەنسووردا خاوەنی ٢١٠٠ ماڵ و ٣١٥٠ سەر مەڕ و ١٢٤٥ سەر گا و گامێشن. زمانی خەڵکی عەمارلوو کوردییە و زمانی گێلەکی و فارسیش دەزانن، لەگەڵ قەزویندا سنووریان هەیە و لە گوندی برین زین تا درێژایی ٢٨ میل و لە مەنجیل بە درێژایی ٣٦ میل لە دەوروبەری رووباری شاهڕوود دادەنیشن (٦)، لە ساڵی ١٣٣١ی کۆچیدا، میرانی پیرکۆ و میرانی گوندی گرینده سەرەک تیرە بوون، نەسروڵڵاخان سەرهەنگ کوڕی عەبدوڵڵا خان سەرۆکی تیرەی (بیچانلوو) لە گرینده و محەمەد سەلیم خان کوڕی محەمەد کازم خان سەرۆکی تیرەی (ئێستە جانلوو) لە پیرکۆ بوون. ئەم تیرەیە خۆی بە نەوەکانی حەسەن و حەسەنلوو دادەنێت، کە لە سەردەمی خۆیدا بەرەو گەیلان کۆچیان کردووە، ناوەندی سەرەکیی کوردەکانی عەمارلوو (مەنجیل) لە کەناری راستی رووباری سپی ڕود و لە جێگەی تێکەڵبوونی رووباری شاڕود و سپی ڕود بە دوور نین، ئەم تایەفەیە لە سەردەمی

قاجارییاندا ٢٧٠ ماڵ بووە.

## تایەفەی ڕەشوەندلوو

کوردەکانی عەمارلووی سەر بە تایەفەی (ڕەشوەند) یا ڕەشوەندلوو تیرەیەکن لە خێڵی (بەبە) کە لە سلێمانی (لە عێراق) دادەنیشن. شاعەباس هەشتا ماڵی لە تایەفەی ڕەشوەند بۆ گوندەکانی رودبار ڕاگواستووەتەوە. تیرەیەک لەم تایەفەیەیش لە گوندەکانی قوشخانە (قوچان) و لە شێروانی خوراسان دادەنیشن. سەرەک تایەفەی ڕەشوەند محەمەد عەلی خان و کوڕەکەی بە ناوی جەعفەر ڕەشوەند، بە ناوی (ڕەشوانلوو) بەناوبانگە. کاتێک نادرشا تایەفەکانی عەمارلووی بۆ ئەم ناوچەیە ڕاگواستەوە، بەرەبەرە کوردانی ڕەشوەند لەو گوندانەی تێیاندا نیشتەجێ ببوون، دەرکران. کوردانی ڕەشوەند ئێستە لە گوندەکانی: کلیشم، لایە، کاکۆستان، بەهرام ئاباد، کیاکلایە، حەسەن ئاوا و دۆشاو، دادەنیشن و خەریکی بەخێوکردنی مەڕوماڵات و کاری کشتوکاڵن.

لە سەردەمی قاجارییاندا سەرۆکی تایەفەی ڕەشوەند، حوسێن عەلی کوڕی محەمەد عەلی خان بوو، کوڕەکەی ناوی محەمەد عەلی خان بوو کە بە سەعد نیزام بەناوبانگ بوو. ژمارەی ماڵەکانی ڕەشوەندلوو لە گوندەکانی رودبار دەگاتە ٨٠ ماڵ. وا باوە ئەم تایەفەیە لە دەوروبەری هەرات و بەلخ و بوخاراوە بۆ ئەم ناوچەیە هاتوون.

## تیرەی ڕەشوەندلوو لە سیاکەل

تیرەیەکن لە کورد، کە سیستەمی خێڵایەتییان نییە. لە سیاکەل دادەنیشن و پێوەندییان بە تایەفەی ڕەشوەندەوە هەیە و بە تایەفەی عێن شێخ یا سیاکەلی بەناوبانگن و زۆربەیان خەریکی مەڕوماڵات بەخێوکردنن. زمانیان کوردییە و بە فارسیش قسە دەکەن. کوردەکانی سیاکەل لە تایەفەی حوسێن عەلی خانی ڕەشوەندلوون (٧).

## تایەفە کوردەکانی شاندرمن

گوندەکانی دەوروبەری مەعافی سەر بە شاندرمن جێی نیشتەجێبوونی کوردن، ئەو کوردانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە زنجان یا خەلخال بەرەو ئەم جێگەیە کۆچیان کردووە. وا باوە ئەم کوردانە پێڕەوی ئایینی داودین کە هەمان ئایینی عەلی ئیلاهییە. تەنیا بەشێکیان نەبێت سوننی مەزهەبن، ئەوانی تر شیعەن. کوردانی شاندرمن خەریکی بە خێوکردنی مەڕوماڵات و کشتوکاڵن. زمانی سەرەکییان کوردییە و بە فارسیش قسە دەکەن (٨).

## تایەفەە کوردەکانی ماسوولە

(١) تایەفەی عەلیوەند: ئەم تایەفەیە لە ڕۆڵەکانی حاجی حەسەن حەسەنلووە کە لە

ماسوولەی سەر بە شاری فومەن دەژین و خەریکی کشتوکاڵن. شێخ تاجەدین ئیبراهیم ناسراو بە زاهید گیلانی لە رەگەزدا کوردە و منداڵ و نەوەکانیشی هەر کوردن، لە ساڵی ۷۰۰ی کۆچیدا لە گیلان کۆچی دوواییی کردووە و لە (سییارووو)ی سەر بە ناوچەی ماسوولە بە خاک سپاردراوە، ناوبراو مورشیدی شێخ صەفیەدین ئیسحاقی ئەردەبیلی بوو کە باپیرەی سوڵتانەکانی سەفەوییە.

(۲) تایەفەی ئیلبەگی: ئەم تایەفەیە لەسەردەمی قاجارییاندا لە ماسوولە بوون و محەمەد رەزاخان، فەتح عەلی خان، سەرۆکی ئەم تایەفەیە بوون (۹).

## تایەفە کوردەکان لە دیلمان

کوردەکانی دەیلەم لە ناوچە شاخاوییەکانی رۆژهەلاتی رووباری سپی ڕود لە دەشتی دیلمان دەژین (۱۰).

## خێڵی عەمرانلوو لە گلوگا

زۆربەی دانیشتووانی گلوگا سەر بە خێڵی عەمرانلوون و بە گوێرەی نووسینەکانی مەلگینۆفی رووسی نزیکەی ساڵی ۱۷۸۰ی زایینی ئاغا محەمەد خانی قاجار ئەم خێڵەی لە (قەرەباغ) (بەشێک لە خاکی سۆڤیەت) و قەرەداغ (بەشێک لە خاکی ئازەربایجانی رۆژهەلاتی ئێران) بە مەبەستی پاراستنی سنوور و رێگرتن لە هێرشی تورکان، بۆ ناوچە دیاریکراوەکانی سەرەوە گواستووەتەوە.

لە خێڵی عەمرانلوو، بە لای کەمەوە، بە بەردەوامی سەت سەرباز لەژێر چاوەدێریی سەرۆکی خێڵی عەمرانلوو (ئاغا محەمەد خان عەمرانلوو) لە ناوچەکانی کە ئێستاکە تیایدا نیشتەجێ بوونە ئامادەی خزمەت دەبوون، خەڵکی (گلوخێڵ) بەرامبەر بە عەمرانلوو باپیرە گەورەی میرەکانی ئێستای گلوگا خزمەتیان کردووە. لە دووای ئەوەی خێڵی عەمرانلوو کەمتر بوون، ناچاربوون لە ناوچەکانی ئێستاکەی (گولباد محەلە) لە تەنیشت ناوچەی عەمرانلوو نیشتەجێ بن و ناوی گلوخێل بە گلوگا گۆڕدرا و تەنانەت ئەمڕۆکەیش تایەفەیەک لە نێو گولبادییەکاندا هەیە و پێی دەڵێن گلوو.

دانیشتووانی هەرە زۆری گلوگا لە خێڵی عەمرانلوو و گولبادی پێک هاتوون، عەمرانلووییەکان بە زمانی تورکی و گولبادییەکان بە زمانی مازندەرانی گفتوگۆ دەکەن.

خێڵی عەمرانلوو بە سەر دوو لکی سەرەکیی گۆگچی و عەمرانلوودا دابەش دەکرێت و تایەفە گرینگەکانی گۆگچی و عەمرانلوو و گولبادی بەم شێوەی خوارەوەن:

## تایەفەکانی کوردی گۆگچی

گۆگچی یا گۆگچە لە ناوی دەریاچەی گۆگچە لە قەفقاز وەرگیراوە و تیرەکانی بریتین لە:

(١) ئەسفەندیارلوو یا عەسکەری (٢) میرخانلوو (٣) خادیملوو (٤) مووجەرلوو یا مجاورلوو

هەشت سەت ماڵ لە تایەفەی عەمرانلوو لە ناوچەی گلوگا بۆ کوێستان و گەرمیان لە هاتوچۆدان. عەمرانلوویییەکان لە بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و زەیتوون لە ناوچەکانی مەنجیلدا چالاکییان هەیە و خاوەن مەڕوماڵاتێکی جۆراوجۆرن، جاجم و قوماش دروست کردن بە بەرهەمە گرینگەکانیان دەژمێردرێ.

ژمارەی کوردانی عەمرانلوو لە گێلان و رووباری قەزوین کە هەندێکیان رەشماڵ نشینن دەگاتە دوو هەزار ماڵ [11]. بۆچوونێکی تر هەیە گوایە ناوی عەمرانلوو لە ناوی سەرۆکی خێڵ (واتە لە عەمران بەگ)ەوە وەرگیراوە و ئیتر تایەفەکانی کوردی سەر بەم خێڵە بە عەمرانلوو ناسراون. وا پێ دەچێت هەر خێڵ و تایەفەیەکی کورد بەم شێوەیە نازناوی دەرکردبێت. تایەفەکانی کوردی خێڵی عەمرانلوو بریتین لە:

(١) خانەکان ـ رەحیمی کەریمی ـ قەڵا سەری

(٢) سەیدانلوو (٣) عەزیزی (٤) فەزڵ عەلی

(٥) مەحموود جانلوو (٦) مەلەک مەحموودی.

## خێڵ و تایەفە کوردەکانی قەزوێن

تایەفەکانی کورد لە قەزوێن لە ناوچەکانی خوارەوەدا دەژین:

تارم، قاقزان، رووبار، ئەلەموت، داوێنی چیای بێشکلارە.

ئەم تایەفانە لە سەردەمی سەفەوییەکان و هەوشارییەکاندا بۆ ئەم ناوچانە راگوازراونەتەوە و بریتین لە:

(١) باجەلان (٢) پاپلی (٣) چگنی (٤) جەلیل وەند (٥) رەشوەند (٦) غەیاس وەند (٧) مافی (٨) بەیتوویی (٩) کرمانی (١٠) یەمنی (١١) وەلی یاری (١٢) کاکە وەند.

کوردانی ئەم ناوچەیە بە مەڕوماڵات و کشتوکاڵەوە خەریکن. خاوەن مەڕوماڵاتەکانی ئەم تایەفە لەنێوان ناوچەی زۆزانی قاقزان و دەوروبەری رێگەی قەزوێن، رەشت و لە داوێنەکانی چیای ئەلبورز و لە بەشی گەرمیانی تارم ـ قەزوێن و دەوروبەری رووباری شاهروود و خاکی ئەمارلوو لە هاتوچۆدان، میرەکانی ئەم تایەفانە تەنیا کاکەوەند نەبێت ئەوانیتر هەموویان لە شاری قەزوین دادەنیشن [12].

تایەفەی چگنی: ئەم تایەفەیە بریتییە لە تیرەکانی بەهاریوەند، پاپەیی، پیرەمێردوەند، کلووەند، گۆدەرزوەند، موختاروەند، نیزامی وەند، رەشوەند، میرخواند، پاچناری، خرکانی، پیرقولی وەند، گۆگیر. ماڵی ئەمیر لە گوندەکانی: ئیقبال، قاقزان و تارم

دادەنیشن. چگنییەکان نزیکەی نۆ سەت تا هەزار ماڵ دەبن.

تایەفەی جەلیل وەند: ئەم تایەفەیە لە دێیەکانی قاقزان دادەنیشن. عەقید جەلیل وەند «ئەفسەری پۆلیس» لە پیاوە ناسراوەکانی ئەم تایەفەیە. ژمارەیان دەگاتە ١٥٠ تا ٢٠٠ ماڵ.

تایەفەی مافی: ئەم تایەفەیە نزیکەی ٢٠٠ تا ٢٥٠ ماڵ دەبێت و لە دێیەکانی بشاریات، میانکۆی قەزوین (فشگلدەرە) نیشتەجێیە.

ئەم تایەفەیە پیاوانی ناودار و کارامەی هەبووە وەک: حوسێن قولی خان نیزامولسەڵتەنە مافی و محەمەد حەسەن خان سەعدولمولک.

## تایەفەکانی کورد لە زنجان، تاکستانی قەزوین

شاعەباسی گەورە لە ساڵی ١٠٠٧ی کۆچیدا پەنجا هەزار ماڵ لە کوردەکانی چەمووش گەزەک (زەعفەرانلوو)، ئەرامانلوو، کاوانلوو (کەیوانلو)، قەرەچورلوو، عەمارلوو ،شادلوو، بەچەوەند، باوەنووری لە ئازەربایجان و مەهاباد بۆ ناوچەکانی رەی و وەرامین راگوواستەوە.

بەشێک لەم کوردانە لە گەڵ کۆچەکەدا لە دەوروبەری زنجان و تاکستانی قەزوێن بەجێ مان. ئەو کوردانەی بۆ ناوچەی خوار و وەرامین راگواسترابوونەوە، بۆ ماوەی دوو ساڵ لەو ناوچانەدا بەرەڵا کران (١٣). کوردەکانی شقاقی لە گوندەکانی شقاقیی سەروو و خواروو، لە دێیەکانی تارم لە ناحیەی سوپەر لە پارێزگای زنجان دادەنیشن.

## تایەفەکانی کورد لە مەلایەر و هەمەدان

(١) کوردەکانی زەنگنە لە دێیەکانی زەنگنەی سەروو و خواروو و کەمارانی مەلایەر دادەنیشن و ژمارەیان نزیکەی ١٤٠٤ کەسە(١٤)

(٢) کوردەکانی زەند و لەک لە دێیەکانی پری مەلایەر دادەنیشن

(٣) چەند تایەفەیەکی کورد لە دەرگەزێن، ئەسەد ئاباد و هەمەدان نیشتەجێن

## تیرەکانی عەمارلوو لە رووبار

عەمارلوو لە رودبار و بابا مەنسوور بەم شێوەی خوارەوە بەسەر چەند تیرەیەکدا دابەش دەکرێت:

(١) تیرەی قەپەکەرانلوو لە دیارجان.

(٢) تیرەی ئیستەجانلوو لە پیرەکۆ و خانی پیرکۆ محەمەد سەلیم خانە.

(٣) تیرەی بیچانلوو لە گرین دێ، میری ئێستەی نەسروڵڵا خانی سەرهەنگە و لە تایەفەی پیشانلووە.

(٤) تیرەی شمخانلوو لە خەرگام و ئەنبوو

(٥) تیرەی بیشانلوو

لە ساڵی١٣٣١ی کۆچیدا نزیکەی دوو هەزار چادر لە غەیاس وەند و چگنی و رەشوەند لە نێوان لووشان و مەنجیلدا هەڵ دەدرا. زەویی ئەم تیرەیە بەسەر دوو ناوچەی خەرگام و فارابدا دابەش دەکرێت. مەزەبی زۆربەی خەڵک شیعەیە و کوردەکان زۆرتر پێرەوی لە ئایینی ئەهلی حەق دەکەن و لە ساڵی١٣٣١ی کۆچیدا دوو هەزار و سەت ماڵ بوون.

## تایەفە کوردەکانی رەحمەت ئاباد

تایەفەکانی تری کورد لە رودبار و رەحمەت ئاباد لە ساڵی١٣٣١ی کۆچیدا برێتی بوون لە:

(١) عەمارلوو (عەممار یاسر) لە پیلدەی رووبار و سەرخەس

(٢) بەرامیکە (لە رەچەڵەکی بەرمەکن) لە گوندی گوێتە

(٣)حاتەمی (لە رەچەڵەکی عەبدی کوڕی حاتەم)

ئەم تایەفانە بە کوردی، تاتی و تاڵشی قسە دەکەن. کوردەکانی ئەم ناوچەیە لەلایەن شاعەباسەوە بۆ ئەم شوێنە گواستراونەتەوە و کارەکانیان برێتییە لە کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕومالات[١٥].

تایەفەکانی تری کورد لە رەحمەت ئاباد بە پێی نووسینی مالگونۆف (١٢٧٦ی کۆچی) برێتین لە:

(١) پیرەسلوو (٢)دۆگانلوو (٣)وەلیلوو (٤)جەمعکانلوو (٥)کەرخانلوو.

کە لە دێیەکانی کلایە، عەلی ئاباد ، سندوس، دیورود، رەحمەت ئاباد نیشتەجێن، ئەم تایەفانە سەت ماڵ دەبن و خاوەنی ٢٥٠٠٠ مەڕوبزن و ١٥٠ گاو گامێشن و زمانیشیان کوردییە[١٦].

**تایەفەی رەشوەند:** هنری فیڵد لە کتێبی گەلناسیی ئێراندا نووسیویەتی: سەت و پەنجا ماڵی رەشوەند لە ئەلەمووت و چوار سەت ماڵی تر لە رودبار هەن و بەشێکیشیان لە خۆراسان و شیروانن.

**تایەفەکانی چەموش گەزەگ وکەلور:** تایەفەی چەموش گەزەگ لە تارم، ئەمیر ئاباد، ئنجیل و زەرەند هەن و دوو سەت و پەنجا ماڵن. زۆزانەکەیان لە هاویندا چیایەکانی ئەمیر ئاباد و زەوییە کشتوکاڵییەکەیان لە شامدەشت و شاخەکانی زەرەندە، لە زستانیشدا لە دێیەکانی ناوبراودا دادەنیشن.

**تایەفەی بەیتوویی:** ئەم تایەفەیە لە گوندی میرکی سەر بە رووبار نیشتەجێیە و نزیکەی ٢٠ تا ٣٠ ماڵە.

**تایەفەی یومنی:** ئەم تایەفەیە لە گوندی ئالەن قایا Alenqaya نیشتەجێیە و ژمارەیان سەت ماڵێکە.


**تایەفەی وەلی یاری:** ئەم تایەفەیە لە گوندی کولج تارم دەژی و سەت و دە ماڵ دەبێت.

**تایەفەی باجەلان:** ئەم تایەفەیە لە ئیسماعیل ئاباد و نادر ئاباد (ئیقبال) نیشتەجێن و کوێستان و گەرمیان ناکەن.

**تایەفەی کرمانی:** لە گوندی لوولە گورد یا ماڵی ئاباد (بشاریات) دەژین و ٤٠ تا ٤٥ ماڵ دەبن (١٧).

**تایەفەی کاکە وەند:** تایەفەی کاکەوەند لە دێیەکانی (قاقزان) قەزوێن نیشتەجێن و چوار سەت و پەنجا ماڵن. ئەم تایەفەیە سەر بە تایەفەی (دلفان) ی لورستانە کە بە سەر دوو تیرەی مەسیح خانی ونامدار خانیدا دابەش دەبێت، بە شێوەزاری کوردیی لەکی و زمانی تورکی قسە دەکەن، کاری کشتوکاڵ و مەڕوماڵات بەخێوکردن دەکەن.

ههوالنامەی کتێب



پیاوانی کورد بە داسی دروێنەوە
«گوندێکی نزیکی سەقز»

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی سێیەم

# کوردانی مازەندەران

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی سێیەم

# خێڵ و تایەفە کوردەکانی مازەندەران

### تایەفەی کورد لە ساری

مالیگۆنف بەم شێوەیە تایەفەکانی کوردی لە ساری تۆمار کردووە: جیهان بەگلوو، مەدانلوو .. هتد. پێنج سەت کەس لە ساری دەژین، کە لە سەردەمی محەمەد شای قاجاردا گوازراونەتەوە بۆ ئەوێ. لەدێیەکانی: دیمتوران ـ حەمید ئابادیش نیشتەجێن. تایەفەکانی جیهان بەگلوو و مەدانلوو لە ئەرەدی نزیک شاری ساری دەژین (١٨).

### تایەفەکانی کورد لە ناوچەکانی کلارستاق

لەناوچەکانی کلارستاق زۆرترین ژمارە خواجەوەندەکان پێکی دەهێنن و تایەفەکانی کورد و ژمارەیان بەم شێوەیە یە:

(١) خواجەوەند: ٤٥٤ کەس (٢) عەمرانلوو: ١٠٠ کەس (٣) قلیچی: ٣٠ کەس
(٤) عەبدولملوکی: ٢٠٠ کەس (٥) کوردەکانی جیهان بەگلوو و مەدانلوو: ٥٠ کەس دەبن (١٩).

### تایەفەکانی کوردی جیهان بەگلوو و مەدانلوو

تایەفەکانی کوردی جیهان بەگلوو و مەدانلوو لە دێیەکانی شیرخواست و میانرووز و فەرەحئابادی مازندەران نیشتەجێن. مەدانلوییەکان بەر لە سەت ساڵ گرینگترین تایەفەی کورد بوون لە مازندەران. جیهان بەگلوو لە دێیەکانی: ئەندروود، چیک روود، مەشهەد، گنجرووز نیشتەجێن. هەروەها تایەفەی مەدانلوو لەدێیەکانی: مشک ئاباد، جویار، پەنبەچولە، کوردکەلا، لاریم، نیشتەجێن و بە کاروباری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕومالاتەوە خەریکن. زمانەکەیان کوردییە و کەم کەمەیش بە زمانی تورکی دەدوێن(٢٠).

### تایەفەکانی کوردی عەبدولملوکی و خواجەوەند

تایەفە سەرەکییەکانی کورد لە ناوچەی نوور، تایەفەی عەبدولملوکی و خواجەوەندن. تایەفەی عەبدولملوکی لە کاتی خۆیدا لە گز نیشتەجێ بوو، بەڵام لەبەر چەند هۆیەک بەرەو

شیراز و لە دووایشدا بەرەو ناوچەی شەهریار کۆچی کردووە. پاش سێ ساڵ ئاغا محەمەد خانی قاجار ئەم تایەفەیەی بۆ ناوچەی نوور گواستووەتەوە. ئینجا لە دووای تێپەڕبوونی چل ساڵ بە فەرمانی میرزا ئاغاخان نووری سەدری ئەعزەمی ناصرەدین شادا نزیکەی ساڵی ١٢٧٥ی کۆچی تایەفەکە بەرەو (زاغمرزە)ی نزیک بە شاری ساری رەوانە کراوە. عەبدولمولکییەکان بە تورکی و کوردی دەدوێن. سەرۆکەکەیان لە سەردەمی قاجاریدا جەعفەرخان عەبدولمولکی بوو. عەبدولمولکییەکان لە تیرەی ئیمانلوو و لە بنەڕەتدا لە ئەفشارەکانی تورکن. تایەفەی خواجەوەند لە کجوور و نوور نیشتەجێن. ئەو بەشەی لە کجوور نیشتەجێیە لە تیرەکانی خواجەوەند و شەرەف* وەندن. بەشەکەی تریش کە لە نوور جێگیرە لە تیرەکانی خواجەوی و خواجە نوورین [٢١].

## تیرەکانی گولبادی

گوڵبادی لە ناوی (گوڵبادی کوڕی وەیسە پاڵەوانی تووران)ەوە هاتووە و تیرەکانی ئەم تایەفەیە بریتین لە:

(١) ئەشکارگر (٢) خواجەوی (خواجەوەند). (٣) مسگەر.

لەسەردەمی ناصرەدین شادا، سەرۆکی تایەفەکانی گولبادی رەزا قولی خان بووە کە لە سەفەرەکەی ناصرەدین شادا بۆ مازندەران پێشوازیی لێ کردووە. ئەم تایەفەیە خەریکی کشتوکاڵ و بە خێوکردنی ئاژەڵن. بە گشتی پێڕەوی لە مەزەبی شیعەی دوازدە ئیمام دەکەن و لە ئەمیر ئابادی راغمرزە دەژین [٢٢].

## خێڵی خواجەوەند لە کلارستاق

کوردەکانی خواجەوەند لە ناوچەی کلاردەشت (کلارستاق)ی مازندەران نیشتەجێن. لە کتێبی ژیاننامەی پیاوانی ئێراندا [٢٣] کە ئەویش بابەتەکەی لە کتێبی مونتەخەبولتەواریخی موزەفەرییەوە وەرگرتووە، هاتووە: میرزا محەمەدی ورمێیی کە خۆی بە پێڕەوی مەزەبی عەلی ئیلاهی دادەنا هاتبووە ناوچەی کلارستاقی مازندەران کە لەم شوێنەش خێڵی خواجەوەند نیشتەجێن و پێڕەوی مەزەبی عەلی ئیلاهی بوون، ئاژاوەیەکی تێدا نایەوە و فەرماندەی سووارەکانی خواجەوەند بە ناوی (سوبحانقولی خان)ی کوشت. هەروەها ئیعتیمادولسەڵتەنە لە یادداشتەکانی رۆژانەی خۆیدا لە ٢٨ی رەبیعی یەکەمی ١٣٠٩ کۆچیدا نووسیویەتی دەڵێ[٢٤]: ( سەید باقر ناوێک خەڵکی سەحنەی کرمانشا کە لە مورشیدەکانی تایەفەی عەلی ئیلاهی بوو بەرەو کلاردەشت رۆیشتووە و خواجەوەندەکانی کە پێڕەوی ئایینی عەلی ئیلاهین هان داوە تا دەست بە شۆڕش بکەن، بەشێکیان پێڕەویان لێی کردووە و فەرماندەیەکی خواجەوەند لەگەڵ نۆ کەسی تر لە ژن و کچ و دایک و برایەکیدا کوژراون و ئاگریان تێ بەردراوە. کوژراوان برا و خزم و کەس و

کاری شاژنی ئێران صاحبەت سوڵتان خواجەوەند بوون)(٢٥).
کوردانی خواجەوەند سەر بەخێڵی مەزنی گولبادین، کە تایەفەکانی ئەم خێڵە لە سەرەوەدا ناویان هاتووە و زمانەکەیان کوردی و فارسییە.

## سەردەمی راگواستنی خواجەوەندەکان(٢٦)

خواجەوەندەکان لە بنەڕەتدا لە ناوچەی لوڕستان جێگیر ببوون. ئاغا محەمەد خانی قاجار پەنجا ماڵی لەم تایەفەیە لە ئەردەلان و گرووسەوە بۆ مازندەران راگواست، تا بە یارمەتیی عەبدولحەکیم ناوێک شاری تاران لە شۆڕش و بشێونە بپارێزێت. ئێستاکە کوردەکانی خواجەوەند لە کلاردەشت نیشتەجێن. دانیشتووانی ئەم ناوچەیە لە دوو بەشی سەرەکیی گێل و خواجەوەند پێک دێن. بۆچوونێکی تر هەیە کە گوایە خواجەوەندەکان لە سەردەمی نادرشا و کەریم خانی زەندا بۆ ئەم ناوچانە راگوازراونەتەوە. رەنگە ئەم تایەفەیە لە دوو قۆناغدا راگواسترابێتەوە. تایەفەی خواجەوەند لە کلارستاقی مازندەران لە تیرەکانی: یەزدانی، دلفانی ئازەری، ، مەشعەشی، لەک، خواجەوەند پێک هاتووە، کە بەناوبانگترینیان خواجەوەندە و شەش سەت ماڵ دەبن. پیاوە بە تەمەنەکانی دەشتی کلارستاق کە زۆزانەکەیان لە کلاردەشتە وا دەگێرنەوە گوایە: لەو کاتەدا تایەفەی خواجەوەند سێ سەت و بیست و شەش سواری بۆ شا دەنارد و دوو فەرماندەی هەبوو:

(١) جەعفەر قولی خان لە تایەفەی لەک کە ١٥٠ سوواری هەبوو، مووچەی ساڵانەی ١٠٠ تمەن بوو.

(٢) قولی خان لە تایەفەی لەک بەهەمان ژمارەی سووار و هەمان مووچەی ساڵانە.

## تایەفەی شەرەفوەند لە خێڵی خواجەوەند لە ناوچی کچوور

تایەفەی شەرەفوەند سەر بە خێڵی خواجەوەندە، ٦٠٠ ماڵ لەم تایەفەیە لە هەزار خاڵ باختر لەناوچەی کچووری مازندەران نیشتەجێن. ئەم تایەفەیە دوو سەرۆکی هەبووە یەکێکیان خواجەخان لە تایەفەی شەرەفوەند، کە سەت سوواری کوردی هەبووە و ساڵانە ١٠٠ تمەن مووچەی وەردەگرت و ئەوەی تریان عیساخان لە هەمان تایەفە و بە هەمان مووچە و ژمارەی سووار.

### تایەفەی لەک لە خێڵی خواجەوەند لە کلاردەشت

تایەفەی لەک سەر بەخێڵی کوردی خواجەوەندە و زۆربەیان لە کلاردەشت نیشتەجێن. ئەم تایەفەیەیش هاوڕێ لەگەڵ خواجەوەندەکاندا راگوازراوەتەوە بۆ مازندەران. زۆربەی سەرۆکەکانی خواجەوەند سەربەم تایەفەیە بوونە. تایەفەی لەک کاری کشتوکاڵی دەکەن و شێوەزاریان لەکی کوردییە و بەتورکییش قسەدەکەن.

### تایەفەکانی غەیاسوەند لە مازندەران

٨٥٠ ماڵ لە تایەفە کوردەکانی غەیاس وەند لە سەردەمی سەفەوییەکاندا بۆ ناوچەکانی چیای ئەلبورز لە دەوروبەری جادەی قەزوین کۆچیان کردووە و لە دێیەکانی: ئیقبال، رودبار، قاقزان نیشتەجێن. ئاغا محەمەد خانی قاجار چوارسەت ماڵی لەم تایەفەیە لە کرمانشا و لورستان بۆ مازندەران راگوازتووە (٢٧). نزیکەی دوو سەت ماڵ لە تایەفەکانی غەیاسوەند و چگنی و رەشوەند لە نێوان لووشان و مەنجیلدا نیشتەجێن. تیرە بەناوبانگەکانی غەیاسوەند لە مازندەران برێتین لە: دەروێش وەند، کلماسی، سەلخوری، محەمەد بەگی، غەیاسی. زمانیان کوردی و تورکییە. سەرۆکی تایەفەکە عیزەتوڵلا غەیاسی وەندە.

### تایەفەی ئەسانلوو (ئیزانلوو)

تایەفەی ئەسانلوو کە لە خۆراسانە پێی دەگوترێت (ئیزانلوو)، بەفەرمانی ئاغا محەمەد خانی قاجار لە دەشتی خواری ناوچەی وەرامین بۆ مازندەران گوازراونەتەوە. ئێستە سەت و پەنجا ماڵ لە ساری و دەوربەریدا دەژین و خەریکی کشتوکاڵن. زمانیان تورکییە و بە فارسیش دەدوێن.

## تایەفە کوردەکانی گورگان

### تایەفەکانی حەسەن وەند و کاکلەوەند

تایەفەی حەسەن وەند یەکێکە لە خێڵە مەزنەکانی کورد، ناوەندی سەرەکیی ئەم تایەفەیە لە ئەلشتەرە لە لورستان. تایەفەی کاکلەوەند سەر بەخێڵی حەسەن وەندە و تیرەکانی حەسەن وەند و کاکلەوەند لە ناوچەکانی ئەلشتەر بەربڵاون. سوار و تفەنگ چییەکانی ئەم تایەفەیە لە رابوردوودا بە ناوبانگ بوون. هەر بۆیەیش سەرۆکەکانی تایەفەی حەسەن وەند لەلایەن دەستەڵاتدارانی ویلایەتەکانەوە بایەخیان پێ دەدرا. بە شێوەیەکی گشتی ئەم تایەفەیە خاوەن کۆمەڵێک پیاوی چەلەنگ و شەڕکەر و سوارچاک و نیشانەشکێن بووە، کە لە هەموو بوارەکاندا قارەمانەتییان نواندووە و لە کاتی کۆچکردنی خێڵدا ئەرکی پاراستنیان لە ئەستۆ گرتووە. ئێستە لە دێیەکانی ئیلوار و رەنگلانی کوردکۆدا دەژین. زۆربەی خەڵکی ئەم تایەفەیە بە چاوێکی رێزەوە دەڕواننە پیاوە شەڕوانەکانیان و رێزی تایبەتییان بۆیان هەیە و زۆربەی سروودەکانی ئەم تایەفەیە لەبارەی قارەمانیەتیی ئەم دلێرانەوە گوتراوە (٢٨).

### تایەفە کوردەکانی کوردکۆ

هەندێک لە تایەفەکانی کورد کە لە دەشتی کوردکۆی سەر بەشاری گورگاندا دەژین

بریتین لە:

(١) تایەفەی زەعفەرانلوو: چەند ماڵێکی کوردی زەعفەرانلوو لە حەشارگەی سەر بەشاری گونبەت دادەنیشن.

(٢) تایەفەی کاکلەوەند لەگەڵ تیرە جۆراوجۆرەکانیدا.

(٣) تایەفەی جیهان بەگلوو لە عەلی ئاباد.

ئەم تایەفانە لە ساڵی ١٣٢٨ی کۆچیدا لە سەردەمی محەمەد عەلی شای قارجاردا هاتوونەتە ئەم ناوچانە.

(٤) تایەفەکانی عەمرانلوو، دووانلوو، سپانلوو، مەنوچەهرلوو، عەرەب خوێشانلوو، حوسێنلوو کە لە سەردەمی سەفەوییەکان و ئەفشارەکاندا بۆ ئەم دەشتە راگوازراونەتەوە. ئێستاکە هاتوچۆی کوێستان و گەرمیانیان براوە و لە گوندەکانی: سەرکەلاتە، خەراب شەهر (تمشەی پێشوو)ی سەر بە کوردکۆ دادەنیشن و کاری کشتوکاڵ و ماڵداری دەکەن. زمانی سەرەکییان کوردییە و بەفارسی و تورکیش دەدوێن.

(٥) کوردەکانی جیهان بەگلوو لە سەردەمی شا عەباسی گەورەدا لە فەرەج ئابادی سەر بە شاری ساری دادەنیشتن. پاشان لە گلووبی نیشتەجێ کران. سەرۆکی تایەفە شوکرخان لە فندرسک و کتول فەرماندەی ناوچە بوو. حوسێن خان سوڵتان، یەکێک لە خزمەکانی شوکر خان بەهاوڕێیەتی لەگەڵ تایەفەکەی خۆیدا بەرەو دامغان کۆچی کرد و بەشێکیشیان لە سەردەمی فەتح عەلی شا و لە کوردمەحەلە واتە کوردکۆی ئەمڕۆکەدا و کورد ئاباد و کتول نیشتەجێ بوون، زمانیان کوردی و تورکییە و بە فارسیش دەدوێن[٢٩].

(٦) تایەفەکانی کوردزێدی و، باباکوردی لە دێی خارکەلاتە دەژین کە لە بەندەرگەزەوە چوونەتە ئەم ناوچەیە.

(٧) کورد کتولی لە عەلی ئاباد (مەزرەعەی موعەزەزی)ی ناوچەی سەنگین کە بە کشتوکاڵەوە خەریکن.

## تایەفەکانی کورد لە شاهروود

(١) لە دەوربەری شاهروود لای راستی رووباری سپی ڕو تایەفەکانی کوردی رەشوەند دەژین. سەرەتا هەشت سەت ماڵ لەلایەن شا عەباسی یەکەمەوە لە ئەرزەنەتولرووم بۆ ئەم ناوچەیە راگوازراون[٣١]. ئەم کوردانە بەزمانی کوردی و فارسی دەدوێن و کاری کشتوکاڵ و ماڵداری دەکەن.

(٢) چگنی ـ بەشێک لە چگنییەکان لە گەلیی شاهروود نیشتەجێن و گەنم و جۆ و برنج دەچێنن. محەمەد تەقی چگنی و محەمەد رازاخان سەرۆکی ئەم تایەفەیەن[٣٢].

## تایەفەکانی کورد لە دەماوەند و خوار و مەرامین

بەفەرمانی شاعەباسی گەورە لە ساڵی ۱۰۱۰ی کۆچیدا، چل و پێنج هەزار ماڵ لەو کوردانەی کە لە ئازەربایجان و مەهاباد بۆ ناوچەی خوار و وەرامین راگوازرابوونەوە، کە لە دوواییدا چوونەتە ناوچەکانی قۆچان و چناران و شێروان و ئەسفەراین و دەرگەز، لەم ناوچانەیشدا مەڕومالات بەخێو دەکەن. بەشێک لەم کوردانە لەکاتی گواستنەوەیاندا بۆ خۆراسان لە دەوری دەماوەند، خوار و وەرامین ماونەتەوە ئەویش بەم شێوەی خوارەوە:

(۱) تایەفەی کوردبەچە، ۱۵۰ ماڵ لە روودهن، دەماوەند.
(۲) تایەفەی گاوان یان جابان لە (تایەفەی شادلوو) لە جاوانی دەماوەند.
(۳) تایەفەی شادلوو لە سورخەدێ و سەربەندانی دەماوەند.
(٤) تایەفەی شادلوو لە زافەرانلوو لە دەوربەری وەرامین و گەرمسار.
(٥) تایەفەی بوربور لەقندات و ئەقارین و وەرامین.
(٦) تایەفەی ئیزانلوو لە خوار (۳۳).
(۷) تایەفەی قەرەچوڕلوو، ۱۲۰ ماڵ لە دەوروبەری خوار.
(۸) تایەفەی پازۆکی لە وەرامین.

## تایەفەکانی کورد لە کرمان


ئەستەخری، ئیبن حەوقەل و ئیبن بەلخی لە بارەی پێنج ناوچەی خێڵی کورد لە فارس، خوزستان، ئەسفەهان و کرمان دوواون. لەمانەیش رمی زنجان یا رمی شەهریار لە ناوچەی کرمان و ئەردەشێر خورە بووە.

ئەستەخری دەڵێت: خەڵکی ڕمووم هەروەک عەرەب لە هاوین و زستاندا بە دووای لەوەڕدا دەگەڕان و هەندێکیان لە ناوچەی کوێستان و گەرمیان دەمانەوە. هەروەک تایەفەکانی عەرەب و تورک مەڕومالاتیان بەخێو دەکرد. لە رمووم چەندین شار و گوند هەبوونە.

تایەفەکانی تری کورد لە کرمان برێتین لە:


(۱) بامری لە شاخەکانی بارز
(۲) لەک لە باکووری سنووری پارێز
(۳) لوڕ
(٤) خەواجوویی (خەواجەوەند) لە مەلەک ئابادی سیرجان

ئەم تایەفانە لەگەڵ خێڵەکانی تری تورک و عەرەبدا لە ناوچەکانی رۆژهەڵات و باشووری رۆژئاوای سیرجان و شاخەکانی چار گونبەت و بل دەردا نیشتەجێن.



تەپاڵە ـ ئاگردووی سەرەکی لە گوندانی کوردستاندا

«گوندی زەردەکەمەر نزیکی بیجار»



پیاوی کورد له جۆلاییدا

بەشی چوارەم

# کـوردانی خـۆراسـان

## بەشی چوارەم

# خێڵ و تایەفە کوردەکانی خۆراسان

کورد لە ناوچەکانی خۆراسان، لە سەردەمی سەفەوییەکاندا بۆ شارەکانی باکووری خۆراسان گوازراونەتەوە. لە ساڵی ٩١٨ی کۆچیدا شا ئیسماعیلی سەفەوی حکوومەتی خۆراسان و بەڵخی بە یەکێک لە فەرماندە دەستەڵاتدارەکانی خۆی بەخشی بەناوی بەیرام بەگی کوردی قارەمانی (قەهرەمانلوو). لەو رۆژە بە دوواوە و بە تایبەتی لەسەردەمی شا تاهماسبی یەکەمدا حکوومەتی زۆربەی ناوچەکانی خۆراسان لە دەست فەرماندە سوپاییەکانی کورددا بووە. لە ساڵی ١٠١١ ی کۆچی، لەسەردەمی شاعەباسدا هەزار ماڵە کورد لە ناوچەکانی تورکیا و سووریا و قەفقاس لە نزیک ناوچەکانی ئازەربایجانی رۆژئاوا یەکیان گرتەوە و بۆ خۆراسان گوازرانەوە و لە باکووری ئەم پارێزگایەدا نیشتەجێ کران.

مەردۆخ لە کتێبی مێژووی کورد و کوردستاندا [٣٤] دەنووسێت: ئەو کوردانەی شا عەباس لەساڵی ١٠١١ دا بۆ خۆراسانی راگواستوونەتەوە لە بنەڕەتدا حەوت خێڵ بوون بەم ناوانەی خوارەوە:

١) زافەرانلوو یا چەموشگەزەگ[٣٥]: چەمووش گەزەگ بەسەر سێ لکی مەمەنکورد و برتک و سقماندا [٣٦] دابەش دەکرێت.

(٢) ئارامانلوو (٣) کیوانلوو (٤) ئەمارلوو (٥) شادلوو (٦) بەچەوەند (٧) باوەنوور کە گشتیان سەر بە خێڵی مەزنی حەسنانلوون.

کوردەکانی خۆراسان کە پێیان دەگوترێت (کرمانج) لە سەردەمی پاشایەتیی سەفەوییەکاندا بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی تورکمان و ئەزبەکان، بۆ سنوورەکانی باکووری ئێران (ئاخاڵ) راگوازراونەتەوە. ئەم کوردانە بە ناوی چەمووش گەزەگ دەناسران کە لە سێ خێڵی مەزنی زافەرانلوو، شادلوو و قەرەچورلوو پێک هاتوون و مەزنترینیان خێڵی زافەرانلووە کە لە چەند تایەفەیەک پێک دێت و، سەرۆکایەتیی خێڵەکانی تری کرمانجی خۆراسانی بە دەستەوەیە و ناوەندی سەرەکیی لە قۆچانە.

میرزا محەمەد حوسێن موستەوفی لەسەردەمی (فەتح عەلی شای قاجار)دا لە کتێبی هەژماری دارایی و سوپاییی ئێران لە ساڵی ١١٢٨ی کۆچی لە سەردەمی شا سوڵتان حوسێنی سەفەویدا کوردەکانی خۆراسان بە چووار تایەفەی گەورە ناو دەبات:

**(١)تایەفەی زافەرانلوو:** فەرماندەکەیان (مەمەش خان)ە و قەڵای (چناران)یان لە ژێر دەستەڵاتدا بووە. سەرتاسەری چیای (ئەخلومەد) کوێستانی ئەم تایەفەیەیە. ژمارەیان سەت و هەشتا هەزار ماڵە. لاوەکانیان ڕێکوپێک و بالابەرز و بە هێز و دلێرن و لەشکرەکەیان سوارەیە. سەت کەس لە سووارچاکانی ئەم تایەفەیە بە هەزار کەس لە سوارانی تر دادەنرێت و لە جەنگدا تفەنگ هەڵناگرن و دەڵێن جەنگی بە تفەنگ جەنگی پیاوان نییە، چونکە ئافرەتیش دەتوانێت بە چەک و تفەنگ بەرانبەریی سەت سوار بکات.

**(٢) تایەفەی سەعدانلوو:** (ڕەنگە زەیدانلوو سەر بە خێڵی مەزنی زافەرانلوو بێت)، ئێستە سەرکردەکەیان (ئەمیر گۆنەخانە)و خەبووشان لە ناوچەی (قوچان) لە ژێر دەستەڵاتی ئەودایە. خەڵکێکی جۆراوجۆر لە ناو تایەفەکەیدا هەیە. ژمارەیان بە ئەندازەی یازدە لک بەراوورد دەکرێت (هەر لکەی سەت هەزار کەسە). خێڵەکانیان لە مجریک (مزرگ) تا شێروان و نزیکی (بوگنورد) نیشتەجێن. بەناوچە دەشتایی و شاخاوییەکاندا کوێستان و گەرمیان دەکەن. باوکی میرگۆنەخان (واتە محەمەد حوسێن خان) بەگلەربەگی بوو، لە کاتی نادرشادا شۆڕشی بەر پاکرد، نادرشا دەیویست شۆڕشەکەی سەرکوت بکات، بەڵام لە ڕێگەدا کوژرا.

**(٣) تایەفەی سێیەمی کورد پێی دەگوترێت کاوانلوو،** فەرماندەکەیان ئیبراهیم خان کوڕی شاوێردی خان لە تایەفەی (شێخوانلوو)ە، قەڵاکەیان لە (ڕادکان)ە. خێڵی ناوبراو لە ڕادکان و چیایەکانی کەڵات کوێستان و گەرمیان دەکەن و ژمارەیان چوار لکە بنەماڵەیە.

**(٤) تایەفەی چوارەم پێی دەگوترێت (دوانلوو):** فەرماندەکەیان (ئەسکەندەر خانە). ژمارەیان دوو لک و بیست هەزار ماڵە. قەڵای مجریک (مزرگ) لە باکووری ڕۆژئاوای قوچان لە ژێر دەستەڵاتی ئەسکەندەرخانە. خێڵی ناوبراو لە ناوچەکانی بگنورد هەر لە مزرک تا گاگرم، گەرمیان و کوێستان دەکەن. ژمارەیان بە نۆزدە لک بەراوورد دەکرێت ولاوەکانیان بە توانا و بە هێزن. ژمارەی کوردەکانی خۆراسان لە کۆتاییی سەردەمی دەستەڵاتداریەتیی سەفەوییەکاندا نزیکەی یەک ملیۆن و نۆ سەت هەزار کەس بووە[٣٧].

## خێڵی عەمارلوو لە خۆراسان

نادرشای ئەفشار نزیکەی دوو هەزار ماڵی لە خێڵی عەمارلوو کە کوێستانەکەیان دەکەوێتە شاخەکانی باکووری قوچان و شێروان و گەرمیانەکەیان لە مراوە تەپەیە بۆ ناوچەی خەرگام لە گێلان ڕاگواستووە و لەوێ نیشتەجێی کردوون تا ڕێگە لە دەستدرێژیی هێزەکانی رووسیای تزاری (قەیصەری) بگرێ. هنری فیلد Henri Fild

سەبارەت بە کوردە دلێر و قارەمانەکانی عەمارلوو لە ناوچەی مارۆسکی سەر بە نیشاپوور دەڵێت کەوا عەمارلوو لە پێنج سەت ماڵ پێک هاتووە و لە دەشتی (مرووش) لە باکووری ڕۆژئاوای نیشاپوور دەژین و لە ئایینزای شیعە پێڕەو دەکەن و زمانەکەی خۆیان پاراستووە (٣٨).

نووسەری مەتلەعوششەمس دەڵێت: دەشتی ماڕووس بە دۆڵی سپی بەناوبانگە و لەبەرئەوەی تایەفەی کوردی عەمارلوو لەم دەشتەدا نیشتەجێیە، ئەم ناوچەیە بە خاکی عەمارلوو و کوردستان دەناسرێت. ئەم ناوچەیە لە ڕۆژئاواوە بە چیایەکانی بارمەعدەن و لە باکوورەوە بە بلۆکی سەر ولایەت و لە ڕۆژهەڵاتەوە بە چیای باز و لە باشوورە بە دێیەکانی خوارووی ناوچە دەشتاییەکەوە بەستراوە. کوردەکانی عەمارلوو لەلایەن نادر شاوە لە کوردستانەوە بۆ ئەم دەشتە ڕاگوازراون و پێنج سەت ماڵ دەبن.

## تایەفەکانی کوردی ئەمارلوو لە نیشاپوور

خێڵی عەمارلوو لە نیشاپوور بەسەر پێنج تایەفەدا دابەش دەکرێت بەم ناوانەی خوارەوە:

(١) تایەفەی بەگی ئارلوو (٢) تایەفەی ئەرتکانلوو (٣) تایەفەی عەزلوو (٤) تایەفەی پایی.

٥) تایەفەی حەفتاودوو میللەت.

ئەم تایەفانە ئێستە لە دێیە ناوبراوەکانی خوارەوەی سەر بە شاری نیشاپوور نیشتەجێن: زەرەندی، شید قولی، کەلاتە مەمەش خان، مەرجان، ماڕووس، کارچی(قارچی)، کەلاتە ئیسماعیل، تەنگی پایین، تەنگی باڵا، کەلاتە مەلا، بورج، کەلاتە مەلا جەعفەر عەلی، قەلاتی موستەوفی، کەلاتە شامی، سینە ئەسپی سەروو، خوون ئاوورد (٣٩).

تایەفەی عەمارلوو و تایەفەی مژدەگانلوو جگە لەو گوندانەی سەرەوە لە دێیەکانی دەشتی مارووسکیش دادەنیشن. لە کتێبی فەرهەنگی جوگرافیای ئێران بەشی پارێزگای نۆیەم لە نووسینی ڕەزم ئارادا، ناوی ئەو دێیانە بەم شێوەیە تۆمارکراوە:

تلی، تیجان، چوارباغ، چوار گوشلی، حوسێن ئابادلەر، مارووسک، حەسارنوو، حەیدەر ئاباد، خانلق، خەربووزە، دامنجان، درەختی گوێز، زاونک، سەرگوریک، فازڵ ئاباد، فەرخەسەنگ، قالی باف باڵا، قالی باف پایین، قەرونە، قەرەسوڵ، کەلاتە ئەسەدوڵڵاخان، کەلاتە محمەدجان، محەمەد ئاباد روسک، میر ئاباد خواجە جەعفەر سەر بە نیشاپوور، زیارەت لە ناوچەی سەر ولایەت لە نیشاپوور، کلیدر سەر بە ناوچەی سەر

ولایەت، کێوە سەخت لە ناوچەی سەر ولایەت. هەروەها تایەفەکانی چگنی لە شارۆچکەی چگنە دادەنیشن. تایەفەکانی توپکانلوو لە دەوروبەری کێوە سەخت کوێستان و گەرمیان دەکەن جگە لەمەیش لە سپیان، گوڵستانی، سوزەن دێ، قزغنە، ترغاس، ئابروان، ئەحمەد ئاباد، وەزیرییە، ئەحمەد حاجی، گزاز، ئەندەر ئاب، سەید ئاباد ماروس، چاه قەرە، بەرمهان، بجنو، بەرکشاهی، بقیع، خایسک، عەشق ئاباد سولە، گوڵ گونبەد، هەروەها لەپێنج گوندی خوارەوەدا لەگەڵ فارسەکاندا پێکەوە دادەنیشن: هیمەت ئاباد، ئەحمەدییە، دەوڵەت ئاباد، ئەمان ئاباد، بوزغان. بەشێوەیەکی گشتی لە ناوچەی نیشاپوور حەفتا گوندی کوردنیشین هەیە (٤٠). خاوەن مەڕومالاتەکانی عەمارلوو لە شاخەکانی باکووری قوچان و شێروان گەرمیان و کوێستان دەکەن و لەوەرزی گەرمادا لە مراودە تەپە دەچنە گەرمیان.

## خێڵی ئیزانلوو لە شێروان

ناوی ئەم خێڵە لەلایەن مێژوونووسان و جوگرافیاناسانەوە بە شێوەی جۆراوجۆر وەک: ئوستانلوو، ئوصانلوو، ئەصانلوو نووسراوە، لەسەردەمی ئێستەدا بە ئیزانلوو ناو دەبرێت. ژمارەیەکی زۆر لەم خێڵە لە قوناغی یەکەمی گەلەکۆچە مێژووییەکەی کورد بۆ خۆراسان لە دەوروبەری خوار و مەرامیندا بەجێ ماون کە مەسعوود کەیهان ژمارەکەیان بە هەزار و دووسەت ماڵ دادەنێت (٤١).

نووسەری مەتڵەعوششەمس سەرکردەکانی خێڵی ئوسانلوو لە خوار، لە سەردەمی ناصرەدین شادا بەم شێوەیە ناو دەبات: سەیف ئیلاهخان، جەعفەر قولی خانی سەرهەنگ، هەروەها سەرکردەی کوردەکانی (قەرەچورلوو) لە خوار سەفەر عەلی خان. بەشێکی مەزن لەم خێڵە هاتوونەتە خۆراسان و لە ناوچەکانی قوچان و بە تایبەتی لە شێروان لە دێیەکانی: باداملوو، قزل حیسار، شۆرک، زویارم، کەلاتە، ئوددە (عەبدول ئاباد) نیشتەجێ کراون. زمانیان کوردییە و بە تورکی و فارسیش گفتوگۆ دەکەن. ژیانیان لە ڕێگەی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵەوە بەڕێوە دەچێت (٤٢).

## تایەفەی شێخ ئەمیرانلوو لە شێروان

ئەم تایەفە بەو بۆنەیەوە ناوبانگی دەرکردووە کە گەورەترین سەرۆکەکانی خێڵی زافەرانلوو وەک شوجاعولدەولەکان کە فەرمانڕەوای قوچان بوون و فەرەجوڵلاخانی زەیغەمی فەرمانڕەوای شێروان و ڕۆشنییەکان کە میری ئەسفەراین بوون، سەر بەم تایەفەن. ئەوانەی تری خەڵکی شێخ ئەمیرانلوو لە باکووری شاری (ئەسفەراین)

نیشتەجێن و کاری کشتوکاڵ و باخەوانی دەکەن. ژمارەیەکی زۆر رۆشنبیر لەم تایەفەیەدا هەڵکەوتوون، بەتایبەتی لە رووی پزیشکییەوە خزمەتی خەڵکی خۆراسان دەکەن. تایەفەیەکی تر لە تایەفەکانی کورد لە شێروان، تایەفەی تۆبکانلوویە کە لە گوندی گلیان نیشتەجێیە.

### تایەفەی سویدانلوو لە شێروان

تایەفەی کوردی سویدانلوو سەر بە خێڵی مەزنی زافەرانلوون، لە دێی رەزمەقانی سەر بە ناوچەی شێروان دادەنیشن و بە کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵەوە خەریکن. زمانیان کوردییە و بە تورکی و فارسیش دەدوێن، پێرەوی ئایینزای شیعەن.

### خێڵی بێچرانلوو لە شێروان

خێڵی بێچرانلوو کە خاوەن پیاوانی لە رادەبەدەر قارەمان و شەڕکەرە، لە ناوچەی بێچرانلوو، لە نێوان شاخەکانی سنوور و گەلییە تەنگ و قووڵەکەی زنجیرە چیای بەناوبانگی گلوێل دادەنیشن و کشتوکاڵ و مەڕوماڵات بە خێوکردن دەکەن. بەشێکیشیان لە گوندی (هوننامە)و شاری شێروان دەژین. بنکەی ناوەندی و خانەنشینیی خێڵی بێچرانلوو لە هاویندا (قەڵای حەسەن)و لە زستاندا دێی هونامەیە. تا بەر لە هاتنەوەی حەسەن خانی عاشق لە سووریا و چوونی بۆ نێو کوردەکانی بێچرانلوو، سەرۆکایەتیی ئەم خێڵە لە دەستی میرەکانی (سێفکانلوو)دا بوو. ئەم خێڵە بەر لەجێگیربوونی لە ناوچەکانی سنووردا، لەگەڵ خێڵی سێفکانلوودا بە بە شێک لە خێڵی کەیکانلوو دەژمێردران. زمانیان کوردییە و بە تورکی و فارسییش دەدوێن. مێگەلدارانی بێچرانلوو لە شاخەکانی گلوێل کوێستان دەکەن و گەرمیانەکەیان لە (هەجێ)یە.

### تایەفەی کوردی شاملوو لە شێروان

بێچرانلووەکان لەو بڕوایەدان کە لە بنەڕەتدا لە کوردانی بوێری دانیشتووی ناوچەکانی باکووری (سووریا) بوونە و بۆ خۆراسان راگوازراونەتەوە. هەر بۆیەش بە شامی یا (شاملوو) بەناوبانگن. کوردانی ئەم تایەفە بە دڵرەقی و خوێنرێژی ناسراون. لە دووا رۆژەکانی حکوومەتی محەمەد شای قاجاردا، حەسەن ناوێکی سەر بەخێڵی بێچرانلوو بە هۆی شەڕ و پێکدادانێک کە لە سووریا رووی دابوو ناچار کراوە کۆچ بکات و وڵاتەکەی بەجێ بهێڵێت و بەرەو خۆراسان بەڕێ بکەوێت تا بگاتەوە بە خێڵەکەی. ئەم پیاوە کە گوایە پێشتر مۆسیقاژەن بووە، بەهۆی لێوەشاوەییی خۆی دەبێتە سەرۆکی خێڵی بێچرانلوو و سەرۆکایەتیی ئەم خێڵە لە دەستی سوعاد تەقی خانی یەکەم سەرۆکی خێڵی سێفکانلوو دەردەهێنێت و سەربەخۆیی دەبەخشێتە خێڵەکە. خانەکانی تری بێچرانلوو کە لە منداڵەکانی ئەم حەسەنِ خانەن، بریتین لە: میسر خان، کەریم خان، فەرەجوڵڵاخان و

عەلی خان. خەڵکی خێڵی بێچرانلوو جگە لە دێیەکانی بێچرانلوو لە گوندەکانی گدووکانلوو، بێواره (بێ بەهره)، هونامه، کەلاتە بالی، دەربەند،قولان، لۆجەلیظسی سەربەشێروان دادەنیشن (٤٣).

## خێڵی بادلانلوو بەهادرانلو لە قۆچان

خێڵی بەهادرانلوو لە قۆچان و دێیەکانی عەلاقە جەنبان و کلاتە گوڵ دادەنیشن. لە ساڵەکانی ئەم دواییەدا وەلی خان بەهادرانلوو و کوڕەکەی (تاج محەمەد خانی بەهادری) کە بە سەتوەتولملوک ناوبانگیان هەبووە ڕێبەری ئەم خێڵە بوون. میرەکانی بەهادرانلوو هەر خاوەن دەستەلاتی تایبەتی بوونە و، خۆیان لەگەڵ فەرمانڕەوایانی زافەرانلوودا بە هاوشان دەزانن. لەسەردەمی نادرشادا حکوومەتی ناوچە گرینگەکانی وەک: فارس، ئەسفەهان لە دەستی میرەکانی بارلانلوو بەهادرانلوودا بووە. تایەفەی شیرزەنلوو لە گوندی شیرزەنلوو و تایەفەی شارەکی لە گوندی شارەک و تایەفەی گەرگەرلوو لە مشکانلوو و تایەفەی کوڕانلوو لە دێی شیرەزەنلوو و دەوروبەری قۆچاندا دەژین.

## خێڵی پالکانلوو لە گیرستان

خێڵی بەناوبانگی پالکانلوو لەسەر سنووری ئێران و سۆڤیەتی پێشان لەناوچەی گیرستانی سەر بە قۆچان دادەنیشن. خەریکی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵن، زمانیان کوردییە و بەتورکی و فارسیش دەئاخێون. تایەفەکانی تری کورد لە گیرستان بریتین لە: سەرکانلوو ، کالتمانلوو

## خێڵی پەهلەوانلوو لە باجگیران

خێڵی پەهلوانلوو یەکێکە لە خێڵە ناسراوەکانی زافەرانلوو کە دوچاری بڵاوەبوون بووە و لێک ترازاوە. بەشێکیان لە بگنورد و هەندێکیشیان لە شێروان و ئەوانیتر لە دێیەکانی بادام و بەردەر لە نزیکی باجگیران دادەنیشن و بەکاری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕومالاتەوە خەریکن. هەندێک لە ڕۆشنبیرانی پەهلوانلوو گەیشتوونەتە پلەی مامۆستای زانکۆ.

## خێڵی تۆپکانلوو لە قۆچان

کوردەکانی تۆپکانلوو لەسەرانسەری ناوچەکانی باکووری خۆراسان بە تایبەتی لە قۆچان، شێروان. ئەسفەراین و باکووری نیشاپووردا کاری کشتوکاڵ و ماڵداری دەکەن. بەشێکیان لە هاویندا لە ناوچەی ئەخلومەد و چیای کلیدەر لە باشووری ڕۆژهەلاتی قۆچان کوێستان دەکەن و لە زستانیشدا ڕێگەی دەشتی کەشف روود لە ناوچەی گەرمیانی

سەرخەس دەگرنەبەر و لە دەوروبەری مزدەوران و لوولە مەزنەکانی گازدا ژیانێکی پڕ لە کوێرەوەری دەژین. سەرۆکی خێڵی تۆپکانلوو سەرەتا فەرهاد خان و لە دووای ئەودا رەزا خان بوو. ئێستاکە (١٣٥٩ هەتاوی) گوایە ئەمانوڵڵاخان سەرۆکی ئەم خێڵەیە، خێڵی ئودکانلوو لە دێیەکانی قوشمخانە و قرەچەقە، تۆدکانلوو، خەرق و ئۆوکانلوو دادەنیشن.

## خێڵی تیتکانلوو لە قۆچان

تیتکانلووەکان لە دێیەک بە ناوی تیتکانلوو لە بیست و پێنج کیلۆمەتری باکووری رۆژئاوای قۆچاندا دادەنیشن و هەر لە کۆنەوە کاری کشتوکاڵی و باخەوانی دەکەن. ترێی بە ناوبانگی قۆچان بەری رەنجی دەستی باخەوانانی تیتکانلووە. دێی تیتکانلوو دەکەوێتە شەش کیلۆمەتری باکووری رۆژهەڵاتی (فاروج) کە رێگەی قیرتاوی شێروان - قۆچان پێیدا تێ دەپەڕێت. زمانیان کوردیی کرمانجییە و بە تورکی و فارسییش دەدوێن. تیتکانلووەکان سەر بە خێڵی بادلوون و تایەفەی بورزلانلوو لە دێی بورزلانلوو، لە ناوچەی قوشخانە و و دێی بورزل ئاباد لە ناوچەی قۆچان نیشتەجێن.

## خێڵی هەمزەکانلوو لە قۆچان و بگنورد

بەشی هەرە سەرەکیی خێڵی هەمزەکانلوو لە کوردستانی تورکیا بە جێ ماوە و ئەوەی تری لە دێی هەمزەکانلووی سەروو و خواروو لە باکووری قۆچان و گوندێکی تر بە هەمان ناو لە بگنورد و لە دێیەکانی (گوڵ مەکان) لە نزیکی مەشهەد و دەوروبەریدا نیشتەجێن. حاجی خان هەمزەکانلوو بەگلەربەگی شەڕکەری نادرشا کە هیندستانی ئازاد کرد و فەرماندەی گەنجەی داغستان و رۆژئاوای وڵاتی ئێران و باڵیۆزی نادرشا لە تورکیا بوو، سەر بەم خێڵەیە. زۆربەی هەمزەکانلووەکان لە قۆچان و بگنورد لەو گوندانەی لە سەرەوەدا ناومان بردن نیشتەجێن و خەریکی کشتوکاڵ و باخەوانی و ئاژەڵ بەخێوکردنن. زمانیان کوردیی کرمانجی و تورکی و فارسییە.

## خێڵی رەشوانلوو لە قۆچان و بگنورد

لە گوندی (قوشخانە) کە گوندێکی سەر سنوورە و سەر بە قۆچانە و هەروەها لە باکووری رۆژهەڵاتی بگنورد نیشتەجێن. لەم دووایییەدا ژمارەیەکی زۆریان بەرەو شێروان کۆچیان کردووە. لەسەردەمی فەتح عەلی شادا، حەسەن خانی رۆشنی لە گەورەپیاوانی ئەم خێڵە بووە. بنکەی ناوەندی و خانەنشینیی خێڵی رەشوانلوو گوندی (حەلوا چەشمە)ی باکووری شێروانە. بەشێک لە کوردەکانی خێڵی رەشوانلوو لە دێی (مایوان)ی سەر بە قۆچان دەژین و ژمارەیەک لە لاوانی ئەم خێڵە خوێندنی باڵایان تەواو کردووە و لە بوواری ئەندازەدا خزمەت دەکەن.

## خێڵی روودکانلوو لە قۆچان

بەشێک لە خێڵی (روود کانلوو) لە دێیەکانی دەوروبەری قۆچان نیشتەجێ بوونە. ئەوەی تری بۆ گەرمیان وکوێستان لە هاتوچۆدان.

بەهاوین لە شاخەکانی باکووری قۆچان و چیای شاجیهان و چیای ئارموتلی و بە زستان لە دەشتی کوڕان و تەنیشت رووباری سۆمار و مراوەتەپە گەرمیان دەکەن و ژیانیان لە رێگەی مێگەلدارییەوە بەڕێوە دەچێت. سەرۆکایەتیی خێڵی روودنکانلوو (رووتان) لە سالەکانی ئەم دواییییەدا بەدەست دوو براوە بووە بە ناوی (میراب و زۆراب). روودکانلووەکان نەترس و دلێرن و، زمانیان کرمانجییە. تایەفەی تری کوردی قۆچان برێتین لە: ئەفشەرانلوو، پیرانلوو، سالآن قۆچ، کە لە مزرگ و سالآن قۆچدان.

## خێڵی زەیدانلوو لە قۆچان و دەرگەز •

کوردەکانی زەیدانلوو خەلکێکی دلێر و رەنجکێش و بەرگەگرن، زۆرتر لە دێی زەیدانلوو لە دووازدە کیلۆمەتری باکووری رۆژئاوای قۆچان و دەوروبەری دەرگەز لە دۆلی درۆنگر دادەنیشن و خەریکی باخەوانی و کشتوکالّ و ئاژەلّدارین، زمانیان کوردیی کرمانجییە و بە فارسی و تورکییش دەدوێن.

## خێڵی سێفکانلوو لە ئوغازی قۆچان

خێڵی سێفکانلوو و خێڵی بێچرانلوو لە سەردەمی کۆچ کردنیاندا بۆ خۆراسان و جێگیربوونیان لە ناوچەکانی بگنورد بە بەشێک لە خێڵی کەیکانلوو دەژمێردران. بنکەی ناوەندی و بنەگەی خێڵی سێفکانلوو (گوندی ئوغاز)ی سەر بە ناوچەی باجگیرانی قەزای قۆچانە و شوێنی جێنیشتەبوونی خێڵ، گوندی ئوغازە کە دەکەوێتە سەر سنوور، هەروەها لە دێیەکانی ئیمام قولی، شەرکانلوو، دور بادام قۆچان و لە باکووری رۆژئاوای شێروان لە دێیەکانی زەینەلّ بەگ، قزلّ قان، چاربورج، قەلآ چۆق دادەنیشن. تایەفەکانی تری کورد لە ئوغاز برێتین لە تایەفەکانی رۆتکانلوو، مشکانلوو، خۆراسکانلوو، کافی مشکان و ئۆلآشلوو.

## تایەفەکانی کەم کەیلانلوو لە باجگیران

گەورەترین تایەفەی خێڵی سێفکانلوو تایەفەی کەم کەیلانلووە، کە بنکەی ناوەندیی لە دێی (چەپانلوو)ە. ئەم تایەفەیە دامەزرێنی شاری باجگیرانە کە لەم شارەدا لە دێیەکانی: قەلعە سەفا، قوش قەلعە، تیتکانلوو، قۆچان، شێروان، مەشهەد دادەنیشن.

تایەفەکانی تری سێفکانلوو برێتین لە:

(١)بووانلوو (٢)ئۆلآشلوو (٣)شەکرانلوو (٤)زورتانلوو (٥)کافی مشکان «کالمشکان» (٦)قزلّ قاپلوو (٧)شەرکانلوو (٨)سەفکانلوو

زمانی سەرەکیی خێڵی سێفکانلوو و تایەفەکانی تری ئەم خێڵە کوردیی کرمانجییە و تورکی و فارسییش دەزانن و گشتیان کاریان کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییە.

## خێڵی سێل سپرانلوو لە ناوچەی گیرستانی قوچان

خەڵکی خێڵی سێل سپرانلوو لە دوو گوند کە بەهەمان ناوی خێڵەکانیان ناونراوە، لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران وسۆڤیەتی ئەوسا، لە ناوچەی گیرستان نیشتەجێن. سەردار عەوەز و بنەماڵەکەی، لە سەردەمانی شەڕدا بە وێرەکی و وڵاتپارێزی ناسراون. لە کتێبی مێژووی عالەم ئارای عەباسیدا هاتووە کەوا لە یەکێک لە شەڕەکانی شاعەباس لەگەڵ ڕۆمدا، پیاوانی ئەم خێڵە ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە تا بە تەنیایی لەگەڵ سوپای ڕۆمدا شەڕ بکەن، لە هێرشێکی توند و دلێرانەدا توانییان ژمارەیەکی زۆریان لێ بکوژن و ژمارەیەکی تریشیان لێ بە دیل بگرن و ئیتر ئەوەی تری سوپای ڕۆم هەڵاتوون. شاعەباس کە لەسەر گردێکەوە تەماشای گۆڕەپانی شەڕی دەکرد، ناوی ئەم شەڕکەرانەی بە سێل سەپورانلوو دانا کە وشەیەکی تورکییە و واتاکەی ئەوەیە کە وەک سێل (لافاو) دژمنیان رامالی.

میرەکانی سێل سپرانلوو لە سەردەمی سەفەوییەکاندا هەروەها لە سەردەمی نادرشا و تا سەردەمی شاهدووخ نابینایشدا سەرچاوەیەکی مەزنی خزمەتکردن بوون و سەردەمێک حکوومەتی مەشهەد بە دەستیانەوە بووە، شێوەزاریان کرمانجییە.

## خێڵی شەرانلوو لە دەوڵەتخانەی قوچان

بنکەی ناوەندیی خێڵی شەرانلوو لە کەلاتەی شامحەمەد لە ناوچەی دەوڵەتخانی قوچانە. ئەم خێڵە ژن و پیاوانی زۆر دلێر و باڵابەرز و لەش جوانن. شەرانلووەکان کەلەپووری ڕۆشنبیریی ڕەسەنی خۆیان پاراستووە، لە نێوان قوچان و مراوەتەپەدا مێگەلداری دەکەن و یەکێکن لە گرینگترین خێڵە ڕەشماڵنشینەکانی کورد. ڕەمەزان خان سەرۆکی ئەم خێڵە مەزن و شەڕکەرەیە، بە کرمانجی و تورکی دەدوێن.

## خێڵی شێخکانلوو لە ئوغاز و چناران

خێڵی شێخانلوو یا شێخوانلوو خاوەن پیاوانی دلێر و دلاوەر و بەناوبانگن. شاوێردی خانی شێخوانلوو کە بە یەکێک لە بەرهەڵستکارانی توندی نادرشا ناسراوە، لە پیاوە ناودارەکانی ئەم خێڵەیە. شوکر بەگی شێخوانلوو و سلێمان بەگیش لە پیاوە شەڕکەرەکانی شێخکانلوون کە ئیبراهیم خان برای نادر شایان لە ئەبیوەرد (دەرگەز) شکاند.

قوجەخان شێخوانلوو لەگەورەترین فەرماندەکانی نادر شا بوو، کە بەسرای داگیرکرد. لە ڕۆژانی دەستەڵاتدارەتیی قاجاردا فەرماندەکانی شێخوانلوو لە ناوچەی چناران و

رادکانی سەر بە مەشهەد رۆڵێکی گرینگیان بینیوە. ئیبراهیم خانی کوڕی شاوێردی خان کە لە سەردەمی فەتح عەلی شادا دەژیا، حکوومەتی شێخکانلوو و کاوانلووی لە ناوچەی رادکانی مەشهەد بە دەستەوە بوو. محەمەد رەزاخان کوڕی ئیبراهیم خان فەرماندەی خێڵەکانی کێوانلوو و کاوانلوو وشێخوانلوو لە ناوچەی رادکان و چناران بووە لە سەردەمی ناصرەدین شادا.

حەسەن خان قارەمانی ناوداری کوشتنی چۆخەی خۆراسان، لە خێڵی شێخکانلووی سەر بە چنارانە، خێڵی شێخکانلوو ئێستاکە لە دێیەکانی: قۆچان، رادکان، چناران و لە دێی شێخوانلووی سەر بە دەگەز دادەنیشن ومێگەلداری و کشتوکاڵ دەکەن. ژمارەیەکیشیان لە شاری مەشهەد دادەنیشن. شێخکانلوو خێڵێکی نیوچە کۆچەرە.

## خێڵی قاچکانلوو لە قۆچان

سەبارەت بە ناوی قاچکانلوو کە ئایا لەرەچەڵەکدا قوچ قوینلوو یا قاش قوبونلوو بووە، یاخۆ لە وشەیەکی تردوە هاتووە، صەنیعولدەولە لە کتێبی مەتلەعوششەمسدا دەڵێت: ناوی قۆچان لە ناوی ئەم خێڵەوە وەرگیراوە کە لە دەوروبەری رووباری (ئەترەک) خەریکی مێگەلداری بوون. ئێستاکە خێڵی قاچکانلوو لە دەوروبەری قۆچان و بە تایبەتی لە فەتح ئاباد و لەدێی قاچکانلووی سەر بە ناوچەی دەوڵەتخانە و لە دێیەکانی باچوانلووی دەرگەزدا دادەنیشن و کاری مێگەلداری و کشتوکاڵ دەکەن. زمانیان کوردیی کرمانجییە و تورکی و فارسییش دەزانن.

تایەفەکانی تری کورد لە قۆچان بریتین لە حەسنانلوو لە حەسەن ئاباد، پیرگانلوو لە ئێزی، جمەلانلوو لە قەڵای سپی، مێگەلدارانی باجوانلوو لە شاخەکانی عیمارەت هەزار مەسجید کوێستان و، لە دەوڵەتخانە گەرمیان دەکەن.

## خێڵی قاسمانلوو لە ئەسفەراین

خێڵی قاسمانلوو لە گرینگترین خێڵەکانی سەر بە تایەفەی زافەرانلووە، کە لە داوێنەکانی چیای (شاجیهان) لە نێوان ئەسفەراین و شێروان لەکەلاتەی قاسمانلوو دادەنیشن و کاری کشتوکاڵ و ماڵداری دەکەن. یەکێک لە گەورەپیاوانی خێڵی قاسمانلوو لە گۆڕستانی کۆنی بابە لوقمان لە سەرخەسی مەشهەد بە خاک سپێردراوە و بەردێکی جوان و رێکوپێک لەسەر گۆڕەکەی دانراوە. رەنگە قاسمانلوو لە وشەی (قاسملوو)ەوە وەرگیرابێت کە ئێستە لە گەلیی قاسملوو لە کوردستان دادەنیشن. بەشێک لە خێڵی قاسمانلوو لە گوندی دیز ئابادی قۆچان دادەنیشن و مەڕوماڵات بەخێو دەکەن. تایەفەکانی شێخ ئەمرلوو لە دێیەکانی: ئەردەغان کەلاتە، جاتی خوارو و قەرەخانلوو لە دێیەکانی: ئەلست و سەفیاوە دادەنیشن.

## خێڵی قارەمانلوو لە قۆچان

خێڵی قارەمانلوو کە ئەمرۆکە بە (قەهرە مانلوو) بەناوبانگە، یەکێکە لەگرینگترین خێڵەکانی کوردی زافەرانلوو. سەرۆک و میرەکانی ئەم خێڵە هەر لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی سەفەوییەوە خاوەن دەسەلات و پلەی بەرزبوون. بەیرام بەگی قارەمان یەکێک لەگەورەترین فەرماندەکانی شائیسماعیلی سەفەوی بوو کە پاش شکانی ئۆزبەگ لە خۆراسان بە فەرمانی شائیسماعیل حکوومەتی هەراتی پێ سپێردرا. فەرهاد خان قارەمانلوو بەگەورەترین پلەی سوپایی لە سوپای شاعەباس گەیشت. خێڵی قارەمانلوو لە خۆراسان زۆرتر لە داوێنەکانی باکووری چیای شاجیهان لە ئەسفەراین و لەدەوروبەری مایوان فاروجی سەربە قۆچان دادەنیشن، بەشێکیش لەم خێڵە تائێستە هەر کۆچەرن. وەلی خان قارەمانلوو یەکێک لە ئازاترین فەرماندەکانی کوردی خۆراسانی ساڵەکانی ئەم دووایییە بووە. خێڵەکانی قارەمانلوو و سێفکانلوو بادیلانلوو زۆرتر لە خێڵەکانی تر لەگەڵ پەروەردە و خوێندنی نوێدا ئاشنایەتییان پەیدا کردووە و ژمارەیەک لە منداڵانی ئەم خێڵانە خوێندنی باڵایان تەواو کردووە و لە داوودەزگا جۆراوجۆرەکاندا خزمەت دەکەن.

تایەفەی شەرانلوویش سەربەم خێڵەیە کە لە باکووری قۆچاندا دەژی. مێگەلدارانی قارەمانلوو هاوین لە چیای ئارموتلی و لە زستاندا لە باکووری مراوەتەپە و قاقلان دەرە گەرمیان دەکەن.

## خێڵی کاوانلوو لە چناران و رادکان

کاوانلوو لە گەورەترین خێڵەکانی زافەرانلووە، کە لە ناوچەکانی: چناران، رادکان و ناوچەکانی مەشهەد و گەلییەکانی درونگری دەرگەز و کەلات دادەنیشن وکاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دەکەن، بەشێک لە خێڵی کاوانلوو تا ئێستە نیشتەجێ نەبووە و لە چیاکانی باکووری قۆچان و دەوروبەری ئەسفگیر کوێستان و، لەدەشتی هەجێ و مراوەتەپە و ئاق تۆقە گەرمیان دەکەن. رێبەری ئێستاکەیان (١٣٥٩ هەتاوی) حاجی کەرەم مەولەوییە. بەشێوەزاری کرمانجی دەدوێن، هەروەها بەتورکی و فارسییش دەدوێن.

## خێڵی گۆران لە قۆچان و شێروان

ئەم خێڵە زیاتر لە هەر خێڵێکی تری کورد کولتووری تورک کاری تێ کردووە، چونکە لە هەردوو ناوچەی گوندی گۆرانی قۆچان و ناوچەی فەیرۆزەی شێروان لەگەڵ تورکەکاندا دراوسێیەتییان هەبووە و هەیە. کوردەکانی فەیرۆزە بە پەروەردەکردنی قارەمانانەی خەباتگێری وەک: سەردار عەوەز و سەردار ئاراز و، شێرەژنانی وەک: توحفە گوڵ سەربەرزە. کوردەکانی فەیرۆزە بەسەر پێنج تیرەی گەورەدا دابەش دەکرێن:

(١) گۆران (٢) بەگان (٣) جەلالان (جەلالییەکان) (٤) کوم بەلەکان (٥) قورگان لە (گورگ + ان)ەوە هاتووە و، گورگ ئێلی کە لە تیرەکانی کوردی ناوچەی سەڵدووزی مەهابادە. کوم بەلەکان ئێستە لە (چپوورمە)ی گیرستان دادەنیشن. گۆرانەکان پاش ئەوەی ناوچەی فەیرۆزە بە روسیا سپێردرا هاتنە دێیەکانی ناوچەی قۆچان، بگنورد، قەڵجاق و شێروان و دەستیان کرد بە ئاوەدانکردنەوەی دوو گوند بە ناوی فەیرۆزە شێروان و گۆران ئوغاز و تێیاندا نیشتەجێ بوون. هەروەها تیرەی بەگان و جەلالان لە شێروان و دەوروبەری دادەنیشن وکاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دەکەن. تیرەی تورسانلوو زیاتر لە هەزارماڵیان لە چناران نیشتەجێن.

## خێڵی کەیکانلوو لە قۆچان و بگنورد

خێڵی کەیکانلوو لە گەورەترین خێڵەکانی زافەرانلووە کە بەسەر سێ بەشی مەزندا دابەش دەکرێن: (١) بێچرانلوو (٢) سێفکانلوو (٣) کەیکانلوو

خێڵەکانی بێچرانلوو و سێفکانلوو لە ناوچەکانی سنووری قۆچان و خێڵی کەیکانلوو لە ناوچەی مانەسملقانی بگنورد و بەشێکیشیان لە باکووری قۆچان لە دێیێ (ئینچە کەیکانلوو) دادەنیشن.

## خێڵی کێوانلوو لە رادکانی چناران

خەڵکی ئەم خێڵە مەزنە لە ناوچەی قۆچان، رادکان و چناران دادەنیشن. مەتڵە عوششەمس ناوی سەرۆکی خێڵی کێوانلووی رادکان لەسەردەمی ناصرەدین شادا بەکازم خان ناو دەبات. کێوانلووەکان لە کاروباری مێگەلداری و ژیانی چادرنشینی دەستیان کێشاوەتەوە و روویان کردووەتە باخەوانی و کشتوکاڵ. بەشێک لە خێڵی کێکانلوو لە: جوین و سەبزەوار دادەنیشن وخەریکی کاری کشتوکاڵین.

## خێڵی میانلوو لە چناران و رادکان

میانلوو لەگەورەترین خێڵەکانی کوردی زافەرانلووە، لە سەردەمی پاشایەتیی نادرشا و شاروخدا سەرچاوەی خزمەتێکی زۆر بەنرخ بوونە. ئەحمەدشا دەرانیی پاشای ئەفغانستان نەیتوانی جەعفەرخان میانلوویی کە کورد بوو سەرکوت بکات و دەست بەسەر ناوچەی چناراندا بگرێت. ناچار بە لووت شکاوی گەڕاوەتەوە ئەفغانستان. بەشێکی گرینگ و زۆری جەواهێراتی پاشایەتیی نادرشا لە قەڵای کەلات کەوتە دەستی فەرماندەکانی میانلوو. ئێستاکە گشت کوردە میانلووەکان لە ناوچەی چناران و رادکان دادەنیشن و کاری کشتوکاڵی و باخەوانی دەکەن. شێوەزاریان کوردیی کرمانجییە و بەتورکی و فارسییش دەدوێن.

## خێڵی مژدگانلوو لە نیشاپوور

خێڵی مژدگانلوو وەک عەمارلووەکان لە دێیەکانی دەشتی ماروسکی نیشاپوور، کە حەفتا و دوو دێی کوردنشینی لێیە، نیشتەجێن. جیاکردنی مژدەگانلوو لە عەمارلووەکان کارێکی ئاسان نییە، چونکە زۆر لە ناو یەکتردا تێکەڵاون، حەسەن خان مژدەگانلوو یەکێک لەسەرکردە ناودارەکانی نادرشای ئەفشاری سەر بەم خێڵە بوو. کوردەکانی مژدەگانلوو خەڵکێکی رەنجکێش و چالاک و نەترسن، خەریکی کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵدارین. زمانیان کوردیی کرمانجییە و بە تورکی و فارسیش دەدوێن. تیرەکانی تری کوردی نیشاپوور بریتین لە: کێوانلوو، قارەمانلوو، وەرانلوو و تۆپکانلوو کە لە ناوچەکانی باکوور نیشتەجێن.

## خێڵی میلانلوو لە قۆچان و ئەسفەراین

میلان و زیلان دوو خێڵی کوردن، لە مێژوودا خاوەن شوێنێکی تایبەتی بوونە، هەروەکو نووسەری مەتڵەعوششەمس نووسیویەتی: «... دوو هەزار کەس لە کوردەکانی زیلان ومیلانیان کۆکردەوە...». خێڵی میلانلوو لە رووی ژمارەوە لە خێڵە مەزنەکانە کە لە باکووری خۆراسان دادەنیشن، بەڵام لە بارەی خێڵی زیلان زانیاریمان دەست نەکەوت. تەنیا دەزانین کە کورد لە دووای جێگیر بوون لە ناوچە سنوورییەکاندا، ناوی چیایەکی بەرزی نێوان ئوغاز و باجگیرانیان بە زیلان ناونا. ئێستا ژمارەیەک لە خەڵکی میلانلوو لە ناوچەی سنووری گیرستان لە دوو دێدا کە میلانلوویان ناوە دادەنیشن، زۆربەی ئەم خێڵە کە نزیکەی بیست و چوار تیرەیە، لە ناوچە شاخاوییەکانی نێوان شاری شێروان و ئەسفەرایندا دەژین و کاری کشتوکاڵ ومالداری و باخەوانی دەکەن. هەندێک لە تیرەکانی ئەم خێڵە لە دێییەکانی ئەسفەراین و داوێنی چیای شاجیهان وەک: دەوڵەتاوە، قاسم ئاوا، پرتان، عەباس ئاوا، نۆشیروان، ئەردەغان و بێدوازی سەر بە شاری ئەسفەراین دەژین و مالداری و کشتوکاڵ دەکەن. زمانیان کرمانجی و تورکی و فارسییە. نزیکەی چوار سەت ماڵ لە تیرەکانی پرکانلوو و باچیانلوو لە دێیەکانی: باچێشمە، فەرەچامنگلی، نەصر ئاباد، حەصاری، دەهەنە شور و شیرین، دۆڵیچای ئەسفەراین بە کاری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵەوە خەریکن.

## خێڵی نامانلوو لە گیرستان

نامانلووەکان کە خەڵکێکی وێرەک و شەڕانین، لە ناوچەی گیرستان لەسەر سنووری نێوان ئێران و سۆڤیەتی ئەوسادا دادەنیشن و کاری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕو ماڵات دەکەن، زمانیان کوردیی کرمانجییە و بە تورکی و فارسییش دەدوێن.

## خێڵی ورانلوو لە دوغایی

ورانلوو یەکێک لە گەورەترین خێڵەکانی زافرانلووە کە ئێستە ژمارەی دەگاتە هەزار ماڵ. زیاتر لە پێنج سەت ماڵ لە ناوچەی دوغاییی سەر بە قۆچان، لە دێیەکانی: شەفیع، ئیبراهیم ئاباد، رەزا ئاباد و .. دادەنیشن و کاری کشتوکاڵ دەکەن. نزیکەی پێنج سەت ماڵی تریش لە چیای کلیدردا دەژین. لە هاوین لە دەوروبەری ئەخلومەدی سەر بە مەشهەد و ناوچەی سەرخەس کوێستان دەکەن و لە زستاندا لە مراوەتەپە و کەناری رووباری ئەترەگ گەرمیان دەکەن.

## خێڵی هودانلوو لە دۆغایی

زۆربەی خەڵکی ئەم خێڵە لە ژیانی رەشماڵنیشینی دەستیان کێشاوەتەوە و نیشتەجێ بوونە، زۆرتریش لە ناوچەی دۆغایی دادەنیشن. هەندێکیش بۆ شارەکانی قۆچان و مەشهەد کۆچیان کردووە. بەشێکیان لە چیاکانی نێوان قۆچان و نیشاپوور بەرەو کوێستان دەچن و گەرمیانەکەیشیان لە ناوچەی سەرخەسە. حەبیبوڵلاخان ناصری لەشکری قۆچانی یەکێک لە پیاوە ناودارەکانی ئەم خێڵە بووە. تیرەیەکی تر بە ناوی سێ کانلوو لە دۆغایی دادەنیشێت. مێگەلدارانی هۆدانلوو لە چیایەکانی نێوان قۆچان و نیشاپووردا کوێستان و لە ناوچەکانی سەرخەسدا گەرمیان دەکەن. ئەو خێڵانەی کە نیشتەجێ بوونە بریتین لە:

شادلوو، کێوانلوو، قەرەچورلوو، سۆفیانلوو، شێخکانلوو.خێڵە نیوچە کۆچەرەکان بریتین لە: سێرکانلوو، بێچرانلوو، قارەمانلوو، کە کاری کشتوکاڵیش دەکەن. ئەو خێڵانەی کە هەر لە قۆناغی کۆچەرایەتیدا ماونەتەوە بریتین لە: وەرانلوو، رووکانلوو، هیزوەلانلوو، کاوانلوو (٤٤).

## خێڵ و تایەفە کوردەکانی بگنورد

خێڵە گرینگەکانی کورد لە ناوچەی بگنورد بریتین لە:

(١) شادلوو (٢) زافەرانلوو (٣) قەرەچورلوو (٤) کەیکانلوو (٥)گۆران (٦) هەمزەکانلوو (٧) دووانلوو (٨) رەشوانلوو (٩) زەیدانلوو و تیرەکانی.

ئەم خێڵانە سەر بە تایەفەی مەزنی چەمووش گەزەگن کە لە ساڵی١٠١١ی کۆچی بە فەرمانی شا عەباسی گەورە لە دەشتی وەرامین بۆ ناوچەکانی باکووری خۆراسان گوازراونەتەوە. ئەم خێڵانە لەسەردەمی خۆیدا لەدەوروبەری دەریاچەی وان و ورمێدا بوون. خێڵی شادلوو لە باشووری قەفقاز بۆ ئازەربایجان و لەوێیشەوە بۆ ناوچەی خواری وەرامین، ئەوجا بۆ خۆراسان گوازراونەتەوە.

خێڵی شادلوو- سەرەک خێڵەکانی کورد لەم شارەدا ئەمانەن: (١)جەعفەر قولی

خان سەهامولدەولە (٢) حەیدەر قولی خان سەهامولدەولە (٣)یار محەمەد خان سەهامولدەولە و عەزیزوڵلاخان ناسراو بە سەردار موعەزەز و هتد.. سەر بەم خێڵەن.

ئەم خێڵە بەسەر ئەم تیرانەی خوارەوەدا دابەش دەکرێت:

(١) تیرەی چەمغانلوو (٢) تیرەی دیرانلوو (٣) تیرەی یۆغانلوو (٤) تیرەی ئەمارلوو (٥) تیرەی تاتکانلوو (٦) تیرەی دێرکانلوو (٧) قوبرانلوو (٨) ئالانلوو (٩) ئێزانلوو (١٠) گۆدانلوو (١١) جۆیانلوو (١٢) مترانلوو (١٣) قەرەباشلوو (١٤) گرێوانلوو (١٥) تیرەی قلیچانلوو (١٦) تیرەی هەیبەت زانلوو (١٧) چەپانلوو (١٨) کاغانلوو کە لە شار و دەوروبەری بگنورد و دێیەکانی: گریوان، نیستانە، فەیرۆزە، مەهتان و گوندەکانی سەر بە ناوچەی مانە و سملقان و گاگرم دادەنیشن و کشتوکاڵ و باخەوانی و بەخێوکردنی مەڕومالات پیشەیانە.

خێڵی قەرەچورلوو ـ یەکێکە لە خێڵە مەزنەکانی تایەفەی چەمووش گەزەگ، پیاوەکانی بە خۆشمێری و نەترسی بەناوبانگن. لەسەردەمی سەفوییەکاندا لە سابلاخەوە کۆچیان پێ کراوە و لە شار و دێیەکانی دەوروبەری ناوچەی گرمە و مانە و سملقان دادەنیشن، کاریان کشتوکاڵ و ماڵداری و باخەوانییە. هەندێک لە رۆڵەکانی ئەم خێڵە خوێندنی بالایان تەواوکردووە و لە داوودەزگاکانی حکوومەتدا بە پلەی بەرز گەیشتوون و هەندێکیشیان پلەی نوێنەرایەتییان لە ئەنجوومەنی شوورای میللیی ئێراندا بەدەست هێناوە.

لە کتێبی مەتلەعوششەمدا هاتووە: سەرۆکی کوردەکانی قەرەچورلوو لەسەردەمی ناصرەدین شادا، صەفەر عەلی خان بوو. بەشێک لە خێڵی قەرەچورلوو لە دێیەکانی ناوچەی باچوانلوودا لەدەرگەز دادەنیشن. نەجەف قولی سوڵتان، یەکێک لەسەرکردە وێرایەکانی سوپای نادرشا سەرۆکی ئەم خێڵە بوو کە لە دوواییدا باسی دەکەین.

خێڵی زافەرانلوو ـ بەشێکە لە تایەفەی مەزنی زافەرانلوو و تیرەکانی لە دێیەکانی: شوغا، تەوەر، کوشقان (جوشقان)، محەمەداوا، چەپپە و حەسار دادەنیشن. ئەم خێڵە لەم تایەفانەی خوارەوە پێک دێ:

(١)تیرەکانی بورزانلوو و بەدرانلوو لە گوندەکانی بورزانلوو و بەدرانلوو و حەیدەراوا دادەنیشن.

(٢) تیرەکانی غەم پەرانلوو و وەرانلوو لە دێیەکانی: کریوان، نیستانە، فەیرۆزە، موهتان، قەلاوێردی دادەنیشتن. شایەنی باسە زۆربەی تیرەی غەم پەرانلوو لە قەلای محەمەدخان و تیری وەرانلوو لە عەلیاوە دادەنیشن.

(٣) تیرەی بوغانلوو لە دێی عەلیاوەی بگنورد دادەنیشن و بەکاری کشتوکاڵ و باخەوانی و ئاژەڵدارییەوە سەرقاڵن.

بەشێک لە خێڵ و تیرەکانی تری کورد لە بگنورد برێتین لە:
(١) کەیکانلوو ـ لە دێیەکانی مانە و سملقان
(٢) گۆران ـ لە فەیرۆزەی بگنورد
(٣) شەرانلوو ـ لە مراوەتەپە
(٤) هەمزەکانلوو ـ لە دێی هەمزەکانلوو
(٥) رووکانلوو ـ لە مراوەتەپە
(٦) رەشوانلوو ـ لە دێیەکانی باکووری رۆژهەڵاتی بگنورد
(٧) دوانلوو ـ لە گاگرم
(٨) قاشکانلوو ـ لە قاچکانلوو
(٩) زەیدانلوو
(١٠) باچیانلوو ـ لە ئاشخانە

خێڵەکانی شەرانلوو و رووکانلوو هەروەکو پێشتر باسمان کرد، لە گەرمیان و کوێستان ژیان بەسەر دەبەن و ئەوانیتر نیشتەجێ بوونە و بە کشتوکاڵەوە خەریکن.

## تایەفەکانی بادلوو و خەرکانلوو لە گلمکان

تایەفەکانی بادلوو و خەرکانلوو سەر بە تایەفەی مەزنی زافەرانلوو لە دێیەکانی: سەیداوە، چەهچەهە، محەمەداوە، شەمساوە، چاربورج، کەلاتە بادلوو، قەهقەهەی سەر بە ناوچەی گلمکانی مەشهەد دادەنیشن وکشتوکاڵ و باخەوانی و ماڵداری پیشەیانە. زمانی خێڵ و تایەفەکانی کوردی خۆراسان بە شێوەیەکی گشتی کوردیی کرمانجییە و بە تورکی و فارسییش دەدوێن (٤٥).

## تایەفەکانی کورد لە دەرگەز

خێڵ و تایەفەکانی کورد لە دەرگەز هەروەک خێڵەکانی دانیشتووی قۆچان و شێروان و بگنورد و.. تاد، بەشێکیان لەسەردەمی شا ئیسماعیلی یەکەم لەساڵی ٩١٦ی کۆچیدا راگوازراونەتەوە. شائیسماعیلی سەفەوی لە ساڵی ٩١٦ی کۆچیدا لەشکری کێشایە سەر خۆراسان و لە نزیک مەرۆ محەمەدخانی شەیبانی پاشای ئەزبەکی شکاند و جارێکی تر دەستی بەسەر گشت ناوچە داگیرکراوەکانی خۆراساندا گرتەوە و ناوچە سنوورییەکانی مەرۆ، سەرخەس، ئەبیوەرد و، نەسای بەهێز کرد و بەیرام بەگی قارەمان (قەهرەمانلوو)ی سەرکردەی مەزنی کوردی بە سەرۆکی حکوومەتی ناوچە سنوورییەکانی درون و نسا و ئەبیوەرد و دەرگەز دامەزراند. نەجەف قولی سوڵتانی قەرەچۆرلوو و سەرکردەی ئازای نادرشا لە کاتێکدا کە ناکۆکی لە نێوان ئەو و نادرشادا پەیدا بوو بە نادرشا دەڵێت: «لە مێژەوە تا ئێستە نزیکەی سێ سەت ساڵە تیرەکانی کورد لەم سەر

زەوییەدا و لە دێیەکانی باچوانلوو لە دۆڵی رۆنگر نیشتەجێ بوونە و لە هێزی شمشێرەکانی ئێمە هەموو کەسێک لە م سنوورەدا لە ترسانە دەلەرزێت» (٤٦) ئەم گوتەیە، هۆی نیشتەجێ بوونی کوردەکان لەو رۆژگارەدا لە دەرگەز دەسەلمێنێت.

بەشێکی تر لە خێڵەکانی کورد سەر بە تایەفەی مەزنی چەمووش گەزەگ لەسەردەمی حوکمرانەتیی شاعەباسی گەورەدا، لەساڵی ١٠١١ی کۆچیدا بۆ ناوچە سنوورییەکانی دەرگەز ڕاگوازراونەتەوە. لەم بارەیەوەش لە کتێبی عالەم ئارای عەباسی (٤٧) و هەروەها مەتڵەعوشەمسدا هاتووە: «شاعەباس لەسەرەتای ساڵی ١٠١١ی کۆچیدا هاتە خەبوشان (قۆچان) و شاقولی سوڵتان میری خێڵی چەمووش گەزەگی لەگەڵدابوو، بە پێشکێش کردنی پلەی ئەیالەت و خانەتی، سەرفرازی کرد و حکوومەتی ئەلکای درون، نسا، ئەبیوەرد، دەرگەزی بە ناوبراو و ئەسپارد و بڕیاری دا چوار هەزار ماڵ سەر بە خێڵی چەمووش گەزەگ کە بەر لە دوو سێ ساڵ لە ناوچەی ئازەربایجان و مەهابادەوە بۆ دەشتی خوار لە وەرامین ڕاگوازرابوون بۆ ئەبیوەرد و ئاخال واتک و چەهچەهە و نسا کە دەکەونە سەر سنووری نێوان ئێران و تورکستان، بگوازێتەوە تا بەربەستێک بەرانبەر بە هێرشەکانی ئۆزبەگ پێک بێنن. لە ئاکامدا خێڵەکانی چەمووش گەزەگ لەو کاتەدا بۆ شارەکانی باکووری خۆراسان بۆ نموونە: ناوچەکانی سنووری دەرگەز گوازرانەوە و بە تێپەڕبوونی کات بەرە بەرە چەند گوندێکیان ئاوەدان کردەوە و هەر گوندێکیان بەناوی خێڵێکیانەوە ناو نا.

### شێخوانلوو لە دێی شێخوانلوو

بەشێک لە خێڵی شێخکانلوو کە لە دەرگەز بە شێخوانلوو ناو دەبرێت، لەناو دۆڵی درۆن (درۆنگر)و لە گوندێک بە هەمان ناوەوە دادەنیشن و کاری کشتوکاڵ و ماڵداری و پیشە دەستییەکان دەکەن. گەرمیانەکەیان لە شێخوانلووەکان یا قەقوول (زەرین کۆ) و کوێستانەکەیان لە دەشتی ئاسلمە و گلیداغدە.

### باچوانلوو لە ناوچەی باچوانلوو

بەشێک لە خێڵی قاچکانلوو کە لە دەرگەز بە باچوانلوو ناسراون، بەسەر ئەم تیرانەی خوارەوەدا دابەش دەبن:

(١)باچوانلوو (٢)تۆزانلوو (٣) خەلانلوو

ئەم تیرەو تایەفانە لە دێیەکانی: خەلانلوو، پاڵکانلوو، جلفان، بورج قەڵا، تۆزانلوو کە بە ناوی ناوچەی باچوانلوو بەناوبانگە دادەنیشن و کاری کشتوکاڵ و ماڵداری و پیشە خۆماڵییەکان دەکەن. لە ناوچەکانی: یاققول، زەرین کۆ، دەشتی ئاسلمە و گلیداغ، چیای هەزار مەسجید، گەرمیان وکوێستان دەکەن. زمانیان کوردیی کرمانجییە و بەتورکی و

فارسییش دەدوێن.

## قەرەچوڕلوو لە ناوچەی باچوانلوو

بەشێک لە خێڵی قەرەچوڕلوو کە لە خێڵە مەزنەکانی کوردە، هاوبەش لەگەڵ باچونلووەکاندا لە ناوچەی باچوانلوو، لە گوندەکانی: پاڵکانلوو، بورج قەڵا، میانکۆ و، جلڤان دادەنیشن، هەروەکو پێشتریش باسمان کرد، ئەم خێڵە لەسەردەمی شائیسماعیلی سەفەویدا لە سابلاخ بۆ دەرگەز ڕاگوازراوەتەوە و لە دۆڵی درۆنگر نیشتەجێ کراوە، ئەم گوندانەی سەرەوەیان ئاوەدان کردووەتەوە و، تێیاندا نیشتەجێ بوونە. پیاوانی ئەم خێڵە قارەمان و ئازا و نەترسن، لەسەردەمی نادرشادا کۆمەڵێک لە لاوە نەبەزەکانی ئەم خێڵە بە سەرکردایەتیی نەجەف قولی سوڵتان لە ڕیزی سوپای نادرشادا بوون، بەشێکی زۆری سەرکەوتنەکانی نادرشا بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە. خەڵکی ئەم خێڵەیش کاری کشتوکاڵ و ماڵداری و چنینی جاجم ومافوور دەکەن.

## زێدانلوو و مادانلوو لە زێدانلوو

تایەفەکانی زێدانلوو و مادانلوو سەر بە تایەفەی مەزنی چەمووش گەزەگن، لەسەردەمی قاجارییەکاندا لە کاتی فەرمانڕەوایەتیی سەلیم خان حاکمی دەرگەز(١٢٦٢-١٢٧٠ کۆچی) لە قوچانەوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە بێ دانیشتووانەکان بۆ دەرگەز ڕاگوازراونەتەوە و لە دووازدە کیلۆمەتری گوندی سەنگ سۆراخ نیشتەجێ کراون. ئەوانیش قەڵایەکیان بە ناوی زیندانلوو بۆ خۆیان دروست کردووە و تێیدا ژیاون و بەشێکیشیان لە دێی لوتف ئاباد نیشتەجێ بوونە و کاری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕوماڵات دەکەن. گەرمیانەکەیان زەرین کۆ و کوێستانیان دەشتەکانی نوخەندانە لە چیای هەزار مەسجید.

## کەیکانلوو لە درۆنگەر

بەشێک لە خێڵی کەیکانلوو سەر بە تایەفەی مەزنی چەمووش گەزەگ لە دووای گواستنەوەی بۆ ناوچە سنوورییەکانی خۆراسان لە دۆڵی درۆنگەر نیشتەجێ بوونە و گوندێکیان بەم ناوەوە ئاوەدان کردووەتەوە. کەیکانلووەکان کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕوماڵات پیشەیانە، زمانیان کوردیی کرمانجییە و بە توركی و فارسییش دەدوێن.

## کێوانلوو لە زەنگلانلوو کاهوو

بەشێک لە خێڵی کێوانلوو کە لە ناوچەی قوچان و چنارانی مەشهەد دادەنیشن، لەسەردەمی قاجارییەکاندا بەهۆی ئەڵڵا یارخانی حاکمی دەرگەزەوە بۆ ئەم شارە ڕاگوازراونەتەوە (١٢٧٠-١٢٨١ کۆچی)و بۆ سەت و پەنجا ماڵ لەسەر ئاوی شەمسی

خان جێگەیان پێ دراوە، لەوێ قەڵایەکیان دروست کردووە و ناوی ئەم قەڵایەیان ناوە زەنگلانلوو، ئەم ناوەیش لەوەوە هاتووە کە گوایە زۆربەیان خاوەن حوشتر بوون و لەملی حوشترەکان زەنگۆڵیان هەڵدەواسی، بۆیە ناوی دێیەکە و دانیشتوانی بە زەنگلانلوو ناو نراوە. هەروەها پەنجاماڵیان لە نێوان شارۆچکەی چاپشلوو و شاری محەمەداوە لەتەک کانییە ئاوێکدا جێگایان پێ دراوە، ئەوانیش لەوێوە قەڵای ئەسپیان دروست کردووە. بۆ سەت ماڵی تریش لە نێوان نوخندان و دێی جەژناوە لە دەشتێکدا شوێنیان بۆ تەرخان کراوە و گوندێکیان بەناوی کاهوو ئاوەدان کردووەتەوە. پاشان ژمارەیەکی تر لەم تایەفەیە، بەهۆی پێوەندیی خێڵەکی لە قۆچانەوە بەرەو ئەم ناوچەیە کۆچیان کردووە و، گوندێکیان بەناوی تەکۆ ئاوەدان کردووەتەوە. ئەم کوردانەیش کاری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕوماڵات دەکەن و لە یاققول، زەینکۆ و دەشتەکانی: لوتفاوە، تەکۆ و، میانکۆ گەرمیان و کوێستان دەکەن.

## پالکانلوو لە ناوچەی باچووانلوو

پالکانلوو سەر بە تایەفەی مەزنی شکاکە. لەسەردەمی شائیسماعیلی سەفەویدا، دووای ئەوەی ناوچە سنوورییەکانی خۆراسان دووبارە لە ئۆزبەگ ئەستێندرانەوە، بەشێک لەم خێڵە بۆ دۆڵی درۆن (درۆنگر) گوازراونەتەوە تا بەربەستێک بەرانبەر ئۆزبەگەکان دروست بکەن. ئەم خێڵە گوندەکانی: پەلکانلووی سەروو و پەلکانلووی خواروویان ئاوەدان کردەوە و پێکەوە لەگەڵ خێڵی قەرە چورلوو و باچوانلوودا لە ناوچەی باچوانلووی سەر بە ناوچەی نوخندانی دەرگەز دادەنیشن و کاری ماڵداری و کشتوکاڵ و پیشە خۆماڵییەکان دەکەن. زمانیان کوردیی کرمانجی و تورکییە و بە فارسییش دەدوێن.

## قەرەچورلوو و شادلوو لەمیانکۆی چاپشلوو

لەسەردەمی فەرمانڕەواییی ئەڵلایارخانی حاکمی دەرگەزدا، لە نێوان ساڵەکانی ۱۲۷۰ - ۱۲۸۱ی کۆچیدا، بەشێک لە خێڵی شادلوو و قەرە چورلوو بە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی دەرگەز لە بگنورد کە ناوەندی ئەم دوو خێڵەیە بۆ دەرگەز گوازراونەتەوە و، سەت و پەنجا ماڵ لە نێوان چیای ناوچەی چاپشلوو جێگەیان پێ دراوە، کە بەرەبەرە دێیەکانی: سیاب، خادمانلوو، زەرتانلوو، دەربەندی کەپییان ئاوەدان کردووەتەوە، ژمارەیەکی تریشیان لە گوندەکانی: کیگان، دێ هشت، میاب، قەڵای حەسەن نیشتەجێ کراون و جێگە بە سەت و پەنجا ماڵی تریش دراوە لە ناوچەی قەرەباشلووی سەر بەناوچەی چاپشلوو، ئەوانیش لە گوندەکانی: داغدار، قەڵای مینا، حەقوردی، قۆڵ جەقو، یەلان جوق، ئامتراش، سوتێلی، گونداب و، بشارەت نیشتەجێ بوونە و کاری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕوماڵات دەکەن. مێگەلدارانی ئەم تایەفانە لە دەربەند و

کهبکان و دەشتەکانی چیای هەزار مەسجید گەرمیان و کوێستان دەکەن.

### زەنگنە لە نوخندان

بەشێک لە خێڵی زەنگنە لەسەردەمی دەستەڵاتداریەتیی نادرشادا، لەساڵی ١١٤٦ی کۆچی و دوای سەرکوتکردنی شۆڕشی محەمەد خانی بلووچ حاکمی فارس، بەفەرمانی نادرشا بۆ دەرگەز دوور خرانەوە، کە ئەمانەیش لە دۆڵی درۆن و نوخەندان و باچوانلوو نیشتەجێ بوون و کاری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕوماڵات دەکەن. زمانی ئەم تایەفەیە کوردی و فارسییە و بە تورکییش قسە دەکەن. بنەماڵەی ئەبازەڕی غەففاری و حەیدەربەگی جەعفەری سەر بەم تایەفەیەی زەنگنەن.

### تۆزانلوو لە باچوانلوو

تایەفەی کوردی تۆزانلوو کە بە زانلوویش ناودەبرێت، لەگەڵ خێڵی باچوانلوو لەسەردەمی سەفەوییەکاندا بۆ دەرگەز گوازراونەتەوە و لە دۆڵی درۆن لە ناوچەی باچوانلوو نیشتەجێ کراون، لەم شوێنەدا گوندێکیان بەناوی تۆزانلوو ئاوەدان کردووەتەوە. کاری ئەم تایەفەیە بەخێوکردنی مەڕوماڵات و کشتوکاڵ و پیشە خۆماڵییەکانە.

### دۆڵەشانلوو لە باچوانلوو

تایەفەی کوردی دۆڵەشانلوو یا گۆشانلوو، سەر بەخێڵی مەزنی باچوانلووە، کە لەم ناوچەیەدا لە دێی دۆڵەشانلوو دادەنیشن و کشتوکاڵی دێمی دەکەن و خاوەن مەڕوماڵاتن. زمانیان کرمانجییە.

### ئەرتکانلوو لە ئەرتییان

تایەفەی ئەرتکانلوو کە لە دەرگەز بە ئەرنیانلوو دەناسرێت و، سەر بەخێڵی گەورەی عەمارلووە، کە لەسەردەمی دەستەڵاتداریەتیی نادرشای ئەفشاردا، لە دەشتی مارووسکی سەر بە ناوچەی نیشاپوورەوە بۆ دەرگەز گوازراونەتەوە و لە دەوروبەری دەستگرد نیشتەجێ کراون ،گوندێکیان بەناوی ئەرتییان ئاوەدان کردووەتەوە، تێیدا کاری کشتوکاڵ و باخەوانی و بەخێوکردنی مەڕوماڵات دەکەن. ئەم تایەفەیە بە فەرمانی نادرشا بۆ بەهێزکردنی ناوچە سنوورییەکان، بۆ ئەم ناوچەیە ڕاگوازراوەتەوە، گوندی ئەرتییان سەر بە ناوچەی دەرگەزە، ژمارەی دانیشتوانی سێ سەت کەسە.

### زافەرانلوو لە دۆتانلوو

بەشێک لە خێڵی مەزنی زافەرانلوو لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەللایارخانی فەرماندراری دەرگەز دا، لە نێوان ساڵەکانی (١٢٧٠ - ١٢٨١ ی کۆچی)، لە قوچان بۆ دەرگەز ڕاگوازراونەتەوە و، لە تەک گوندی ئەتانلوو نیشتەجێ کراون و گوندێکیان بە

ناوی دۆتانلوو ئاوەدان کردووەتەوە. تایەفەی گەنج بەگیش سەر بەم خێڵەیە و، لە نێوان دێیەکانی خێر ئاباد و گوڵ خەندان لە گەلییەکدا، لە سنووری ئێران و سۆڤیەتی ئەوسا جێگیر بوونە و گوندێکیان بەناوی سەرقەڵا دروست کردووە و لەم گوندەدا دادەنیشن. مەبەست لە گواستنەوەی بەشێک لە کوردەکانی زافەرانلوو بۆ دەرگەز پڕکردنی ناوچە سنوورییە خاڵییەکان بووە. کاری ئەم تایەفەیە کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕومالاتە.

## پەریوانلوو لە پەساکۆ

کوردەکانی پەریوانلوو لە ناوچەکانی نێوان مەشهەد و پەساکۆ لە دەرگەز و کەلات، بە شێوەی خێڵەکی گەرمیان و کوێستان دەکەن و لە لەوەڕگە و دارستانەکانی دەوروبەری سەرخەس، چەهچەهە، پساکۆ لە دەرگەز و کەلات سوود وەردەگرن (٤٨).

## چگنی یا چگنەلوو لە نوخەندان

نزیکەی بیست ماڵ لە کوردەکانی چگنی یا چگنەلوو کە ناوەندی سەرەکییان لە چگنە یا چگنیی سەر بە نیشاپوورە، لە سەردەمی قاجارییەکاندا بۆ نوخەندان راگوازراونەتەوە و لەوێ نیشتەجێ کراون، خەریکی کاری باخەوانی و ماڵدارین. چگنییەکان پیاوانی نەترس و چالاک و کارزانییان هەیە. ئەحمەد وەفادار پاڵەوانی ئێران لە زۆرانبازیدا، لە رۆڵەکانی ئەم خێڵەیە و خەڵکی نوخەندانە. ئەم تایەفەیە بە کوردیی کرمانجی و تورکی و فارسی دەدوێن.

## سۆفیانلوو لە درۆنگەر

تایەفەی کوردی سۆفیانلوو سەر بە خێلی چەمووش گەزەگ، لە سەردەمی شاعەباسی گەورە، لە ساڵی ١١٠١ی کۆچیدا، بۆ ناوچە سنوورییەکانی دەرگەز گوازراونەتەوە و، لە دۆڵی درۆنگەر (لە سنووری تورکمانستان) نیشتەجێ کراون. ئەم تایەفەیە لەو ناوچانەی پێی سپێردراون، گوندەکانی: محەمەد تەقی بەگ، دۆست محەمەد بەگ، عەوەز بەگ، محەمەد وەلی بەگی ئاوەدان کردووەتەوە و تێیاندا دەژین، کاری ئەم تایەفەیە کشتوکاڵ و باخەوانی و ماڵدارییە. کوێخای ئەم خێڵە لە سەردەمی نادرشادا، شاوێردی بەگ سۆفیانلوو بووە، کە فەرمانی دامەزراندنی بە کوێخای خێڵی سۆفیانلوو لە ٢٧ ی مانگی جەمادیی یەکەمی ساڵی ١١٥٠ی کۆچی و لە لایەن نادرشاوە بۆ دەرکراوە، دەقی ناوەرۆکی ئەم فەرمانە لە لاپەڕە ٤٦٩ ی کتێبی نادرنامەی قودسی لە بڵاوکراوەکانی ئەنجوومەنی میللیی خۆراساندا، چاپ کراوە. دەتوانین لە سەرکردە ناسراوەکانی ئەم خێڵە، ناوی موراد خانی سۆفی ببەین. ئەم خێڵە بە کوردیی کرمانجی و تورکی و فارسی دەدوێن، گەرمیانیان لە دەرین کۆ و کوێستانیان لە دەشتەکانی چیای عەلی بلاغ لە شاخەکانی هەزار مەسجیدە.

## تایەفەکانی کورد لە کەلات

**(١) تایەفەی پەریوانلوو:** هەروەکو پێشتر باسمان کرد، لە ناوچەکانی نێوان مەشهەد و دەرگەز و کەلات، بە شێوەی خێڵەکی گەرمیان و کوێستان دەکەن و زۆربەی کاتی خۆیان لە گەڵ مەڕومالاتەکانیاندا بەسەر دەبەن و لە دێیەکانی: لاین و خاکستەر، لە ناوچەی کەلات دادەنیشن.

**(٢) تایەفەی ئەردەلان:** سەر بە خێڵی مەزنی ئەردەلانە، کە لە سەردەمی دەستەلاتدارەتیی نادرشادا، لە ناوچەکانی کرمانشا بۆ خۆراسان راگوازراونەتەوە و لە دێی یەن کێچەی سەر بە ناوچەی کەلات نیشتەجێ کراون، کاری ماڵداری و کشتوکاڵ دەکەن. زمانیان کوردییە و، بە فارسی و تورکییش گفتوگۆ دەکەن. تایەفەکانی تری برێتین لە : عەرەب گەرلوو و بەرزانلوو.

**(٣) تایەفەی شادلوو:** زیاتر لەسەت ماڵ لە دانشیتوانی چەرەم لە کوردەکانی سەر بە تایەفەی شادلوون.

**(٤) تایەفەی بۆرانلوو:** سەر بە خێڵی مەزنی چەمووش گەزەگن، کە لە سەردەمی شا عەباس، لە ساڵی ١٠١١ی کۆچیدا، بۆ ناوچەکانی باکووری خۆراسان، قۆچان و، دەرگەز راگوازراونەتەوە، ئەم تایەفەیە لە دێی خشتی سەر بە ناوچەی کەلات نیشتەجێن و، کاری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕومالات دەکەن. تایەفەکانی تری کورد لە کەلات برێتین لە:

رەشوانلوو لە خاکستەر و لاین. زەیدانلوو و سۆفیانلوو و شێخوانلوو لە یەنەباغ. کەریم ئاباد، کەلات، رەبات، پول گەرد، لایین کۆنە، باجخۆرانلوو، حاجی ئاباد. پەرانلوو لە نزیکی کاخک، کوم کێلانلوو، شادلوو لە خاکستەر و، چوخۆرانلوو لە رەباتی لایین نوو، هەروەها چەند تایەفەیەکی کورد لە دێیەکانی ئەحمەد ئاباد، ئاوگەرم و چماری سەروو دەژین.

**(٥) تایەفەی گۆشانلوو:** سەر بە تایەفەی مەزنی زافەرانلووە، کە هاوکات لەگەڵ راگواستنی خێڵی چەمووش گەزەگ لە دێی خشتی سەر بە کەلات نیشتەجێ بوونە و ماڵداری و کشتوکاڵ دەکەن. ناوی ئەم تایەفەیە بە هۆفشانلوو ناو دەبرێت، زستانان لە دەرگەز بەسەر دەبات.

**(٦) ترسانلوو:** خێڵێک لە کوردەکانی ترسانلوو لە دێی دەربەندی کەلات دادەنیشن.

## تایەفەی بادللوو لە قۆچان و دەرگەز

کوردەکانی تایەفەی بادللوو سەر بە تایەفەی مەزنی چەمووش گەزەگن، کە بە فەرمانی شاعەباس لە ساڵی ١٠١١ی کۆچیدا لە دەشتی وەرامین بۆ ناوچەکانی باکووری خۆراسان راگوازاونەتەوە. بەشێکیان لە دێی گوڵ مەکانی سەر بە مەشهەد و بەشێکی تریش لە

دێیەکانی یام و فارووج و قۆچان و بەشەکەی تر لە نوخەندانی دەرگەز دەژین، کاریان کشتوکاڵ و ماڵدارییە. زمانییان کوردییە و بە تورکی و فارسیش گفتوگۆ دەکەن. لە کتێبی ڕیجالی ئێران (پیاوانی ئێران)دا هاتووە: حاتەم خانی بادللوو لە فەرماندەکانی ئەم خێڵە، لە ساڵی ۱۱۵۷ی کۆچیدا بە فەرمانی نادرشا، حاکمی فارس بووە [٤٩]. خێڵەکانی بادللوو، سێفکانلوو، تیانلوو، تیتکانلوو و بێچرانلوو سەر بە خێڵی مەزنی کەیکانلوون.

**تایەفەکانی تری کورد لە دەرگەز**

**(۱) تایەفەی تۆرانلوو Toranlo:** کوردەکانی تۆران لە دێی بورج قەڵا، لە ناوچەی باچوانلووی سەر بە ناوچەی نوخەندان دەژین، کە توورانلوویشی پێ دەگوترێت.

**(۲) تایەفەکانی تۆپکانلوو و پەهلەوانلوو:** لە دێیەکانی حەسناوە و خاخیان و کەلەکەندی لە ناوچەی قەرەباشلووی سەر بە ناوچەی چاپشلوو و ۲۵ ماڵیش لە حەزرەتی سوڵتان دەژین.

**(۳) تایەفەکانی کوردی بێچرانلوو:** لە دێی حەقوردی لە ناوچەی قەرەباشلووی سەربەناحیەی چاپشلوو و دێی دادغار و عەباس ئاباد دادەنیشن.

**(٤) تایەفەی خاخیانلوو:** نزیکەی پەنجا ماڵ لە کوردەکانی تایەفەی خاخیانلوو لە دێی خاخیان دادەنیشن و کاری کشتوکاڵ و ماڵداری دەکەن. ئەم دێیەش سەر بە ناوچەی نوخەندانە.

**(٥) تایەفەی خەلانلوو یا خەلکان لوو:** ئەم تایەفەیە نزیک بە پەنجا ماڵ دەبێت و لە دێی خەلانلوو لە ناوچەی باچوانلووی سەر بە نوخەندان و هەروەها لە شاری نوخەندان دادەنیشن.

**(٦) تایەفەکانی هەمزەکانلوو و بوانلوو:** لە دێیەکانی شیوە یا شووی لە ناوچەی باچوانلووی سەر بە ناوچەی نوخەندان دادەنیشن.

**(۷) تایەفەی قەرەچانلوو:** لە قەڵا حەسەن کەدخودا لە ناوچەی درونگری سەر بە ناوچەی نوخەندان دادەنیشن.

**(۸) تایەفەی کەپکانلوو:** لە کەپکان لە دەشتاییەکەی چیای ( ئەڵلاهو ئەکبەر) لە دەرگەز دادەنیشن و، کاری ماڵداری و کشتوکاڵ دەکەن.

**(۹) کوم کەیلانلوو:** ئەم تایەفەیە لە قەڵای ڕەحمان قولی لە دڕۆنگری سەر بە ناوچەی نوخەندان دادەنیشن.

**(۱۰) مامیانلوو:** ئەم تایەفە کوردە بە ناوی مامەدانلوویش ناو دەبرێت، حەفتا ماڵن، لە قەڵای بەهادورخان لە ناوچەی دڕۆنگری سەر بە نوخەندان دادەنیشن.

**(۱۱) گوهشانلوو:** ئەم تایەفەیە هۆفشانلوو و گاوەستانلوویشی پێ دەگوترێت، کاری

مـاڵداری دەکـەن. لە زستـانـدا لە دەرگـەز و دێی دۆڵەشـانلـوو و لە هاویندا لە دۆڵەکـانی قۆچان دەگوزەرێنن (٥٠).

## کۆچەرانی کوردی خۆراسان

هەروەکـو پێـشـتـر باسـمـان کـرد، زۆربەی تـایەفـەکـانی کـورد لە شـارەکـانی باکـووری خۆراسـان، واتە لە : دەرگەز، قۆچان، بگنورد، شێروان و باجگیران دادەنیشن، یاخۆ لە قۆناغی نیوچە کۆچەریدان و ژمارەیەکیش لە تایەفەکانی کوردی خۆراسان تا ئێستە هەر کۆچەرن. دوکتۆر حوسێن پایلی یەدزی لە بارەی کوردەکانی کۆچەر و ڕەوەند لە باکووری خۆراسان لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، لێکۆڵینەوەیەکی بە نرخی ئەنجام داوە و، ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی خۆی بەم شێوەیە شی کردووەتەوە:

«... لە تابلـۆی خوارەوەدا ناوی ئەو تایەفـانە دەبات کە لە سـاڵی ١٣٥٧دا کـۆچیـان دەکرد:

(١) تۆپکانلوو (بەشێک لە تۆپکانلوو) لە دەرەوەی سنووری باکووری خۆراسانن بۆ لای سەبزەوار

(٢) پەروانلوو

(٣) قارەمانلوو

(٤) وەرانلوو

(٥) باژکانلوو (باج کانلوو، باجیانلوو)

(٦) ملانلوو

(٧) رووکانلوو

(٨) بریمانلوو

(٩) کاوانلوو (کاوکانلوو)

(١٠) قاج کانلوو

(١١) عەمرانلوو (ئەمارلوو)

(١٢) بادلانلوو

(١٣) هێزلانلوو

(١٤) کوردی هەشت مورغی

(١٥) شەرانلوو

(١٦) ملایان (ناوچەی ئەسفەراین)

(١٧) رەشوانلوو (ناوچەی ئەسفەراین)

سەرەڕای ئەم حەڤدە گرووپە کوردە، پازدە دەستە لە خۆراسانی باکوور و دوو دەستە لە

دەرەوەی ئەم چوارچێوەیەن، تایەفەیەکی بلووچ کە لە دوو گەڕەک و حەڤدە ماڵ پێک دەهات لە باکووری خۆراساندا دەژیان.

هەندێک لە تایەفەکان بەسەر چەند دەستەی نیوچە تایەفە و چاریەکە تایەفەدا دابەش دەکرێت، بۆ نموونە: تۆپکانلووەکان، بەسەر ئەم لکانەدا دابەش دەکرێن:

(١) نووز
(٢) کورکانلوو
(٣) سمکانلوو
(٤) ئالوو
(٥) کنوو
(٦) مووساخانی یا فەرهادی
(٧) عاشق
(٨) ئاغا محەمەدی
(٩) محەمەدی

## قارەمانلوو

(١) قارەمانلوو
(٢) گۆلوانلوو (٥١)

## ژمارەی کوردەکانی شارستانیی باکووری خۆراسان

تا ئیستە ژمارەیەکی ورد و دروست لە تایەفەکانی کوردی دانیشتووی شارەکانی باکووری خۆراسان بەدەست نەهاتووە، چونکە لە کاتی سەرژمێری یا لە هەژماردنی دانیشتوانی شار و دێیەکانی تردا ژمێردراون، یا لە کۆچکردندا بوونە و هەرگیز سەرژمێری نەکراون، ئەگەر هەژمارییەک لەبارەی ژمارەی کوردەکانی خۆراسان لە هەندێک لە سەرچاوەکاندا هەبووبێ ئەوا تەنیا ژمارەیەکی نزیکەیی بووە. لە یەکەمین سەرهەژماریی دووای شۆڕشی مەشرووتییەت لە خۆراساندا، بۆ ژمارەی تایەفەکانی ئەم پارێزگایە،ئەمانەی خوارەوە دیاری کراوە:

| | |
|---|---|
| خێڵەکانی کوردی چناران | ٤٧٦٠ کەس |
| خێڵەکانی کوردی شێروان | ١٦٢٠٠ کەس |
| خێڵەکانی کوردی جیلان | ٢٠٤٠ کەس |
| خێڵەکانی کوردی کام کانلوو (قۆچان) | ١١٧٠ کەس |
| خێڵەکانی کوردی بێچرانلوو (قۆچان) | ٧٩٠ کەس |
| خێڵەکانی کوردی سەندوقلوو (قۆچان) | ١٣٢٠ کەس |

| | |
|---|---|
| ناوچەکانی تر | ٥٧٩٠ کەس |
| گیرستان | ١٦٢٠ کەس |
| قوشخانە | ٤١٦٠ کەس |
| گیڤان | ٥٥٠٠ کەس |
| کۆی گشتی | ٤٣٣٥٠ کەس |

## ژمارەی ڕەشماڵنشینەکانی کورد

دوکتۆر محەمەد حوسێن پاپلی یەزدی لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، سەرژمێرییەکی زۆر ڕێکوپێکی کرد و، لە ئەنجامدا بۆی دەرکەوت، کە هەژماری دروست بەلای کەمەوە دوو هێندە و نیوی ئەو هەژمارە ڕەسمییەیە کە ڕاگەیەندراوە. ناوبراو دەنووسێت:

« ... گشت مەڵبەندەکانی بەهاری ڕەشماڵنشینەکانی لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، بەوردی ژماردووە ...»

تابلۆی خوارەوە ژمارەی مەڵبەندەکانی بەهارەی هەر تایەفەیەک لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا نیشان دەدات:

| ناوی خێڵ (تایەفە)ی کورد | ژمارەی مەڵبەندەکانی: بەهاری ـ هاوینی |
|---|---|
| (١) تۆیکانلوو | ٨٣ |
| (٢) پەروانلوو | ٦٠ |
| (٣) قارەمانلوو | ٤٤ |
| (٤) وەرانلوو | ٣٥ |
| (٥) باج کانلوو | ٣١ |
| (٦) ملانلوو (میلانلوو) | ٢٨ |
| (٧) زەرد کانلوو | ٢٠ |
| (٨) بر یمانلوو | ١٦ |
| (٩) کاوانلوو | ١٠ |
| (١٠) قاچ کانلوو | ٩ |
| (١١) عەمرانلوو (ئەمارلوو) | ٥ |
| (١٢) کوردی هەشت مورغی | ٤ |
| (١٣) بادلانلوو | ٤ |
| (١٤) هێزانلوو | ٣ |
| (١٥) شەرانلوو | ؟ |
| کۆی گشتی | ٣٥٢ |

بەگشتی لەبەهار و هاوینی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، لە باکووری خۆراسان ٣٥٢

هەواری کۆچەرنشینی کورد هەبووە.

...مەڵبەندە نیوچە کۆچەرنیشینەکان لەم هەژمارەدا باس نەکراوە.

هەروەها ناوبراو دەڵێت:

«٥٩ مەڵبەندم لە ٣٥٢ مەڵبەندی کورد لە رووی ژمارەی ماڵەوە بەشێوەیەکی ورد سەرژمێری کردوون» (٥٣).

تابلۆی خوارەوە ئەو ئەنجامەیە کە بەدەستی هێناوە:

| ناوی خێڵ | ژمارەی مەڵبەندەکانی سەرژمێرکراو | ژمارەی ماڵ |
|---|---|---|
| (١) تۆپکانلوو | ٣ | ٢١ |
| (٢) قەهرەمانلوو | ٣٠ | ١٣٩ |
| (٣) باج کانلوو | ٩ | ٥٩ |
| (٤) کاوانلوو | ٦ | ٨٦ |
| (٥) هەشت مورغی | ٤ | ٢٣ |
| (٦) هینەرلانلوو | ٣ | ٣٢ |
| (٧) بادلانلوو | ٤ | ٣١ |
| کۆی گشتی | ٥٩ | ٣٩١ |

لە ٥٩ مەڵبەندی بەهاریدا ٣٩١ ماڵ دەژیان. لەراستیدا بەشێوەیەکی ناوەندی لە هەر مەڵبەندێک ٦,٦ ماڵ هەبووە.

بەپێی ئەو ئاستە ناوەندییە لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا بەگشتی ٢٣٢٣ ماڵە کوردی کۆچەری لە باکووری خۆراساندا دەژیان.

## هەژماری مێگەلی کۆچەرانی کوردی خۆراسان و لەوەڕگەکانیان لە ساڵی ١٣٦٧ ی هەتاویدا

**(١) وەرانلوو**

ژمارەی مێگەلی مەڕ: ١٤٠ مێگەل

کوێستان: زنجیرە چیاکانی بینالوود، ئەخلومەد

گەرمیان: سەرخەس (مزدوران)، شورلق، گونبەدلی، خان گیران

**(٢) زیدرییەکان «شادلوو»**

ژمارەی مەڕ: ١٥ مێگەل

کوێستان: داوێنی چیای تەلوو

گەرمیان: (١) دەوروبەری پالوازنە

(٢) کەنارووی سەر رووباری کەشف رووود

(٣) دەرگەز
(٤) پردی (مزدوران)ی سەرخەس
**(٣) قوشخانییەکان «جۆراوجۆر»**
ژمارەی مێگەلی مەڕ: ١٣ مێگەل
کوێستان: شاخە سنوورییەکانی قۆشخانە
گەرمیان: (١) باکووری مراوەتەپە
(٢) ناوچەی هەجێ
**(٤) گیرستانییەکان «میلانلوو و هتد..»**
ژمارەی مەڕ: ١٢ مێگەل
کوێستان: شاخە سنوورییەکانی گیرستان
گەرمیان: حەفت چاڵ لە نێوان مراوەتەپە و نازلیدا
**(٥) بێچرانلووەکان** «نامانلوو، تۆزانلوو، زەیندانلوو»
ژمارەی مێگەلی مەڕ: ٤٧ مێگەل
کوێستان: چیای سنجەربەگ، چیای کۆگلیل
گەرمیان: پاڵوزانە، دادقەزوین، پاشایۆلی، نارلی ئایتەموور، قزل ئاغاج
**(٦) بەردەرییەکان** «بێچرانلوو»
ژمارەی مەڕ: ٨ مێگەل
کوێستان: ناوچەکانی دەرگەز
گەرمیان: شاخە سنوورییەکانی بە چەدەرە
**(٧) کۆنەئوغازی «سێوکانلوو»**
ژمارەی مێگەلی مەڕ: ٣ مێگەل
کوێستان: چیای باڵاخانە، دۆڵی باسز
گەرمیان: جەرگەلان، ئایری، بەچەدەرە
**(٨) نوغاڕتی «سێوکانلوو»**
ژمارەی مەڕ: ٤ مێگەل
کوێستان: ئارموتلی، بیر، قەشمار، چگینە، زیلان
گەرمیان: دۆڵی جەرگەلان، بالوزانە، دادقەزوین ، بلان ئاوشیرین، نارلی
**(٩) ئۆلاشلوو « سێوکانلوو»**
ژمارەی مەڕ: ٢ مێگەل
کوێستان: ئارموتلی، دۆلی ئۆلاشلوو
گەرمیان: لە خوارووی نارلی، ئاوشیرین، قزلجە، ئەبووساری

**(١٠) بوانلوو «سێوکانلوو»**
ژمارەی مەڕ: ١٦ مێگەل
کوێستان: دۆلی بەردەرە، پتلەگە، چەمەڕەقە.
گەرمیان: باکووری مراوەتەپە، قەرەقەواخ، نارلی، پلان، قزلجە، دوو چنگ.
**(١١) قاچکانلوو «دووسەت ماڵی کۆچەر»**
ژمارەی مێگەلی مەڕ: ٢٠ مێگەل. کوێستان: چیایەکانی باکووری رۆژهەلاتی قۆچان لە نێوان مەڵبەندەکانی بێچرانلوو و پەریوانلوودا لە چیای هەزار مەسجید
گەرمیان: دەرگەز، لاین
**(١٢) پەریوانلوو**
ژمارەی مەر: ١٥ مێگەل
کوێستان: ناوچەکانی دەرگەز و کەلات، چیاکانی هەزار مەسجید
**(١٣) باچوانلوو «دەوروبەری قۆچان»**
ژمارەی مێگەلی مەڕ: ١٤ مێگەل
کوێستان: شاخەکانی عەمارەت، هەزار مەسجید، باکووری قۆچان، دەوروبەری دەولەتخانە.
گەرمیان: دەشتی کوران، ئاق توقە لە باکووری رۆژهەلاتی گونبەد کاووس
**(١٤) تۆپکانلوو**
ژمارەی مەڕ: ١٤٥ مێگەل
کوێستان: چیای محەمەد بەگی قۆچان، کلیدەر، ئەخلومەد، بینالوود، عەبدوڵلاگیو، کلیدەر، ئارموتلی (سەفکانلوو)
گەرمیان: باشوور سەبزەوار و شاهروود، کەناڵ شۆر، سەودخەر، کاڵ ئەبریشەم، ئاق دەربەند، سەرخەس، چکودەر، کاڵ مانی، مانە
**(١٥) دۆتانلوو**
ژمارەی مەڕ: ١٢ مێگەل
کوێستان: چیای ئارموتلی، دەروبەری دێی هەمزەکانلوو
گەرمیان: دەشتی کوران، کەناروی رووباری سۆمار ئەترەگ
**(١٦) کاویانلوو «ناسراو بە کاروانلوو»**
ژمارەی مێگەلی مەڕ: ٢ مێگەل
کوێستان: چیاکانی ئارموتلی، چیای کیسمار، دەوروبەری ئەسپگیر، ئاق توقە، ئەنۆساری.
گەرمیان: باکووری رۆژهەلاتی گونبەت کاووس، ناوچەکانی کوران

**(١٧) شەرانلوو**
ژمارەی مێگەلی مەڕ: ١٢ مێگەل
کوێستان: دەوروبەری دەولەتخانە، باکووری قوچان.
گەرمیان: نارلی، کوران
**(١٨) قارەمانلوو** «مایوانلوو، ئیکانلوو، شادکانلوو، هەشت مورغی»
ژمارەی مەڕ: ٤ مێگەل
کوێستان: شاجیهان (ڕۆژهەلاتی ئەسفەراین و باشووری شێروان) گلیان، هەشت مورخ.
گەرمیان: ساری قمش، بالۆزانە، نارلی، کوران، مەراوە، چات، ئینچە برون، باشووری سەبزەوار، جوین، کاڵ شۆر
**(١٩) تورانلوو**
ژمارەی مێگەلی مەڕ: «لە گەڵ بێچرانلووەکاندا تێکەلاوون»
کوێستان: چیای سنجەر بەگ، دۆلی ترانلوو
گەرمیان: بەستالی، خالق بنی، باکووری مراوەتەپە، قەرەئاغاج
**(٢٠) تاوانلوو (گیرستان)**
ژمارەی مەڕ: ؟
کوێستان: گلیل
گەرمیان پاشاپۆلی، قەرەقەواخ، نارلی
**(٢١) دۆتانلوو**
ژمارەی مێگەل: ؟
کوێستان: ئارموتلی (هەمزە کانلوو)
گەرمیان: نارلی، کوردن، ئەبووساری، پایدەرە
**(٢٢) باچیانلوو**
ژمارەی مێگەل: ؟
کوێستان: زنجیرە چیاکانی عەمارەتی قوچان، زنجیرە چیاکانی شاجیهان.
گەرمیان: نالی، کەوران، پایدەدەرە، ئەبووساری، کوران، شملی، یەکەچنار، نالی ناران، مراوە ،کرانەی باشووری ڕووباری ئەترەک.
**(٢٣) میلیانلوو**
ژمارەی مێگەل: ؟
کوێستان: زنجیرەی چیای شاجیهان تەختی میرزا.

گەرمیان: مراوەتەپە، کەنارووی باشووری رووباری ئەترەک، ئینچە بروون.

**(٢٤) نامانلوو**

ژمارەی مێگەل: ؟

کوێستان: گلیل.

گەرمیان: نارلی

**(٢٥) عەمارلوو**

ژمارەی مێگەل: ؟

کوێستان: چیای کاربین ئۆغاز و سکەی چەشمەحاتم خان.

گەرمیان: مراوەتەپە ( کەناری رووباری ئەترەک)

**(٢٦) گرۆ گانلوو و بێوارە**

ژمارەی مێگەل: ؟

کوێستان: گروگانلوو، بێوارە، خورسکانلوو

گەرمیان: یەکەچنار، نالی، ناران، مراوەتەپە

**(٢٧) شێخکانلوو**

ژمارەی مێگەل: ؟

کوێستان: هەزار مەسجید (ئۆلنگ شاهی)، بینالوود

گەرمیان: لاین، سەنگ دیوار، کەلات

**(٢٨) سۆفیانلوو و زەیدانلوو**

ژمارەی مێگەلی مەڕ: ؟

کوێستان: هەزار مەسجید (ئۆلنگ شاهی)

گەرمیان: لاین، گوهرناوە، یەلگرد

**(٢٩) وەرانلوو**

ژمارەی مێگەلی مەڕ: ١٤٠ مێگەل

کوێستان: زنجیرە چیای بینالوود، دەوروبەری ئەخلومەد.

گەرمیان: سەرخەس

**(٣٠) هیزولانلوو «کۆهستانلووەکان»**

ژمارەی مێگەلی مەڕ: ١٥ مێگەل

کوێستان: ئارموتلی، چیای کەسمار

گەرمیان: نارلی، تاقری گەر، تایی کەوران

**(٣١) گولیان لوو**

کوێستان: لەدەوروبەری بەگنورد و زنجیرە چیاکانی ئەلەداغ
گەرمیان: مراوەتەپە، کەناری رووباری ئەترەک [٥٤].
خاوەنی شەرەفنامە دەنووسێ:
شاتەهماسبی یەکەم، خێڵەکانی سیامەنسوور، چگنی و، زەنگنە کە لە خێڵە مەزنەکانی کوردی ئێرانن بەستەوە بە ناوچەکانی تری ئێران.
(١) سیامەنسووری بە زنجان (سوڵتانییە)، ئەبهەر، زەڕین کەمەر، سپس خۆراسان و ئەسفەراین بەستەوە.
(٢) چگنی لە خۆراسان، قوچان، سەرولایەت (نیشاپوور) و مەڕۆ و هتد.
(٣) زەنگنە، لە زادە، خەواف (خۆراسانی) [٥٥].
زافەرانلوو یا چەموش گەزەک سێ لکە: عەمەل کورد، برتک، سقمان [٥٦] کوردانی لوڕ لە خێڵە گەورەکانی کورد دەژمێردرێ و دابەشی چوار بەش دەکرێ:
(١) کۆکیلۆیی (کەهکیلۆیی)
(٢) ماوەسانی
(٣) بەختیاری
(٤) لەک
(٥) خێڵی حەیدەرانلوو لە دورمانلوو، زێوە، مەسکەن ئاباد.
(٦) کوردانی شاترانلوو، کلۆکجانلوو، لە خێڵی شکاک لە خلخال

## بەشی پێنجەم

# کوردانی ناوچەکانی تری

# ئێران

## بەشی پێنجەم

# کورد لە ناوچەکانی تری ئێراندا

ناوچە سەرەکییەکانی کوردنشین لە ئێراندا جگە لە خۆراسان بریتییە لە :

(١) خێڵ و تایەفەکانی کوردی کرمانشا

(٢) خێڵ وتایەفەکانی کوردی کوردستان

(٣) خێڵ و تایەفەکانی کوردی ئازەربایجانی رۆژ ئاوا

(٤) خێڵ و تایەفەکانی کوردی ئیلام (پشتکۆ)

لەناوچەکانی تریشدا دەستە دەستە کورد دەژین کە لە ڕووی ژمارەوە کەمن.

### خێڵ و تایەفەکانی کورد لە ناوچەی کرمانشا

خێڵ و تایەفەکانی کورد لە کرمانشا، کە یەکێکە لە ناوچە گرینگەکانی کوردنشینی ئێران، بەم شێوەیەی خوارەوەیە.

(١) خێڵی سنجاوی

(٢) خێڵی جوانرۆیی: بریتییە لە تایەفەی رۆستەم بەگ و لەناوچەی جوانرۆ دادەنیشن.

(٣) خێڵی تەلات: بریتییە لە تایەفەکانی قوبادی، وەڵەد بەگی و، باباخانی. وەڵەدبەگی لە رەوانسەر کە دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای جوانرۆ و لە باشووری پاینگان دادەنیشن، گەرمیانەکەیان لە سەرقەڵا دەبێت.

(٤) باباخانی: لەناوچەی باباخانی دادەنیشن و کاریان کشتوکاڵ وماڵدارییە.

(٥) خێڵی کەلور

(٦) خێڵی گۆران (٧) خێڵی قوبادی (٨) خێڵی کەرەند (٩) خێڵی قەڵخانی

**(١) خێڵی سنجاوی:** خێڵی سنجاوی لە خێڵە گرینگەکانی (کرمانشا)یە، کە بەشێکیان سەر بە تایەفەی کوردی لوڕ بوون، گوایە لە سەردەمی نادرشادا، لەناوچەکانی فارسەوە بۆ ئەم ناوچەیە کۆچیان پێ کراوە و بریتین لە: چاولاوی، بەرخوردار، خودا مەرووت، ئەڵلایارخانی. لەم کۆچ پێ کردنەدا تیرەکانی: هەباس وەند، دەولەمەتمەند، دەستجە، مجریلان، دارخوار، رەهبەر وەند، بیوە جەشنیان، هاوڕێی خانەکانی خۆیان بوون.

هەندێکیشیان لە سنووری رۆژئاوادا، واتە سنوورەکانی ئێستە ئێران (کوردستانی عێراق) هاتوونەتە ئەم ناوچەیە، پێیان دەگوترێت دالیان و بریتین لە تیرەکانی: سۆفی

خوسرەو، عەلی وەلی، کەل کەل، کاکە و نەزکە.

بەشێکی تری ئەم خێڵە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی لوڕستانەوە کۆچیان کردووە، بریتین لە تیرەکانی:

سیمین وەند، جەلیل وەند، سورخەکی، سەرخاوەند، باخی، حەیران وەند،کە بەگشتی بەناوی وردە دەستە (دەستەی بچووک) بە ناوبانگن (٥٧). خێڵی سنجاوی لە دەشتی مایدەشت و گوندەکانی ناوچەی سنجاویی سەر بە ئیسلام ئاباد (شائابادی رۆژئاوا) لە رۆژئاوای کرمانشادا دەژین. کوێستانەکەیان لە زەهاو و سنووری ئێران و عێراق، گەرمیانیان لە قەسری شیرین تا نزیکی خانەقین و قزلڕبات و نەفت شایە. ژمارەیان لەساڵی ١٣٤٢ هەتاویدا ٢٧٢٠ ماڵ و، بەپێی نووسینی مەردۆخ لە ساڵی ١٣٥١ی هەتاویدا ٢٥٠٠ ماڵ بووە. ژمارەی ئەم خێڵی سنجاوییە بەپێی بەراووردی رێکخراوی کاروباری خێڵەکی لەساڵی ١٣٦٠ی هەتاویدا ٤٧٢ ماڵی کۆچەر بووە. کوێستانیان لە مایدەشت و ناوچەکانی سنجاو و ئیسلام ئاباد و، گەرمیانەکەیان لەناوچەی قەسری شیرین تا نزیکی خانەقینە.

(٢) **خێڵی کەڵوڕ:** خێڵی کەڵوڕ لە خێڵە گەورەکانی رۆژئاوای ئێرانە، بەشی هەرە زۆری لەم پارێزگەیەدا دادەنیشن، هەروەها لە سەرپێل زەهاو و ناوچەکانی قەڵاشاهی و بشێوە دەژین و گەرمیان و کوێستان دەکەن، تەنیا بەشێکی بچووکیان بۆ ناوچەی میهران و دیهلەرانی سەر بە پارێزگەی ئیلام کۆچ دەکەن.

تیرەکانی خێڵی کەڵوڕ بریتین لە :

خالدی، شەیبانیێ، سیاسیا، کازم خانی، تلیش، خەمان، کورگە، قوچەمی، هاروون ئابادی، مەنسووری، گولە چوپ، ئەڵوەندی، مایدەشتی، بداغ بەگی، زەینەڵ خانی، شاهینی، موشگیر، کەمەر (٥٨).

مێگەلدارانی کەڵوڕ لە زستاندا، لە خانووەکانی دێ و، لە هاویندا لە زۆزانەکانی دەوروبەری گوندەکانیان لە ژێر رەشماڵدا دەژین. ژمارەی خێڵی کەڵوڕ، بەپێی بەراووردی رێکخراوی میللیی یۆنیسکۆ، لەساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا ١٣٠٠ ماڵ بووە. ژمارەی ئەم خێڵە، بەپێی بەراووردی مەردۆخ لە ساڵی ١٣٥١ی هەتاویدا ١٠,٠٠٠ ماڵ بووە. بەپێی بەراووردی غولام رەزا مەعصوومیش لە ساڵی ١٣٥٤ی هەتاویدا ١٠,٠٠٠ ماڵ بووە. هەروەها بەپێی بەراووردی رێکخراوی کاروباری خێڵەکیش لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاویدا، ١٢٦٤ ماڵی کۆچەر بووە. بەگوێرەی ریپۆرتاجی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاویی رێکخراوی کاروباری خێڵەکی، ئەوا خێڵی کەڵوڕ خاوەنی ٣١ تیرەیە، بەم شێوەی خوارەوە:

قۆچەیی، چلەیی، جلەوگیر، مومنی، رووتوەند، عەلی رەزاوەند، پاپیران، کەلەپا،

کورەگا، شێرزادی، عەبدولمحەممەدی، سەید تازە، برگە، چۆپنکارەی ساشمەیدانی، سەید محەممەدی، سەلمان، زەینەلخانی، رەمەزانی ، رێزە وەند، کەرەم پەنا ئاوا، میر عەزیزی، سیاسیا ، یاغولامی، سالکە، سەیادان، کەربیان، رەجەب، موغیرە، گولەدار، فەروخی[٥٩]. خەلکی خێلی کەلوور بە کشتوکاڵ و مالدارییەوە خەریکن. پیشە خۆمالییەکانیان بریتین لە: قالی، جاجم، دەستەوانە و گۆرەوی.

**(٣) خێلی گۆران:** خێلی گۆران لەناوچەی گۆرانی ئیسلام ئابادی رۆژئاوا (شا ئاباد) و دێیەکانی دەوروبەری دەژین و دوو بەشن: زنجاری و کەرەندی. خێلی زنجاری لە گاهوارە دادەنیشن. خێلی گۆران لە چوار تیرە پێک دێن بەناوی: حەیدەری ، چۆپانکارە، بیویچ (بیوهینج)، تفەنگچی.

بەگوێرەی بەراووردی رێکخراوی میللیی یۆنیسکۆ ژمارەی ئەم خێلە لە سالی ١٣٤٢ی هەتاویدا ٥٠٠ مال بووە و، بەگوێرەی بەراووردی مەردۆخیش لە سالی ١٣٥١ی هەتاویدا ٦٠٠٠ مال بووە. کەچی بەگوێرەی بەراووردی رێکخراوی کاروباری خێلەکی، لە سالی ١٣٦٠ی هەتاویدا ٥٤٤ مالی کۆچەر بووە.

کوێستانیان: ناوچەکانی گاهوارە، قەلاقازی، زەهاو، سەیوانە، تفەنگچی و ماشا.

گەرمیانیان: تەنگ حەمام ، زەهاو و جێگرانە.

**(٤) خێلی قوبادی:** ئەم خێلە لەلایەن میر تەیمووری گورگانییەوە، لەسەر زەویی عوسمانلییەکانەوە بۆ ئێران راگوازراوەتەوە. کاری کشتوکاڵ و مالداری دەکەن. کوێستانیان لە پێ نەهر و گەرمیانیان لە کەلەیە.

ژمارەیان لە سالی ١٣٥١ی هەتاویدا، نزیکەی ٨٠٠ مال بووە[٦٠].

تیرەکانی بریتین لە: تەنگ ئەژدەها ، بازانی، بەگزادە، میرەکی، تەختە، زلانی[٦١].

**(٥) خێلی چۆپانکارە (شوانکارە):** خێلی چۆپانکارە زۆربەیان لە دەوروبەری قەلای قازی نیشتەجێن و بەسەر ئەم تیرانەدا دابەش دەکرێن:

(١) حەیدەری ـ لەنێوان سیاوانە لە باکووری کەرەند و تەنگ زەهاو دادەنیشن.

(٢) تفەنگچی ـ لە باکووری ناوچەی گۆران نیشتەجێن.

(٣) قەلخانی ـ ئەمرۆ وەک خێلێکی سەربەخۆ دەناسرێن و لە ناوچەی قەلخانیی باکووری ناوچەی کەرەند نیشتەجێن.

**(٦) خێلی بابەخانی :** ئەم خێلە دووتیرەن: بەگزادە و زمکانی.

خێلی بابەخانی بە کشتوکاڵ و مالدارییەوە خەریکن، پیشە خۆمالییەکانیان: مافوور و جاجم و شتی ترە.

ژمارەیان لە سالی ١٣٤٢ی هەتاویدا ٢٠١٥ مال بووە و، بە گوێرەی بەلگەنامەی رێکخراوی کاروباری خێلەکی لە سالی ١٣٦٠ی هەتاویدا ٦٠ مال (٣٤٣ کەس)ی

کۆچەری بوون.

**(٧) خێڵی وەڵەدبەگی:** خەڵکی ئەم خێڵە کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕومالات پیشەیانە.

کوێستانیان ـ دەولەتاوە و گەرمیانیان ـ پاوەیسییە.

خێڵەکە برێتییە لەم تیرانە: خەلوان، کلکە، رەشید، دڵەژیری، دورووپی، دەروێشی و عەلی ئاغایی.

**(٨) خێڵی کەرەند:** ئەم خێڵە لە ناوچەی کەرەند (رۆژئاوای کرمانشا) نیشتەجێن و تیرەکانی برێتین لە: شوکرولڵاخانی، سێیانی، کلاوپان، حەبیب وەند، بابەخانی، جاف، تولابی و جوزگە.

ژمارەیشیان لە ساڵی ١٣١٥ی هەتاویدا ٣٠٠٠ ماڵ بووە.

بەپێی هەژماری رێکخراوی کاروباری خێڵەکی لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاویدا ٣١٢ ماڵ (٢٠٩٧ کەس) ی کۆچەری بوون [٦٢].

**(٩) خێڵی قەڵخانی:** ئەم خێڵە لەم تیرانە پێک هاتووە: مەلیکی، یارەولی، دێوکە، سیر ئاوارە، دەنگی، پشتماڵە، نەجەفی، سەبزە، ویستەلی، رۆستەم، بزراوە، بەچە هالی، ئایینە وەند، قەلازنجیر، قەری و قڕگە.

ژمارەیان لە ساڵی ١٣١١ی هەتاویدا ٣٠٠٠ ماڵ بووە و، لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاویشدا، ژمارەی کۆچەرەکانی خێڵەکە ٨٨٣ ماڵ بووە و ٦٧٦٤ کەس دەبوون.

**(١) خێڵی زوولە:** لەم تیرانە پێک هاتووە:

خاڵوەندی، کەڵوبەندی، سیاخ، کلکل (رەحیمی)، شانەزەری، باقری و زەنگنە.

ژمارەیان لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاویدا، ١٧٣ ماڵ بووە، کە ١٠٣٨ کەسی کۆچەری بوون.

**(٢) خێڵی ترکەشوەند:** ئەم خێڵە لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاویدا، لەم تیرانە پێک هاتبوو: مەلیجانی و رەحمەتی کە ١٨٢ ماڵ و ژمارەیان ١٢٨٢ کەسی کۆچەری بوو.

**(٣) خێڵی جەمیر:** ئەم خێڵە لە نێوان هەمەدان و کرمانشادا نیشتەجێن و لکێکن لە لەک و لە رەگەزی لوڕن، ئێستە ئەم تیرانەی خوارەوەی لێ پێک هاتووە: بەرازی، گومەیی، عەبدولڵاهی و شاوەیسی.

لەساڵی ١٣٦٠ی هەتاویدا ٨٣ ماڵ بوون، ٤٦٢ کەسی کۆچەرییان پێک دەهێنا.

**(٤) خێڵی باڵوەند (زەردەلان):** ئەم خێڵە لە حەوت تیرە پێک دێت بەناوی: دەروێشان، خەفڵەوەند، ئەولادان، کەشوەند، باڵوەند، پیر ئەحمەد وەند و کەڵوڕ.

لە ساڵی ١٣١١ی هەتاویدا ٣٠٠ ماڵ بووە و، لە ساڵی ١٣٦٠یشدا ٣٠٦ ماڵ بووە،

١٩٣٦ کەسی کۆچەرییان پێک هێناوە (٦٣).

**(٥) خێڵی بان زەردە:** ئەم خێڵە لەم هەشت تیرەی خوارەوە پێک هاتووە:

ژاڵکە، گۆش کوڕی، قەلقەلە، زەردە، دارا، ئەبوو وحانە، کانی کەلوانی و سەید محەمەد.

لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاویدا ٢٢٠ ماڵ بووە و ١٦٨٥ کەسی کۆچەریی پێک دێنا.

## خێڵ و تایەفەکانی کورد لە ئیلام

ئیلام یا پشتکۆ، لەو ناوچانە دەژمێردرێ کە خێڵەکانی کوردی تێدا کۆبووەتەوە و لە ناوچەی: ئاودانان، زەڕین ئاوا و لەچەند بەشێکی دیلهەران و مووسیان و میهراندا دەژین.

تایەفەکانی کوردی ئیلام بریتین لە:

**(١) تایەفەی مرادخانی:** ئەم تایەفەیە لە ناوچەی زەرین ئاوای سەر بە دیلهەران دەژین و هەندێک لە تیرەکانی بریتین لە:

شاریاروەند، جابرەوەند، مامسێوەند، ناصر عەلی، ئێل بەگی.

**(٢) تایەفەی شوکر بەگی:** ئەم تایەفەیە لە زەرین ئاوا و دەوروبەری دیلهەران نیشتەجێن و بەگشتی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕومالات پیشەیانە. تایەفە کە لە کۆمەڵێک تیرە پێک هاتووە، کە هەندێکیان بریتین لە: دەستی قەیتوولی، بازگیر، یاسی.

**(٣) تایەفەی سلێمان خانی:** لە دەوروبەری ئاودانان، زەڕین ئاوا دەژین و، لەرێگەی کشتوکاڵ و جوتیارییەوە گوزەران دەکەن و تیرەکانیشیان ئەمانەن: زەرگوش، مامسێوەند، مالمەلایی ... تاد.

**(٤) تایەفەی دیناروەند:** ئەم تایەفەیە نزیکەی سەت ماڵێک دەبێت و، زۆرتر پەرت و بڵاون. بنکەی ناوەندییان لە دالسەری و دینارکۆ بووە.

**(٥) کایدخوردە (قایدخوردە)** پتر لەسەت و پەنجا ماڵێک دەبن، لە دەوروبەری دیلوڕانە نیشتەجێن (٦٤). بەگوێرەی سەرژمێریی بنکەی هەژماری ئێران، لە ساڵی ١٣٦٤ی هەتاویدا، زۆربەی مەڕومالاتی وڵات هی لوڕەکان بووە، کە لە ناوچە لوڕنشینەکانی وڵات نیشتەجێن و بریتین لە لوڕی گەورە کە لە تیرەی کاکیلۆیی یا بەختیاری و لوڕی بچووک و پێشکۆ و پشتکۆ و خوڕەم ئاباد و ئیلام پێک دێت.

ژمارەی گشت لوڕە کۆچەرەکانی ئێران پتر لە سەت و دە هەزار ماڵ دەبێت، کە نزیکەی لەسەتا پەنجا و نۆی گشت کۆچەرەکانی خێڵەکان پێک دەهێنن. ئەم تایەفانە خاوەنی پازدە ملیۆن سەر مەڕومالاتن و نزیکەی ٦٣٪ی سەرجەم مەڕومالاتی وڵات

لەژێر دەستیاندایە (٦٥).

## خێڵ و تایەفەکانی کوردستان

خێڵ و تایەفە گرینگەکانی کوردستان بەم شێوەی خوارەوەیە:

**(١) خێڵی گەڵباخی:** خەڵکی ئەم خێڵە لەدەوروبەری گوندەکانی : کێلەگرو، گتل، مرەدەر، چنجرە، ئیبراهیم ئاوا، کورسیی عومەر و زەرینە دەژین وخاوەنی مەڕومالاتن و هەر لەو ناوچانە کوێستان و گەرمیان دەکەن.

ئەم خێڵە لە تیرەکانی خوارەوە پێک دێت: قەڵقالی، جووجە ڕەشی، کاملی، موراد گۆرانی و سندۆلی. بەکشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵەوە خەریکن.

ژمارەی خێڵی گەڵباخی بەگوێرەی نووسینی کەیهان لەساڵی ١٣١١ی هەتاوی تا ١٣١٥ هەتاوی ٥٠٠ ماڵ بووە. ژمارەیان بەگوێرەی نووسینێ مەردۆخی کوردستانی لەساڵی ١٢١٥ هەتاویدا ..٢ ماڵ بووە. ژمارەیان بەگوێرەی بەڵگەنامەی ڕێکخراوی کاروباری خێڵەکان لە ساڵی .١٣٦ ی هەتاویدا ٣٧٥ ماڵ (١٨٦٧٩کەس) بووە.

**(٢) خێڵی جاف:** خەڵکی ئەم خێڵە لەدەوروبەری دێیەکانی جێنیشتەبوونیان وەک: خوڕ خورە، سەرشێو، جوانڕۆ، ئەسفەنداوە و فەڕوخ لوڕ و هتد... دەژین و گەرمیان و کوێستان دەکەن.

تایەفەکانی خێڵی جاف بریتین لە: میکاییلی، شاکری، گەلالی، روغزایی، سمایل عوزێری، شێخ سمایلی، هاروونی، کەماڵی، باشۆگی، مەندمی، قوبادی، وەڵەدبەگی، ئیناخی، کلاشی و تەرخانی. خەڵکی ئەم خێڵە بەکشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕومالات دەژین. ژمارەیان لە ساڵی ١٣٢٤ ی هەتاویدا .٦٣٨ ماڵ و لەساڵی١٣٥١ی هەتاویدا ...١٢ ماڵ بووە (٦٦).

## کوردەکانی ناوچەی هەورامان

**(١) تایەفەی بەهرام بەگی:** ئەم تایەفەیە لە دزلی و چەم شامان نیشتەجێن و گەرمیان و کوێستان ناکەن، لە ڕێگەی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕومالاتەوە ژیان دەگوزەرێنن و پیشە خۆماڵییەکانیان بریتییە لە شاڵ و جاجم و هتد. ژمارەیان لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا نزیکەی ...١ ماڵ بووە.

**(٢) تایەفەی حەسەن خانی:** ئەم تایەفەیە سەر بە خێڵەکانی ناوچەی هەورامانی (تەخت)ە و بە بەخێوکردنی مەڕومالاتەوە خەریکن. پیشە خۆماڵییەکانیان بریتییە لە شاڵ و جاجم و هتد. لەساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا ژمارەیان ..٨ ماڵ بووە.

**(٣) تایەفەی مستەفا سوڵتانی:** ئەم تایەفەیە لە باشووری هەورامان نیشتەجێن و بەکشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕومالاتەوە خەریکن. پیشەیان بریتییە لە شاڵ و مافوور و

جاجم. ساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا ژمارەیان نزیکەی ١٢٠٠ ماڵ بووە.

**(٤) تایەفەی فەتح عەلی بەگی:** ئەم تایەفەیە لە ڕێگەی کشتوکاڵەوە ژیان دەگوزەرێنن و ژمارەیان لەساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا نزیکەی ٣٨٠ ماڵ بووە.

**(٥) تایەفەی کۆنەپۆش:** ئەم تایەفەیە لە باکووری مەریوان نیشتەجێیە و بەکشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵەوە ژیان دەگوزەرێنن و ژمارەیان لەساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا نزیکەی ٢٠٠ ماڵ بووە، پیشە خۆماڵییەکانیان برێتین لە: جاجم وشاڵ بافی و... هتد.

**(٦) تایەفەی میران بەگی:** ئەم تایەفەیە لە ڕێگەی کشتوکاڵەوە ژیانی خۆی دابین دەکات. پیشە خۆماڵییەکانیان برێتییە لە شاڵ بافی و جاجم و هتد... ژمارەیان لەساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا ١٥٠ ماڵ بووە [٦٧].

**(٧) تایەفەی کانی سانی:** ئەم تایەفەیە لەمەریوان نیشتەجێن و کاری کشتوکاڵ دەکەن و پیشە خۆماڵییەکانیان برێتییە لە جاجم و شاڵ بافی و هتد... لەساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا، ژمارەیان بە ٤٠٠ ماڵ مەزەندە کراوە.

## کورد لە ناوچەی سنە

**(١) تایەفەی کۆماسی:** ئەم تایەفەیە لە ناوچەیەک بە هەمان ناو لە ڕۆژهەڵاتی مەریوان نیشتەجێن و، بەهۆی کشتوکاڵەوە ژیانی خۆیان دابین دەکەن. ژمارەیان لەساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا نزیکەی ٥٠٠ ماڵ و لە ساڵی ١٣٥١دا نزیکەی ٢٠٠ ماڵ بووە.

**(٢) تایەفەی ساداتی نەقشبەندی:** ئەوانەی لەم تایەفەیەن بەکشتوکاڵەوە خەریکن و ژمارەیان لەساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا ٣٠٠ ماڵ بووە.

**(٣) تایەفەی زەند:** ئەم تایەفەیە خەریکی کشتوکاڵن، پێڕەوی ئایینی ئیسلام و مەزەبی سوننی شافیعین.

**(٤) تایەفەی کلانتەرزان:** ئەم تایەفەیە لە نێوان کەرماسی و سنەدا نیشتەجێن، پیشە خۆماڵییەکانیان برێتییە لە شاڵ بافی و جاجم و بەڕە [٦٨].

## کورد لە ناوچەی کامیاران

**(١) تایەفەی کەشکی:** ئەم تایەفەیە لەڕێگەی کشتوکاڵ ومێگەلداریی بچووکەوە ژیان دەگوزەرێنێت، گەرمیانیان لە دەوروبەری کامیارانە. ژمارەیان لەساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا ٢٠٠ ماڵ و لە ساڵی ١٣٥١یشدا نزیکەی ٥٠ ماڵ بووە.

**(٢) تایەفەی کەمانگر:** ئەم تایەفەیە لە باشووری سنە نیشتەجێیە و کاری کشتوکاڵ و ماڵداری دەکات. مافوور و جاجم و بەڕە دروست دەکەن و ژمارەیان لەساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا نزیکەی ٥٠٠ ماڵ بووە.

## کوردانی ناوچەی بانە

**(١) تایەفەی شەهیدی:** ئەم تایەفەیە لە ڕێگەی کشتوکاڵەوە ژیان دەکات و لە ساڵی ١٣٤٢دا ٢٠٠ ماڵ بووە.

**(٢) تایەفـەی بەهرام بەگی:** ئەم تایەفەیە مەیلە و نیشـتـەجێن و سەرگەمی کاری کشتوکاڵن. ژمارەیان لە ساڵی ١٣٤٢دا ٢٢٠ ماڵ بووە.

**(٣) تایەفەی ئەحمەدی:** تایەفـەی ئەحـمـەدی لە دەوروبەری بانە دەژین و لەڕێگەی کـشـتـوکـاڵ و چاندنی برنج وتووتن و درەختـەوە ژیانی خـۆیان دابین دەکـەن. ژمـارەیان لەساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا ٧٥ ماڵ بووە.

**(٤) تایەفەی لوتفوڵلا بەگی:** ئەم تایەفەیە گەرمیان وکوێستان ناکات و خەریکی کشتوکاڵە، بەڕە و جاجم و شاڵ دروست دەکەن، لەساڵی١٣٤٢دا ٢٧ ماڵ بووە.

## تایەفەکانی کورد لەناوچەی جوانڕۆ

تایەفەکانی کوردی ناوچەی جوانڕۆ بەم شێوەی خوارەوەیە:

**(١) تایەفەی جوانڕۆیی:** ئەم تایەفـەیە لە دەوروبەری ناوچەی جوانڕۆ نیشـتـەجێن و گەرمیان و کوێستانیان لەم ناوچەیەدایە و کاری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕومالاٌت دەکەن.

**(٢) تایەفەی عناقی:** ئەم تایەفەیە لەڕێگەی کشتوکاڵێکی بچووکەوە وەک گەنم و جۆ و گەنمەشامی و ئاژەڵداری ژیانی خۆی دابین دەکات، مەزهبیان سوننی شافیعییە.

**(٣) تایەفـەی ئیـمـامی:** سەرچاوەی ئابووریی ئەم تایەفـەیە لە ڕێگەی کشـتـوکـاڵ و مێگەلدارییەوەیە و لە ئاستێکی باشدایە، کوێستانیان شمشێر و گەرمیانیان هەنجیرەکە.

**(٤) تایەفەی ڕۆستەم بەگی:** ئەم تایەفەیە لەڕێگەی کشتوکاڵ و ئاژەڵ بەخێوکردنەوە دەژین و، کوێستانیان: هەنجیرەک و گەرمیانیان تای چۆڕییە.

**(٥) تایەفەی بابەجانی:** ئەم تایەفـەیە کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دەکات. لەساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا نزیکەی ٢٠١٥ مـاڵ بووە. لەسـاڵـی ١٣٤٢ ی هەتاویدا نزیکەی ٢٠١٥ ماڵ.

## تایەفە کوردەکانی ناوچەی سەقز

**(١) تایەفەی گورگ:** ئەم تایەفەیە لەڕێگەی کشـتـوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕومالاٌتەوە ژیان بەسـەر دەبات و لەوەرگـەی مـەڕومـالاٌتەکـەی لەدەوروبەری بانەیە، بەرهەمی تووتنی گورگ چاک و بەناوبانگە، ژمارەیان لەساڵی ١٣٤٢ هەتاویدا نزیکەی ٧٥ ماڵ بووە.

**(٢) تایەفەی فەیزوڵلا بەگی:** ئەم تایەفەیە نیشتەجێیە و کوێستان وگەرمیان ناکات ، بەکشـتـوکـاڵ وئاژەڵدارییـەوە خـەریکن. ژمـارەیان لەسـاڵـی ١٣٤٢ی هەتاویدا نزیکەی

..٢٧ ماڵ و لەساڵی ١٣٥١دا نزیکەی ..١٥ ماڵ بووە.

**(٣) تایەفەی تیلەکۆیی:** ئەم تایەفەیە لە ڕێگەی کشتوکاڵەوە ژیان دەگوزەرێنێت. جاجم و بەڕە و شاڵی کوردی دروست دەکات. ژمارەی لە ساڵی ١٣٥١دا نزیکەی ٧٠٠ ماڵ بووە[٦٩].

**(٤) تایەفەی جافی سەقز:** ئەم تایەفەیە نیشتەجێ بووە و کاری کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی پیشە دەستییەکان دەکات، ژمارەیان لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا نزیکەی ٢٥٠ ماڵ بووە.

**(٥) تایەفەی گەلالی:** ئەم تایەفەیە نیشتەجێ بووە و لە ڕێگەی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە ژیانی خۆی دابین دەکات. پیشە خۆماڵییەکانی بریتین لە بەڕە و جاجم و شاڵی کوردی. لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا نزیکەی ١٧٥ماڵ بووە.

**(٦) تایەفەکانی تر:**

(١) کەڵوڕ: ١٤٠ ماڵ

(٢) ئەردەلان: ١٦٥ ماڵ

(٣) وەکیلی قەپانلوو: ٥٩١ ماڵ

(٤) دێبوکری سەقز: ١٣٣ ماڵ

(٥) سەرشێوی سەقز: ٧٠٠ ماڵ

(٦) خوڕ خوڕە: ٣٥٠ ماڵ

(٧) گۆڕە قەلا دیوانی: ٧٠ ماڵ[٧٠]

## خێڵ و تایەفەکانی کورد لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا

**(١) خێڵی شکاک:** ئەم خێڵە لە نێوان ورمێ و سەلماسی ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ، لە سەر سنووری ئێران و تورکیا لە برادۆست و سۆما نیشتەجێیە. خەڵکی خێڵی شکاک لە ڕابردوودا ڕەشماڵنشین و ئاژەڵدار بوون، بەڵام ئەمڕۆ زۆربەیان گوندنشین و جوتیارن.

کوێستانیان: لە ناوچە شاخاوییەکانی سنووری ئێران و تورکیا و تەرگەوەڕ و دەشتبیلە.

گەرمیانیان: لە دێیەکانی دەوروبەری سەلماس و ورمێیە.

ژمارەی خێڵی شکاک: بە گوێرەی نووسینی ئیرانشار لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا ٤٤٠٠ ماڵ و، بە گوێرەی نووسینی هونەر و مەردوم لە ساڵی ١٣٤٥ی هەتاویدا ٤٨٥٠ ماڵ (١٢٠٢٥) کەس بووە[٧١].

**(٢) خێڵی بەگزادە:** ئەم خێڵە لە ڕۆژئاوای ورمێ لە سنووری تورکیا و عێراق دەژین. ژمارەیان لە ساڵی ١٣٤٩ی هەتاویدا ٥٠٠ ماڵ بووە.

## تایەفەکانی کورد لە ناوچەی ماکۆ

**(١) خێڵی میلان:** خەڵکی ئەم خێڵە لە کەناری رووباری ئاراس نیشتەجێن و لە هاویندا لە دەوروبەری سیاچەشمەی سنووری تورکیا کوێستان دەکەن و گەرمیانیان لە وەرزی زستاندا لە کەناری رووباری ئاراس دەبێت لە سنووری سۆڤیەتی پێشان.

خێڵی میلان دوو دەستەی گەورەیە: میلان و خەلکانی .

(١) میلان، پێنج تیرەن: مەمکان، دودکان، مەندۆکان، شێخ کان و سازمان لوو.

(٢) خەڵکانی، دوو تیرەن: دلاین و خەلکانی (٧٢). ئەم خێڵە لە ساڵی١٣٤٢ ی هەتاویدا ٢٠٣٠ ماڵ بووە.

**(٢) خێڵی جەلالی ( خلیکان لوو):** ئەم خێڵە دە تیرەیە: خلیکان، مصرکان ، بلخکان، جنی کان، قەندکان، ساکان، هەتاب، قزلباش، حەسۆ خەلەف و علی محۆ(٧٣).

ژمارەی خێڵی جەلالی لە ساڵی١٣٤١ی هەتاویدا ٢٥ هەزار کەس بووە و رێکخراوی یۆنیسکۆ لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا ژمارەی ئەم خێڵەی بە ١١٣٥ ماڵ داناوە.

کوێستانیان: لە دەوروبەری سیاچەشمەی سنووری تورکیایە و گەرمیانیان لە تەک رووباری ئاراسی سنووری سۆڤیەتی ئەوسایە.

**٣. خێڵی حەیدەرانلوو:** خەڵکی ئەم خێڵە لە دەوربەری شاری ماکۆی سەر سنووری تورکیا نیشتەجێن.

کوێستانیان: سیاچەشمەیە و گەرمیانیان لە چوقورکەندە، ژمارەیان لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا ٣٠٠ ماڵ بووە.

خێڵەکانی ناوچەی ماکۆ ئەگەر کوردیش بووبن، بەڵام ئەمڕۆ بە زمانی تورکی دەدوێن(٧٤).

## خێڵ و تایەفەکانی کورد لە ناوچەی خۆی

**(١) خێڵی کرەسنی:** ئەم خێڵە یەکێکە لە خێڵەکانی کوردی رۆژئاوای ئێران کە لە دەوروبەری خۆی لە سەر سنووری ئێران و تورکیادا دەژین. کاریان مێگەلداری و کشتوکاڵە، ژمارەیان ٤٠٠ ماڵە، کوێستانیان لە سەمکن و گەرمیانیان لەقوتوورە.

**(٢) خێڵی مامەش:** ئەم خێڵە لە نێوان مەهاباد و نەغەدەدا جێگیرە و لەو ناوەدا دەژی. لە ساڵی ١٣١١دا ژمارەیان....

**(٣) خێڵی مەمکان:** خەڵکی ئەم خێڵەیش لە سنووری ئێران و تورکیا لە دەوروبەری خۆی دەژین و مەڕومالات پەروەردە دەکەن.

کوێستانیان ئەلند و گەرمیانیان قوتووره، لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا ٢٥٠ ماڵ بووه.

## خێڵ و تیرەکانی نەغەده

**(١) خێڵی زەرزا:** خەڵکی ئەم خێڵە لە دێیەکانی دەوربەری شنۆ دەژین و کاری کشتوکاڵ و ماڵداری دەکەن، ژمارەیان لە ساڵی ١٣٤٢ ی هەتاویدا ٧٥٠ ماڵ بووه.

**(٢) خێڵی مامەش:** خەڵکی ئەم خێڵە لە ناوچە شاخاوییەکانی نێوان مەهاباد و نەغەده نیشتەجێن. لە شەش تیره پێک هاتووه: قادری، مەلا سلێمانی، بایەزیدی، ئەحمەدی، عەزیزی و ئەمیر عەشایری. کاری کشتوکاڵ و مێگەلداری دەکەن. کوێستانیان لە داوێنی چیای بلاسی سەید، بارزین و سامه، شوێنێکی تایبەتییان بۆ گەرمیان نییه، بگره لە دەوروبەری شوێنی نیشتەجێیان مەڕوماڵاتیان دەلەوەڕێنن. ژمارەیان لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا ٩٥٠ ماڵ و لە ساڵی ١٣٥١ی هەتاویدا ١٥٠٠ ماڵ بووه [٧٥].

**(٣) خێڵی هەرکی:** ئەم خێڵە لە دەوروبەری شنۆ و سنووری تورکیا و عێراق نیشتەجێن، بەشێک لەم خێڵە لە ناوچەکانی ماوانا، خانەقا، وزگیر و کانی سپی دەژین.

تیرەکانی بریتین لە: هەرکی چامدان، هەرکی سەیدان، هەرکی سەرهاتی.

خەڵکی ئەم خێڵە ئاژەڵداری دەکەن، کوێستانیان زۆزانەکانی تەرگەوەڕ و دەشتبیل و گەرمیانیان لە ناوچەکانی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و دەشتبیله. ژمارەی خێڵ لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاویدا ٢٠,٠٠٠ کەس و لە ساڵی ١٣٤٢ هەتاویدا ١٣٥٠ ماڵ بووه[٧٦].

**(٤) خێڵی سادات:** خەڵکی ئەم خێڵە لە سنووری تورکیا و عێراق نیشتەجێن و لە ناوچەی دزێی مەرگەوەڕ جێگیر بوونه و لە ڕێگەی کشتوکاڵ و ماڵدارییەوە ژیان دەگوزەرێنن، کوێستانیان دێی مەرگەوەڕ، گەرمیانیان دەشتبیل و مەرگەوەڕ و شنۆ و گۆران و برادۆسته.

**(٥) خێڵی پیران:** ئەم خێڵە لە شاری پیرانشار کە لە رابردوودا (خانه)ی ناوبوو، دەژین. هەروەها لە کۆنەلاهیجانیش دادەنیشن و ٦٥٠ ماڵ دەبن، کاری کشتوکاڵ و ماڵداری دەکەن. لە زستاندا مەڕوماڵاتەکانیان دەبەنە چیای سەران و پیشەیان شاڵ چنینه.

## خێڵ و تایەفەکانی مەهاباد

**(١) خێڵی گورگ:** ئەم خێڵە لە باشووری مەهاباد، لە دێی ئەمک نیشتەجێن و کاری کشتوکاڵی و باخەوانی دەکەن، ژمارەیان لە ساڵی١٣٤٢ی هەتاویدا ٣١٠٠ ماڵ بووه.

**(٢) خێڵی مەنگوڕ:** ئەم خێڵە لە باشووری مەهاباد دەژین، تیرەکانی بریتین لە:

ئەمان، شەم ، زەرین، خدر و مەروەت. خەریکی کاری کشتوکاڵ و ماڵدارین. کوێستانیان: کدە، لسیو، کاکنە، ژمارەیان لە ساڵی ١٢٧١ هەتاویدا ٥٠٠٠ ماڵ بووە و لە ساڵی ١٣٤٢ هەتاویدا ١٥٠٠ ماڵ بووە (٧٨).

**(٣) خێڵی دێبوکری:** ئەم خێڵە لە مەهاباد نیشتەجێیە و خەڵکەکەی کاری کشتوکاڵی و مێگەلداری دەکەن، تیرەکانی بریتین لە: قارەمانی ، عەباسی، عەلیار، ئیلخانی زادە. ژمارەیان لە ساڵی ١٣١١ی هەتاویدا ٣٠٠٠ ماڵ و لە ساڵی ١٣٤٢دا بە ٤٧٠٠ ماڵ مەزندە کراوە (٧٩).

**(٤) خێڵی وەسمان بەگی:** ئەم خێڵە خاوەن تیرە و تایەفەیەکە و نیشتەجێ بووە و کاری کشتوکاڵ و پیشە خۆماڵییەکان دەکات و لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا ٤٥٠ ماڵ بووە.

## خێڵ و تیرەکانی ناوچەی سەردەشت

**(١) خێڵی باسکەکولە:** لە سەردەشت نیشتەجێن کاری کشتوکاڵ و پیشە خۆماڵییەکان دەکەن، لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا ٦٠٠ ماڵ بوون.

**(٢) خێڵی بریاجی:** لە سەردەشت و سنووری عێراق دەژین و نیشتەجێن، کاری کشتوکاڵ و مێگەلداری دەکەن، ژمارەیان لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا ١٣٥٠ ماڵ بووە.

**(٣) خێڵی پشدەری :** ئەم خێڵە لە دەوروبەری مەهاباد و سەردەشت دەژین و لە ڕێگەی کشتوکاڵەوە ژیان دەگوزەرێنن. ژمارەیان لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا ٥٠٠ ماڵ بووە.

**(٤) خێڵی کلاسی :** لە سەردەشت و دەوروبەری نیشتەجێن و کاری کشتوکاڵی دەکەن، ژمارەیان نزیکەی ٥٠٠ ماڵ دەبوو. کوێستانیان لە زێڕ مەرانە.

**(٥) خێڵی ملکاری:** لە سەردەشت لە سنووری عێراق نیشتەجێن و لە ڕێگەی کشتوکاڵ و پیشە خۆماڵییەکانەوە دەژین، ژمارەیان ١١٠٠ ماڵە (٨٠).

## خێڵەکانی کورد لە خۆزستان

سەگوەند دوو لکە:

**(١) تایەفەی سەگوەندی ڕەحیم خانی (٢) تایەفەی سەگوەندی حاجی خانی.** ئەم تایەفەیە سەر بە خێڵی سەگوەندی لوڕستانە، کە لە ناوچەی شووش لە کەناری ڕووباری هەرمووش کە لە ڕووباری کەرخەوە جودا دەبێتەوە، دادەنیشن. دەوڵەت لە ساڵی ١٣٠٨ی هەتاویدا ئەم تایەفەیەی بۆ ئەم ناوچەیە ڕاگواستووە چونکە سەرۆکەکەیان بە ناوی سادق خان لە حکوومەت یاخی بووە.

تایەفەی سەگوەند ڕەحیم خانی لەم تیرانە پێک هاتووە:

مەختو، قولی، عەلی دۆست، حاجی مشە، سەگوەند خوردە، خودا وەردی محەمەد، حاجی کولی، مەهدی خانی و شەغیل.

هەروەها تیرەی تریش گەیشتوونەتە ئەم تیرانە کە بریتین لە:

ئەینەڵوەند. کولی وەند، نۆکەرەمەران، ماڵەمیر، چناڵ، لیوە دەلی، کورد، سیلۆرزی، ساکی و رەشنو، دل، ژمارەیان لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاویدا نزیکەی ١٩٩٩ ماڵ (١١٩٩٦) کەس بووە.

**(٣) تایەفەی ئەملە:** خەڵکی ئەم تایەفەیە لوڕن «لوڕیش کوردن»، سەرکردەکانیان لە لوڕەکانی پشتکۆی ئیلامن کە لە ساڵی ١٣٦٣ ی هەتاویدا بۆ خۆزستان کۆچیان کردووە و کاری کشتوکاڵی دەکەن، لە دەوروبەری شووش دادەنیشن و ژمارەیان لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاویدا ١٢٥٩ماڵ (٧٥٥٥ کەس) بووە [٨١].

**(٤) تایەفەی جانکی(** جوانکی): ئەم تایەفەیە لە داوێنەکانی رۆژئاوای بەرزاییەکانی مانگەشت لە نێوان خاکی بەهمەیی، ماکومەند و جانکی نیشتەجێن، کە لە ساڵەکانی ٥٧٥ و ٦٠٥ی کۆچیدا، بۆ ئەم ناوچەیە کۆچیان کردووە، تیرە سەرەکییەکانی جانکی بریتین لە بڵباسی، جەلالی، زەنگەنە، کورد، شیر ئەلی و مەبینی.

**(٥) تایەفەی لورکی:** ئەم تایەفەیە لە ناوچەی ئەبولفارس لە نزیکی بەهبەهان نیشتەجێن، ژمارەیەکیشیان لە دەوروبەری حەفتگل و مەسجید سولەیمان و شوشتەر دەژین، ژمارەیان لە ساڵی ١٣٢٠ ی هەتاویدا لە نێوان ٥٠٠٠ تا ٧٠٠٠ ماڵ بووە، خەڵکی لورکی بە تورکی و فارسی گفتوگۆ دەکەن.

## تایەفەکانی کورد لە فارس

**(١) خێڵی بەختیاری:** ئەم خێڵە لکێکی سەر بە لوڕە، کە لە حەفت لینگ و چارلینگ لە فارس دەژین و لە گەورەترین خێڵەکانی پارێزگای فارسن، لوڕ لە رەگەزدا کوردن.

(أ) تایەفەکانی کە لە حەفت لینگ دادەنیشن بریتین لە: زراسوەند، دینارانی، باداروەند، ئەحمەد خوسرەوی، بابە ئەحمەدی، دورکی، بابایی و بەختیار وەند.

(ب) تایەفەکانی کە لە چارلینگ دادەنیشن بریتین لە مەحموود ساڵح، سەوگەیی، میحوەند، گیانیرسی.

تایەفەکانی بەختیاری لە رێگەی کشتوکاڵ و ماڵداری و پیشە خۆماڵییەکانەوە ژیان دەگوزەرێنن. کوێستانیان لە گەوهەربەگ و دەوروبەری رووباری زانیدەرووود و داوێنی چیای زەرد کۆیە و، گەرمیانیان لە دەوروبەری ئەهواز و کاروون و شعێبیە.

ژمارەی ئەم خێڵە لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا ٣٦٣١٨ ماڵ و لە ساڵی ١٣٥٦دا ٧٦٠٠٠ ماڵ و لە ساڵی ١٣٦٣یشدا ٨٩٠٥٤ ماڵ بووە (٨٢).

## تایەفەکانی کورد لە بلووجستان

کوردەکانی بلووجستان لە سنگانی سەر بە شاری خاش، لە داوێنی باشووری تەفتان و زابلیی سەر بە شاری سراوان و هەندێکیشیان لە سیستان دەژین.

**تیرەکانی تایەفەی کورد لە بلووجستان**

بریتین لە: سوهراب زایی، میرە بلووچ زایی، مستەفا زایی گەدازایی، شا کەرەم زایی، ئەڵڵا رهسان زایی ، جەمال زایی، عەلەم خان زایی، دوڕ زادە، عوڵام رەسان زایی ، شەداد زایی، سەید خان زایی، سالار زایی، عجلی خان زایی، میر یەحیا زایی، ناگزی زایی، موراد زایی، گول مەحموود زاییی، رووبایی، شاموراد زایی، گەند گدازایی، بولگەک زایی، مەتیم زایی، عەجەب زایی، کەرەم زایی ناروزایی کە ژمارەیان لە ساڵی ١٣١١ی هەتاویدا ١٠٠ ماڵ و لە ساڵی ١٣٤٨ یشدا ٨٠٠٠ کەس و لە ساڵی١٣٦١ دا نزیکەی ٨٠٠ ماڵ بووە (٨٣). تایەفەکانی زەند و لاشاری سەر بە لوڕن، لوڕیش بە ڕەچەڵەک کوردن (٨٤).

## خێڵ و تایەفەکانی کورد لە لوڕستان

هەروەکوو پێشتر دەرمان خست، تایەفەکانی ئەلواریش کوردن، گرینگترین خێڵ و تایەفەکانی لوڕستان ئەمانەن:

١. **خێڵی حەسەنوەند:** ئەم خێڵە لە دەوروبەری ئەلشتەر نیشتەجێیە و کوێستانیان لە دەوروبەری رووباری رووکەمان و ژێریان و چەم تەکڵەیە و گەرمیانیان لە تەنگەمادودی و دەوروبەری پردی پول دوختەر و دەشتی گایدە و داوێنی باکووری چیای کۆوەکوڕ و پردی پول زال دەبێت. ژمارەیان ٥٠٠٠ ماڵە و لە ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویدا ٩٢٣ ماڵیان کۆچەر بوون.

تیرەکانی ئەم تایەفەیە بریتین لە: کاکەوەند، خەمسە، بە سووم یا بەستام و، تیرەکانی تری سەربەخۆ لە لوڕستان بەم جۆرەن: مامەوەند، کولیوەند، یوسفەوەند، لە ناوچەی دلفان کە لە رێگەی ماڵداری و کشتوکاڵەوە دەژین، هەروەها تیرەکانی: دلوەند، تاجوەند، مزەفەروەند، باریکوەندیش لە دەوروبەری کاکەوەند کاری ماڵداری و کشتوکاڵ دەکەن.

تایەفەکانی کوردی ئەلوار لە ئەلشتەر، بروگەرد، چگنی، کەڵوڕ و ئەوانەی پێشووتریش لە پشتکۆی لوڕستان دەژین.

## پەراوێز و سەرچاوە:


(١) مردوخ کردستانی، تاریخ کردستان ج١، تهران ١٣٣٥، ص٥١.
(٢) یاسمی، رشید، کرد، امیر کبیر، تهران ١٣٦٣، ص١٩٤.
(٣) همو، همان کتاب،ص ٢٠٧
(٤) بدلیسی، امیر شرفخان، شرفنامه، نشر علمی، تهران ١٣٤٣.
(٥) صفی زاده، فرهنگ ماد، کردی بفارسی، عطایی، تهران ١٣٦١، ص٢١ ـ ٢٥.
(٦) ملکونف، سفرنامه، تصحیح مسعود گلزاری، دادجو، تهران ١٣٦٤، ص ٢٠٣.
(٧) رابینو، گیلان، جعفر خمامی زاده، تهران ١٣٥٧، ص ١٣٨.
(٨) ص ـ ١٠٧ جلد اول، از استاراتا استارا اباد، دکتر موچهر ستوده، انجمن اثار ملی، «ناماژەی بەناوی تایەفە و خێڵەکانی شاندرمن نەکردووە».
(٩) همو، همان کتاب، ص ٢١٤.
(١٠) همو، همان کتاب، ص ٣٢٥.
(١١) توحدی، کلیم اله، حرکت تاریخی کرد خراسان، مشهد ١٣٦٤، ص ٥١٠.
(١٢) همو، همان کتاب ص ٦٣. نقل از مردم قزوین ـ دکتر ورجاند ١٣٤٩ ص ٤٥٦.
(١٣) توحدی، کلیم الله، همان کتاب ج١ ص ٤٦.
(١٤) فرهنگ مصاحب ج١ ص ١١٩٠.
(١٥) رابینو، همان کتاب ص ٢٤٤.
(١٦) ملگونف، همان کتاب ص ٢٠٠.
(١٧) توحدی، کلیم اله، همان کتاب ص ٤٥٦.
(١٨) ملگونف، همان کتاب ص ١٠٢ و ٢٠٠.
(١٩) همو، همان کتاب ص ١٠٤
(٢٠) رابینو، مازندران و استر اباد، وحید مازندرانی، نشر کتاب، تهران.
(٢١) مجتهد زاده، پرویز، شرستان نور، تهران ١٣٥١ ص ــ.
(٢٢) عسکری، علی بابا، بهشهر، تهران ١٣٥٠، ص ٢٧٨ و ٣٨٣.
(٢٣) بامداد، مهدی، شرح حال رجال ایران، جلد ١، زوار، تهران ــ، ص ٣٠٤.
(٢٤) همو، همان کتاب، ص ٣٠٤.
(٢٥) منظور ناصرالدین شاه است.
(٢٦) ستوده، منوچهر، از استارا تا استراباد، انجمن اثار ملی ایران، جلی ٣، تهران ــ، ص ــ.
(٢٧) رابینو، گیلان، ص ٣٠٦.
(٢٨) تاریخ ادبیات مازندران ـ تالیف سید محمد کاظم مداح خطی
(٢٩) سعیدی، محمد علی، تاریخ رامیان و فندرسک، (بی تا) تهران ١٣٦٤، ص ١٤.
(٣٠) معینی، اسداله، گرگان و دشت، تهران ١٣٤٤، ص ١٦٧.
(٣١) ستوده، منوچهر، همان کتاب ص ٦
(٣٢) کیهان، مسعود، جغرافیای مفصل ایران ص ١١١ و توحدی همان کتاب و سفرنامه ناصرالدین شاه ص ١٩ ـ ٢٣ ـ ٣٧
(٣٣) توحدی، کلیم الله، همان کتاب ص

(٣٤) مردوخ، همان کتاب ص ١١٣

(٣٥) لە لاپەڕە ٢٠٧ی کتێبی «کورد» لە نووسینی ڕەشید یاسیمی، چاپی ئەمیر کەبیر ساڵی ١٣٥٣دا هاتووە کە:«شائیسماعیلی یەکەمی سەفەوی لەدووای سەرکوتی یاخییانی کوردستان، حاجی رۆستەم بەگی لە خێڵی چەمووش گەزەگ کرد بەسەرۆکی شانازیی ئەوخێڵە».

(٣٦) بدلیسی، شرفنامه، علمی، تهران ـ ١٣٤٣

(٣٧) توحدی، کلیم الله، همان کتاب، ص ٩ ـ ١٠

(٣٨) همو، همان کتاب، ص ٥١١

(٣٩) ص ٥١٠ کتاب حرکت تاریخی کرد، تالیف کلیم الله توحدی چاپ مشهد (١٣٥٩) به نقل از ص مطلع الشمس.

(٤٠) همو، همان کتاب، ص ٥١٢.

(٤١) کیهان، مسعود، جغرافیای مفصل ایران، تهران، ص١١.

(٤٢) بامداد، مهدی، همان کتاب، ج ـ، ص ٧٦ ـ ٩١.

(٤٣) همو، همان کتاب، ج١، ص ٤٩٠.

(٤٤) همو، همان کتاب ج٢، ص ٢٢٧

(٤٥) بۆ ئامادەکردن و ڕێکخستنی بیۆگرافیای خێڵ و تایەفەکانی کوردی خوراسان، قوچان، رادکان، چناران، باجگیران، شێروان،ئەسفەراین لەکتێبی «کتاب حرکت تاریخی کرد تالیف کلیم الله توحدی چاپ مشهد ١٣٥٩» بۆ بگنورد لە کتێبی « بجنورد از کتاب فرهنگ عامه اداره کل فرهنگ خراسان چاپ ١٣٤١ و گلمکان مشهد از سفرنامه ناصرالدین شاه چاپ بابک تهران» سوود وەرگیراوە.

(٤٦) ص ١٢ کتاب ایل ها و طایفەهای درگز تالیف سید علی میرنیا چاپ ١٣٦١ مشهد

(٤٧) اسکندر منشی، عالم ارای عباسی، امیر کبیر، تهران ١٣، ج٢، ص ٦٣١

(٤٨) میرنیا، شید علی، ایل ها و طایفەهای درگز، ج١ مشهد ١٣٦١، ص١٢.

(٤٩) بامداد، مهدی، همان کتاب، ج١، ص٣٠١.

(٥٠) ٢ ـ قسمتی از این طایفەها با استفاده از تحقیق اقای توحدی در جلد ٢ حرکت تاریخی کرد در خراسان چاپ ١٣٦٤ ثبت شد.

(٥١) پاپلی یزدی، محمد حسین، مجله دانشکده ادبیات و علوم انسانی شماره مسلسل ٦٥ سال ١٧ بهار سال ١٣٦٣ (مقاله) ص ٧ ـ ٨.

(٥٢) همو، همان مجله، مقاله ص ٩ ـ ١٠ به نقل از ـــ

(٥٣) همور همان مجلەو مقاله ص ١٥ ـ ١٦.

(٥٤) نقل به اختصارو از توحدی، حرکت تاریخی کرد، ج٢ وذخایر انقلاب شماره ٦ مقاله توحدی «دگرگونی مراتع عشایر کرد خراسان...» ص ٩٧.

(٥٥) بدلیسی، امیر شرفخان، شرفنامه، نشر علمی، تهران، ١٣٤٣

(٥٦) بدلیسی، شرفنامه، علمی، تهران ـ ١٣٤٣

(٥٧) افشار سیستانی، ایرج، چادرنشینان و طایفەهای عشایری ایران، مؤلف، تهران ١٣٦٦، ج١، ص٢٦٣.

(٥٨) کیهان، مسعود، جغرافیای مفصل ایران، جلد ٢، ص ٦١ ـ ٦٢.


(٥٩) افشار سیستانی، ایرج، چادرنشینان و طایفەهای عشایری ایران، ج١، ص ٢٨٩

(٦٠) مجموعه اطلاعات وامار ایل ها و طایفەهای عشایری ایران، ص ٢٨.


(٦١) ایران شهر، ج١، ص ١٣٥.

(٦٢) افشار سیستانی، ایرج، چادرنشینان و طایفەهای عشایری ایران، ص ٣٠٧.


(٦٣) جغرافیای کیهان، ج٢، ص ٦١ ومجموعه اطلاعات وامار، ص ٢٨ وافشار سیستانی ج١، ص ٣٠٨.
(٦٤) افشار سیستانی، ایرج، نگاهی به ایلام، نشر هنر، تهران ١٣٦٦، ص ١٢٣.
(٦٥) صفی نژاد، جواد، فصلنامه ذخایر انقلاب شماره ٢، سال ٦٧. مقاله اقتصاد کشتورزی عشایر ص٤.
(٦٦) افشار سیستانی، ایرج، همان کتاب، ص ٢٤٨.
(٦٧) ایرانشهر، ج١، ص ١٢٣ وافشار سیستانی، همان کتاب، ص ٢٥١.
(٦٨) ایرانشهر، ج١، ص ١٢٨ و چادرنشینان ... ص ٢٥٢.
(٦٩) تاریخ مردوخ، ص ١٠١، چادرنشینان .. ج١، ص ٢٥٥.
(٧٠) ایرانشهر جلد اول ص ١٢٨ و چادرنشینان ... ج١، ص ٢٥٦.
(٧١) هنرو مردم شماره ٧ ص ٢٢ و چادرنشینان ... ج١، ص ١٥٩.
(٧٢) افشار سیستانی، ایرج همان کتاب ص ١٤٤.
(٧٣) همو، همان کتاب ص ١٤٨ به نقل از ایرانشهر ١٩٠، ص ١١٨.
(٧٤) همو، همان کتاب ص ١٥١ به نقل از سرزمینی زردشت ص ٦٣
(٧٥) همو، همان کتاب ص ١٨٧ به نقل از ایرانشهر ج١ ص ١٢٢ تاریخ مردوخ ١٩٠ ص ١١١
(٧٦) همو، همان کتاب ص ١٩١
(٧٧) همو، همان کتاب ص ١٩٢
(٧٨) همو، همان کتاب ص ١٩٩ به نقل از جغرافیای مفصل ایران، کیهان ج٢ ص ١٠٩ ایوانشهر ١٩٠ ص ١٢٣
(٧٩) همو، همان کتاب ص ٢٠٠
(٨٠) همو، همان کتاب ص ٢٠١ تاریخ اذزبایجان ص ١٩٥
(٨١) همو، همان کتاب ص ٤٢٨
(٨٢) همو، همان کتاب ص ٤٧١
(٨٣) همو ، همان کتاب ج٢ ص ٩١٨
(٨٤) منابع و ماخذ عشایر ایران دبیرخانه شورای عالی عشایر، تهران، ١٣٦٦ ص به نقل از جعفری، علی اکبر، مقاله بلوچ و بلوچی، مجله سخن، دور ١٤ شماره ٩ و ١٠



شەنەبای خەرمان لە مانگی خەرماناندا
«زۆربەی گوندانی کوردستان»



ڕەشماڵی عەشایەری نیوچە کۆچەر، خێڵی گۆران ـ تایەفەی قەڵخانی



## پێناسەی وەرگێڕ
# شەوکەت شێخ یەزدین

ساڵی ١٩٥٤لە شاری «**تاشقەند**»ی پایەتەختی ئۆزبەگستان لەدایک بووە. باوکی ئەو کە خەڵکی گوندی «**داویدکە**»ی مزووریيە لەکوردستانی عێراق، یەکێک بووە لەو پێنسەت کەسەی لەگەڵ «**سەرۆکی نەمر بارزانی**»دا لەکۆچە مێژووینەکەدا چووە بۆ یەکەتیی سۆڤیەت.

ڕێزدار شەوکەت، لە شۆڕشی مەزنی **ئەیلوول** بەشدار بووە و، دووای نووچدانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥دا لە ئێران نیشتەجێ بووە. پاشانیش لە ساڵی ١٩٧٩وە تا ڕاپەڕین و ئەمڕۆ لە بەشە جیاجیایەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا خەباتی کردووە و، ئێستە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندییە.



F. 1

